فۆبیا لە فۆشەلی نەوشیروان و گۆران!... کامیار سابیر

فۆبیا (Phobia)، ترس و دڵەڕاوکێ و نیگەرانیی لە شتێ، لە دۆعایەک، لە دیاردەیەک یان لە رووداوێک ئاگایەنێت کە مرۆڤ، تووشی دڵخۆی تەقیین، شڵەژان، بەمتمانەیی و سڕگەردانیی ئەکات. هاوکات، هەستیاریی و قەڵەقیی بەردەوامی بە دروست ئەکات و ناتوانێ بەیار لەسەر شتێ بدات کە ئەو فۆبیایە لە مەنتاڵیتیی ئەو کەسەدا گرای ترسی خستووە. لە هەلومەرجی سیاسیی هەرەمی کوردستانی عێراقدا، سیاسەتکردن، یان هەنگاونان بەرەو ئاوەڵی کە چەند کەسێک یان گرووپێک هەستن بەسەرپەرشتنی ڕەهەندێکی سیاسیی و گوتارێکی سیاسیی جیاوازتر، یەکسەر و بە سەد و دوو، لاگۆ فۆبیایەکدا، دەرگییر ئەبێت (بە تاک) و ئەبن (بە کۆ) کە کەس ناتوانێ تەجاوزی نەوشیروان بکات؟! لەبەرامبەر ئەم دەستاتەدا، نەوشیروان هیچی پێ نەکرا، بە دەنیاییەوە، بە کەسیتریش ناکرێ! بەو کاریزما و توانا سیاسیی و عەسکەریی و جەماوەرییەی نەوشیروان، هیچ لاگۆ ئەم دوو حیزبە نەکرا، ئەبە هەرکەسە بییر لە ئۆپۆزیسیۆنبوون بکاتەوە، هەزارویەک پرسیار لەسەر فۆشەلی گۆران و نەوشیروان لە خێی بکات؟ ئەوکاتیش هەنگاوێ بە دواوە بنێت و دەست بەکاوی خۆیەوە بگرێت و عاقڵمەند، دانیشێت!

ئەوانەی سەرەوە و هەزاران ریوایەتی تری لەو جۆرە، بەشێکی زۆر لە مەدیا سەبەرەکانی دەستات و کەسایەتییە سیاسییە پییرەکانەوە، بەردەوام تەخشان ئەکرێن، بەنام بەشێک لەوانەی خەیان بە ڕەخنەگر و ناڕازیی و بگرە ئۆپۆزیسیۆنیش ئەزانن، بە لا ئیرادیی بێت یان لە خەیان رانابیینن، هەمان فۆبیا بەاو ئەکەنەوە کە کەس ناگات بە قوولیی قافی نەوشیروان و هەرکەسەکیش بییر لە ئۆپۆزیسیۆن بکاتەوە، حیزب دابنێ یان لیست دابنێ، ئەوە چارنووسی بە فۆشەلکانی نەوشیروان، مەحتوم ئەبێت. کارساتەکە لەوەدایە زۆرێک لەوانەی خەیان بە قائید، بە نوخبە، بە کادیر و بە مەیداندارێ سیاسیی ئەزانن، ئەم فۆبیایانە لە دەستات، باشتر تەخشان ئەکەن و ڕاستەوخۆ بە خەڵک و بە دەستاتیش ئەڵێن، ئەمە ئۆهلی ئۆپۆزیسیۆن نییە و گۆ بە ئۆپۆزیسیۆن ئەکەین و بە شێوەیی، کارتی تەسلیمبوونیان، بەند کردووەتەوە.

شەواز و تایبەتمەندیی بییرکردنەوە و ڕەفتاری خودگرایی و سیاسیی

(ئیدیۆسینکرەسیIdiosyncrasy) نەوشیروان، پێش هەموو شتێ، تایبەتمەندیی ئەپزیسیۆنبوون نەبوو لە سیستەم و مەدیلی دەسەڵات و چەتەگەریی ئابووریی‌کە، بەڵکو ئەو خاڵی بە بەشەک لەو سیستەمە سیاسیی و کولتووریی و کۆمەڵایەتییەی کوردایەتیی ئێزمارد ئەکرد و خۆنی بەوە ئەبینی کە ریفەرم لە حکومەتی هەرێم و حیزبەکاندا، بکرێن و چاکسازیی سیاسیی و ئابووریان تێدا بکرێت! لە واقیعدا بە شیعار و بە حەماس و پێپولیزم ئەوانەی ئەویست، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع، کەاوی خستە سەر حیزبەکە(گۆران) و جەماوەرەکەیشی، هەروەکو کاتی خۆیشی کەاوی خستە سەر ڕەکخراوەکی گۆڕی وەکو کۆمەڵەی ڕەنجدەران کە خاڵی قەناعەتی بە پرەنسیپە سیاسییەکانی کۆمەڵە نەبوو، هەزاران کەسیش لەسەر کۆمەڵە تێداچوون، بەڵام عاقیبەت ئیعتیرافی کرد کە ئەو کۆمەڵە نەبووە و لە لایەن تاڵەبانییەوە، مەئموورییەتەکی پێسپێردراوە و بە سکرتێری کۆمەڵە، تەعیین کراوە.

هەمان شتی لە گۆرانیشدا دووبارە کردەوە، بەڵام ئەمجارەیان، خاڵی ماستەرماینەد و ئێندازیاری ئەم کەاولەسەرکردنە بوو، هەمان شتی کرد کە جەلال تاڵەبانیی لە دروستبوونی یەکێتییدا کردی و تەنیا حیزبی بە خاڵی دروست کرد. ئەوە، کادیرە گەنج و بە تەجروبەکانی کۆمەڵە و شەشگۆڕان و خەتی تەسک و پان، تایبەت و گشتیی بوون لە عەبقەریەتە سیاسییەکەی جەلال تاڵەبانیی ناگەیشتن و باجی ئەو تەنگەیشتنەیش ئەو کوردستانە وەرانەیە، ئەو زەلیلبوونەی ناوچەکانی خەیان و خەڵکەکەیەتی، هەروەها ئەو یەکێتییەی کۆانی تاڵەبانیی و منداڵەکانی ئیبراهیم ئەحمەد و ئەو هەموو مەکتەب سیاسیی و سەرکردایەتییەیە کە چەن حیزبەکەیان جڵەو بکرێ و بە کوڵ لەبخودرێ، بەس پارەی مانگانەی بەردەوامیان هەبێت و ئەو ژیانە گەندەڵییەی پەکەوەیان ناوە، لەیان تەکنەچێ، لە دوور و نزیکەوە، پەوەندییەکیان بە پرەنسیپی سیاسیی و ئەخلاقی سیاسیی و ئاییندەی خەڵکی کوردستانەوە، نە بووە نە ماوە. هەمان طاس و حەمامیش بە گۆرانیی ئەستا، بەس شەراکەتیی بیزنەس و دزییەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتدا، لەتەکنەچێ، نەک باکیان بە خەڵک نییە، بەڵکو باکیان بە توراثی قائیدە ڕەحیمەکەی خەیشیان، نییە.

پاش چل ساڵ خەلفەیی بە مام جەلال، نەوشیروانیش تێگەیشت کە سیاسەت لە کوردستان و ناوچەکەدا ئەوەیە کە وەکو ماڵی بارزانیی و ماڵی تاڵەبانیی، حیزبێک بە خەت و منداڵەکانت دروست بکەیت، ئەو هیچ کاتێ بە شوێن ئەوەوە نەبووە کە فەرمانەی فیکرێکی سیاسیی جیاوازتر بکات و لە هەڵە گشتیی و ڕەسمییەکانی مەنظومەی کوردایەتیی دەربچێ،

هیچ کاتێکیش بە شوێن ئەوەوە نەبووە کە بەڕێنە ریفەرمخوازییەکانی جێکەوت و تەنفیذ (implementation) بکات. سیاسەتیش لە یەک دەدا، فەرمانی پەیسی(سیاسەت) و تەنفیذکردنی فەرمانە تیۆریییەکەیە، فشەلەکەیشی، لە ئاستێکی گشتیی و سیاسیی وردا، بەر ڕژێف نەدراوە و تەنیا و تەنیا ئەوە دووبارە ئەکەنەوە کە فشەلی گەیان بە چوونە ناو حکومەت و ناڕەشنیی لە تەوریثی سیاسییەکەیدا، گەیانی بەو دەردە برد. لە واقیعدا، ئەمانەی خوارەوە، فشەلی حەتمیی نەوشیروان و گەیان، ئەخەنە ژێر چەنووکی مێژووەوە.

1. نەوشیروان، سیاسیی بوو، موناوەرەی باشی ئەکرد، بەڵام دیپلۆماسیی نەبوو، حەماسیی بوو، بەڵام پشوودرێژ نەبوو، لە پەوەندییە نەودەوەتیی و ئیقلیمییەکان ناگەیشت، یان گوێی پێ نادان، بە تایبەتیی لە ڕەهای ستراتیژیی و عومقی ئەمنیی ئێران لە زەنەکەی خەیدا، خەی نەبان ئەکرد و بە حەماسی کوردایەتییەوە، بە عەقییەتی حەفتاکان و هەشتاکانەوە، دیپلۆماسییەتی ئەکرد کە زەرجار لەسەردەمی گەیانیشدا، سیاسەتکانی بە قازانجی ڕەقیبەکانی(پارتیی) شکاوەتەوە. بە نموونە، تەوجوهی حیزبە عێراقییەکانی (عێراقی دوای ٢٠٠٣) بە هەڕەم ڕەت ئەکردەوە، بەڵام عەلیی حەمەصاڵح و ئاشتیی هەورامیی، بردیانە سەر زەی نەوتی کوردستان(بە ناوی سەربەخۆیی ئابووریی‌یەوە) و کەوتە ناو ئەجێندەاکانی پارتیی و تورکیاوە.
2. فیکری سیاسیی کەم تا زۆر نەبوو، هەندێ شیعاراتی وەکو نیشتمانییبوون و هەزی نیشتمانیی و ریفەرمی سیاسیی، بە دەرخکراویی ئەگوتەوە، بەڵام لە ناو تەونی جاجاکەی کوردایەتییدا، یەقی کردبووەوە. لە هەموو تەمەنی سیاسیی خەیدا، نەیتوانی لەگەڵ چوار سیاسیی ناو عێراقدا(عەرەب و تورکمان و مەسیحیی..تاد) تەبایی سیاسیی دروست بکات! هاوکات، بەو تەمەنە زۆرەی خەیەوە، جگە لە گوتار بە ئەدەبی سیاسیی کوردایەتیی، چوار گوتاری فیکریی(فیکری سیاسیی) نییە کە توانیبێتی لە دەرەوەی مەنظومەی کوردایەتیی، نیشتمانییانە و عێراقییانە، بییر بکاتەوە. بە گشتیی، جیاوازیی سیاسیی و فیکریی لەگەڵ پارتیی و یەکێتیی نەبوو، بەڵکو بە شوێن ئەجێندای شەخصیی خەیەوە بوو.
بە کورتییەکەی، وەڵای فشەلی گەیان لە حکومەتدا، بەهەی ئەوەی زەرینەی ڕەهای کادیر و قیادییەکانی گەندەڵ بوون، وەڵای تەوریثی سیاسیی بە ئەنقەست، بە بەمەست و بە بەرنامەی

پشوختەوە، ویستی خەی بووە و وەکو پرۆژە، کاری بۆ کردبوو، فیکری سیاسیی جیاوازتری لە ئەدەبییاتە سیاسییەکەی کوردایەتیی پێ نەبوو، هاوکات، دیپلۆماسیی نەبوو، لە رێی هەژە ئیقلیمییەکان و عومقی ستراتیژیی عێراق تێناگەیشت(یان نایەویست). لێرەدا گرنگە ئاماژە بووە بکرێ ئەوکاتی لە یەکێتییدا بوو، پێیوابوو ئەوە بەغداد و حکومەتی عێراق، ئەتوانن هەرەمی کوردستان لە هەمبەر تورکیا بپارێزن، واتە باوەڕی بە عومقی ستراتیژیی بەغداد هەبوو! بەڵام غوبنە نەتەوەیی و نەژادییەکەی، هەروەها سیحری دەوڵەتی کوردیی و پرۆژەی چەتەگەریییەکەی ئابووریەکەی مەرجەعی کوردایەتیی، لە دیینی وەرگەڕایەوە و جارێکیتر پێش مردنی، بە ناو بازنەی بەفیکریی و وەهمە حەلحەلییەکانی کوردایەتیی، گەڕایەوە.

لە کۆتاییدا، ئەوە پارتیی و یەکێتیی نەبوون، گەڵانیان تێکشاند، بەڵکو ئەوە نەوشیروان بوو، نەیتوانی چوار پیاو و ژنی شەریف، نە لەناو کەمەڵدا و نە لەناو گەڵاندا، دروست بکات کە ئەخلاقی سیاسییان هەبێت و دوای پارە و پست و لەذەت و هەواجسی دونیا و مەتاعەکانی نەکەون، خەریکی فیکری سیاسیی و بەرنامەی سیاسیی و دژایەتیی گەندەڵیی بن و لە بەرەی نەوزایەتییەکانی خەڵکدا بمێننەوە. ئەوە نەوشیروان خەی بوو، بە ئەنقەست، پیاوی لاواز و نەفسنزم و ماستاوچیی لەدەوری خەی کۆئەکردەوە و بە پێپولیزمیش ئەیگوت، رقم لە ماستاوچیی و لەوانەیە کە دوای پارە ئەکەون. هاوکات، ئەو هەموو گەندەڵ و دز و پارەپەرستەی لە خەی کۆکردەوە کە بە هەموو ئەندام پارلمانەکانی خوولەکانی پێشوو و ئێستایشەوە، دوو پیاوی صادق و رەشیدیان تێدا نەبوو، هەموویان تێسلیمی پارە و مەتاعی دونیا بوون و خەریکی ژیانی تایبەتیی خەیانن. زەربەی هەرە زەریان دەعمی تەوریژە سیاسییەکەیان کرد و ئەو گرووپەی بە گرووپی قادری حاجیی عەلییش ناسراوبوون، بە بەرنامە کەوتنە وەزیان و دووریان خستنەوە(هەرچەندە ئەوانیش تا ئێم کاتەیش، ئاهەکی فیکریی و سیاسیی جیاوازتریان بە بەردا نەهاتووەتەوە).

بە کورتییەکەی هەر کەسانێک و گرووپێک بیانەوە حیزبێک، یان رەوتێکی ئیپزیسیۆن، یاخود بە ئایینده، لیستی هەڵبژاردن دروست بکەن، ئەگەر تەجاوزی ئەو فەبیایە نەکەن کە لە فەشەلی نەوشیروان و گەڵاندا، لە پانتایی سیاسیی کوردییدا لە کورستانی عێراق، جێکەوت بووە، ئەگەر عوقدە قەومیی و نەژادییەکانی نەوشیروان، تەجاوز نەکەن و بەر رەخنەی فیکریی و سیاسیی نەدەن، ئەگەر بە رەشنیی و بە

شەفافیی و جەریینانە، هەڵگری گوتارێکی سیاسیی جیاوازتر لە گوتاری زاڵی کوردایەتییە تیجارییی و پڕکسییەی پارتیی و یەکێتیی نەبن، ئەگەر جەریینانە و عەقڵانیی و واقیعییانە، عێراقییانە و نیشتمانییانە بییر نەکەنەوە و هەر خەریکی گێڕەی پانکوردیزم و خورافاتی دەوڵەتی کوردیی و شیعراندنی ئەدەبییاتی سیاسیی و ریتەریکی خەخواردنەوە بن، ئەوە بگومان، لە حەڵەزەنی گەلان و نەوشیروان و ریتەریکانی کوردایەتیی دەربازیان، نابێت.
هاوزەمان، ئەو فەبیایە لە فشەڵی سیاسیی دە – دوازدە ساڵی گەلان، بڕەکیان بڕنادات و هیچیشیان پێ ناکرێ. عاقیبەت، هەرگرووپێک بیانەوێ بییر لە ئەپزیسیۆن بکەنەوە، ئەبێ گوتارێکی سیاسیی جیاوازتر لەم گوتارە نەژادیی و طائیفییەی کوردایەتیی هەبگرن، نیشتمانییانە و عێراقییانە بییر بکەنەوە و خەیان بە عێراقیی بزانن، ئەگەر نا، بە هەمیشە لە لەکاییزمی کوردایەتییدا ماخۆلانیان ئەبێت و ئەمەیش ڕێک بە قازانجی پارتیی و یەکێتیی ئەشکێتەوە و ئەو شەخنشیینییە سیاسییەی هەرەم، درێژەی ئەبێت و خەڵکی کوردستان، زۆلیلتر و بێچارەتر ئەبن و کۆان و نەوەی بنەماڵەکانیش، ڕێژەی میلیارد دۆلارکانیان، زیاتر و زیاتر ئەبێت و هەرەمی کوردستانیش، بە تەواویی ئەبێتە کۆڵنییەکی ڕاستەوخۆی تورکیا، ئەوکات، مەگەر تەنیا و تەنیا بە زەبری هێز، دەوڵەتی عێراق، دەخاڵەت بکات و کۆتایی بەم حوکمانییە بنەماییە فاشیل و پڕکسیانە، بهێنێت.

کامیار سابیر

ئاگاتا کریستیی و عیراق… ئەردەلان عەبدوڵا

ئاگاتا کریستی یەکێکە لە ڕەماننووسە ناودارەکانی بەریتانیا و جیهان، لە ساڵی 1890 لە باشووری بەریتانیا لەدایک بووە و لەساڵی 1976 کۆچی دواییکردووە. ئەو بە دایکی ڕەمانی پۆلیسی دادەنرێت و خاوەنی 66 ڕەمانی پۆلیسییە و 14 کۆمەڵە چیرۆکی بەاوکردەتەوە، بە زەربەی زمانەکانی جیهانی کارکانی وەرگەڕاوە لە تەواوی جیهاندا کتێبەکانی ژمارەی پەوانییان تێپەڕاندووە سەرو 2 ملیارد نوسخە لە

کتێبخانەی چاپ و بڵاکراوەتەوە، بەمشێوەیش دەبێتە یەکەمین نووسەری جیهان لەرووی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبەکان.

ئاگاتا کریستیی و عیراق

ئەوەی مایەی سەرنجە ئەم ژنە ڕۆمانووسە بەریتانییە پەیوەندییەکی ئەجگار تایبەتی هەبووە لەگەڵ خەرهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتیی و عیراق بەتایبەتی. لەڕ دووەم مەردی دەناسێت و لەڕشەوە یەکێک لە چیرۆکە خۆشەویستییەکانی دەستپێدەکات. ئاگاتا کریستی لە ژیانیدا دوو ڕۆمانی لەبارەی عیراقەوە نووسیوە، یەکەمیان بەناونیشانی تاوانێک لە میزۆپۆتامیا Murder in Mesopotamia کە لە ساڵی 1936 دا بڵاویکردەتەوە، یەکێکە لە ڕۆمانە ناسراوەکانی لە جیهاندا و کراویشە بە فیلم. زۆرجاریش ئەم ڕۆمانە بە ناونیشانی " تاوانێک لە عیراق" وەرگێڕاوە بە زمانی عەرەبی. دووەمین ڕۆمانیشی بەناونیشانی دیدارێک لە بەغداد They Came to Baghdad کە لە ساڵی 1951 دا بڵاویکردەتەوە، ئەمیش یەکێکە لە ڕۆمانە جوانەکانیی.

پەیوەندی شەخسی

ئاگاتا کریستیی پەیوەندییەکی تایبەتی بە عیراقەوە هەبووە. ساڵی 1928 لەمەردی یەکەمی جیا دەبێتەوە، پاشان ساڵی 1929 سەردانی عیراق دەکات و دەچێتە ناوچەی ئوری مێژوویی، کەلەو کاتەدا لەلایەن شوێنەوارناسی بەریتانیا لیۆنارد ویلی سەرپەرشتی دەکرێت. لەو ماوەیە لەوە دەبێت، لیۆنارد ویلی داوا لە ماکس مالوان شوێنەوارناس دەکات، کە هاوڕێیەتی ئاگاتا کریستی بکات و شوێنە گرنگەکانی عیراقی پێ بناسێت، لەڕشەوە چیرۆکەکی خۆشەویستی لە نێوان کریستیی ئەم شوێنەوارناسەدا پەیدا دەبێت. پاشان ساڵی 1930 ماکس مالوان دەچێتە لەندەن و ئاگا کریستی دەخوازێت. پاشان لەگەڵ مەردە نوکەیەدا دەگەڕێتەوە بە عیراق و زۆر شوێنی ئەم وڵاتە دەبینێت و هەر لە باشوورەوە بە باکوور، ماوەیەکی زۆریش لە دەروەوبەری شاری موسڵ دەمێنێتەوە.

پاشان ساڵی 1931 و 1932 دەستدەکرێت بە پشکنین بەدوای شوێنەواری عیراق لە شاری موسڵ، لەوکاتەدا ئاگاتا کریستی لەگەڵ مەردەکەی دەبێت و هاوکاری دەکات و زۆرجار پارچە شوێنەوارەکان پاک دەکاتەوە یان فۆتۆیان دەگرێت. پاشان دووبارە ساڵی 1933 و 1934 دێتەوە عیراق، ماوەیەکی زۆریش لەگەڵ مەردەکەی دەبێت لەناوچەی " تل عربجیة" . پاشان ساڵی 1947 ماکس مالوانی مەردی دەبێتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی بەریتانی بە شوێنەوار لە عیراق، کە سەرپەرشتی هەموو تیمەکانی گەڕان و پشکنین بەدوای شوێنەواری عیراق دەکات،

بەتایبەتی هەمەتی پشکنین بەدوای شوێنەواری ناوچەی نەمورد کە لە ساڵی 1948 ەوە تاوەکو 1958 ی خایاند.
ئەم پێوەندییە ڕەحیبە، کاری کردەتە سەر ئەم ژنە، دەتوانم بەم کاریگەرییەکی باشی هەبووە، بەیە توانیوێتی دوو ڕەمانی جوان بەناوی عیراقەوە بنووسێت.

ڕەمانی تاوانێک لە عیراق
لەماوەی پێشوودا چاوم کەوت بە ڕەمانی " تاوانێک لە عیراق" کە بەزمانی عەرەبی خوێندمەوە، لەڕەدا پەمخێشە کورتەیەک لەبارەی ئەم ڕەمانەوە بنووسم، هەرچەندە تەواوی کەسایەتی ناو ڕەمانەکە ئەوروپیی و ئەمریکین بەڵام لە هەندێک شوێندا تەوانینی خێی لەبارەی گەل و وڵاتی عیراقەوە دەبەیوە.

کورتەی ڕەمانەکە
ئامی لیتەران سیستەرێکی بەریتانییە کە لە بەغدا کار دەکات، پاشان لەسەر داوای دکتەر ئیریک لایدنەر کە شوێنەوارناسێکی سویدیە، لە ناوچەی موسڵ کار دەکات و بەدوای شوێنەوارەکانی عیراقدا دەگەڕێت. ژنەکەی "لویز" بەدەست کەمەڵێک کێشەی دەروونییەوە دەناڵێنێت، بەیەدا داوا لە ئامی دەکات کە بێت ئاگاداری لویزی ژنی بێت. لویز پێش 15 ساڵ شووی بە پیاوێکی ئەمانی کردووە بەناوی فریدریک بەسنەر، ئەم پیاوە لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە ئەمریکا ژیاوەو لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کاریکردووە، بەڵام پاشان ئاشکرا دەبێت کە سیخوری بە دەزگای هەواگری ئەمانیا دەکات، بەیە دەستگیر دەکرێت و سزای لەسدارەدانی بە دەردەچێت و وەکو خائین حسابی بە دەکرێت. بەڵام بەسنەر لە زیندان رادەکات و پاشان لە ڕوودای نەوان دوو شەندفەردا، لاشەیەک دەدەزنەوەو کە ناسانەمەکی ئەوی لەسەر.
لویز لەماوەی ئەو چەند ساڵەی پێشوودا هەمیشە نامەی هەڵەشە ئامێزی لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە پێدەگات، ئەو کەسە هەڵەشەی ئەوەی لەدەکات، ئەگەر شوو بکات، ئەوا دەیکوژێت. ئەمش لویز تووشی حاڵەتێکی دەروونی خراپ دەکات. بەڵام پێش دوو ساڵ شوو دەکات بەم شوێنەوارناسە سویدییە، لەوکاتەوە ئیتر نامە هەڵەشە ئامێزەکان نەماون، بەڵام ماوەیەکە دووبارە ئەو نامانەی بەدەست دەگاتەوە.
پاش هاتنی ئامی بە هەفتەیەک لویز دەکوژرێت، ئەمش بەهەی بەکارهێنانی پارچەیەک بەردی گەورەی مەژووییەوە، ئەم کوشتنەش دەبێتە لوغز و نهێنییەکی گەورەو تەواوی ئەو کەسانەی دەوروبەری لویز هەن تاوانبار دەکرێن یان گوومانیان دەخرێتە سەر.

بەرام پاشان لەلایەن پزیشکی توکاریەوە" دکتۆر رایلی" کاتێکی کوشتنەکە دیاری دەکرێت، لەهەمووشی گرنگتر لەوکاتدا کەمیساری ناوداری بەلجیکی " هیرکیول بوارو" لە عیراق دەبێت، کە هاوڕێی دکتۆر " رایلی" یە. جێگەی ئاماژەیە ئەم کەمیسارە لە زربەی رەمانکانی ئاگاتا کریستیدا بوونی هەیە. بوارو دەستدکات بە پشکنین و لێکۆڵینەوەو دواتریش دەتوانێت تاوانبارەکە بدۆزێتەوە.
سەرەتای گومانکان بەرو شوێنێ دەستپێدەکات، کاتێک مەدام جینسن کە هاوکاری دکتۆر لایندەرە ، دەچێت ئەو شوێنەی کە تاوانەکەی تێدا ئەنجام درا ، من گومم لە دەنگی هاوارێک بوو لە ژوورەکەی لویز، ئەمش دەبێتە سەرداوەکی گرنگ بۆ دۆزینەوەی تاوانبارەکە. بەرام لەپاش ئەوەی مەراسیمی بۆخاک سپاردنی لویز تەواو دەکرێت، بە شوەکی جێنسێنیش دەکوژرێت. ئەمش لەڕگەی ژەهراویکردنیەوە لەڕگەی گزەی ئاوەکیەوە. بەرام ئەو شوە ئامی گوێی لە دەنگی جێنسن دەبێت، کە هاوارا دەکات: پەنچەرەکە پەنچەرەکە.واتە کەسێک لە پەنچەرەکەوە هاتۆتە ژوورەوە ئەمی ژەهراویخوارد کردووە.
لەرەوە ئامی زەر دەترسێت بەرام کەمیسار بوارو ئارامی دەکاتەوو دەستدکات بە پشکنین و دواجار تاوانباری سەرەکی دەدۆزێتەوە کەئەویش مەردەکەی لویزە. بەسێری مەردی پشووی، لەکاتی رووداوەکانی شەمەندەفەرەکە لەناو قارگێنەکەدا ناسنامەی شوێنوارنسکی سویدی بەناوی دکتۆر لایندەر دەدزێت و ناسنامەکەی خۆی دەخاتە سەر لاشەکەی ئەو. پاشان لەڕگەی نامەوە هەڕەشە لە لویزی ژنی دەکات و دواتر پاش چەندین ساڵ لەڕگەی گەینی ناسنامەکە و شوازی دەموچاوی، دووبارە لویز دەهێنێتەوە و کەسیش نازانێت کە ئەوە بەسەرە. بەرام پاشان کاتێک بەسەر دێتە عیراقەوە، هەست دەکات کە ژنەکەی میلی بە لای شوێنوارناسکی هاوکاری ئەمریکی بەناوی ' ریشارد کاری" هەیە. بەیە ئەڕەیی زەر دەبێت و دووبارە دەستدکاتەوە بەنووسینی نامەی هەڕەشە ئامێز و دواجاریش هەر خۆی دەیکوژێت و هەر ئەویش جێنسن دەکوژێت کە پشتر هاوکاری بووە،چونکە ترسی ئەوەی هەیە کە جێنسن ئاشکرای کردبێت.

شوازی نووسین

ئەم رەمانە زیاتر لە بیگرافیەوە نزیکە، رەمانکە لەلایەن ئامی لایترانەوە دەنووسرێت و ئەو دەبێتە گەواە. وەکو خشی لە پشکی رەمانکەدا دەڕێت، کە ئەو لە رووی شوازی نووسینەوە کشەی هەبووەو بەلاشیەوە نووسین کارەکی زحمەت بووە.
ئاگاتا کریستی هەوڵیداوە وەکو هەموو رەمانکانی تری بە زمانکی ئاسان قسە لەگەڵ خوێنەر بکات، ئەمش بە پشت بەستن بە ڕگەز

گرنگەکانی ڕەمانی پۆلیسی، لەوانە: " کتوپڕ، دروستکردنی ڕووداو، کەسایەتی، کات و شوێن، دیالۆگ، مانۆلۆگ، گرێی ئەدەبی" لەهەمووشی گرنگتر دووبارە لەم ڕەمانەشدا پشکنەری ناسراو " هیرکیول بوارو " تەدایە، کە لە بەشێکی زۆری ڕەمانەکانیدا ئەم کەمیسارە بوونی هەیە و بەتە یەکێک لە هەماکانی ڕەمانەکانی کریستی. هەروەها ئاوەی مایەی سەرنجە کە لە کتایی ڕەمانەکەدا بەشێوەیەکی کتوپڕ تاوانبارەکە دەدۆزێتەوە کە دەبێتە مایەی سەرنجی خوێنەران.

عیراق

وەکو پێشتریش وتم کە لەم ڕەمانەدا تەواوی کەسایەتیی ناو ڕەمانەکە ئەوروپیی و ئەمریکین، کەسایەتی عیراقی کەمی تێدایە و ڕۆڵی لاوەکیان هەیە، بەڵام وەکو شوێن، عیراق دەبێتە مەیدانی سەرەکی ڕەمانەکە. بەتایبەتی شارەکانی بەغدا و موسڵ و کەرکوک . لە کاتی باسکردنی شاری بەغدا و حوسێنییەوە، تێڕوانینێکی باشی نییە لەبارەی عیراقەوە.

لەکاتی باسکردنی بەغدادا بەمشێوەیە دەنووسێت:

بەغدا ئەو شارە خەیاڵییەی کە ئێمە لە ڕەگەی چیرۆکەکانی هەزارو یەک شەوە لە ئەندێشەی خەماندا دروستمانکردووە، بەڵام وەنەهەقیقەیەکەی تەواو دوورە لە ڕاستییەوە. ڕاستە ئەم شارە لەسەر ئاوی دیجلەیە و جوانییەکی پی بەخشیووە، بەڵام کاتێک میجەر کلس بردمی بە ناو بازاڕەکە، زۆر ناخۆشبوو، دوکانەکانی هیچ جوانییەکیان پێوە دیار نییە. دوکانی مسگەرەکان ژاوەژاوەکی زۆریان دروستکردووەو من تەواو بێزار بووم لەو دەنگە ناخۆشانە.

پاشانیش کاتێک باسی شاری حوسێنییە دەکات دەڵێت:

لە دوورەوە شارەکە جوان دیار بوو، بەڵام کاتێک چووینە ناوەوە زۆر ناخۆش و پیس و پڕخە بوو.

دوا قسە:

ڕاستە ئاگا کریستی بەچوونێکی باشی نەبووە بۆرامبەر شارو شارچکە و تەنانەت خەڵکی عیراقیش، ئەویش وەکو زۆربەی بەریتانییەکان بیری کردەتەوە، کە وەکو د،عەلی وەردی دەڵێت: لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، بەغدا بەڵای ئینگلیزەکانەوە گوزارشتی لە گوندێکی گەورە دەکرد لە چاو لەندەندا. بەڵام ئاوەی گرنگە کە ئەم وەاتە بەتە ئیلهمابەخش بێیی و دوو ڕەمانی جوانی بەناوی ئەم وەاتەوە نووسیوە. لەهەمووی گرنگتر عیراق سەردەمانێک بەتایبەتی لەسەردەمی بەریتانیدا کەمێک نووسەر و بیرمەندی جیهان سەردانیان کردووەو مایەی گرنگی پێدانیان بووە، بەڵام بەداخەوە ئێستا ئەو گرنگی

پەدانەی جارانی نەماوە، لەمشدا ڕوشە سیاسییەکە هەکاری سڕکییە.

سەرچاوە:
اجاثا كريستي. الجريمة في العراق. مركز العربي للنشر بالاسكندرية. مصر.
محسن حسين .أجاثا كريستي وعلاقتها بالعراق. www.azzaman.com

تەتالیتاریزم وەکوو چەمکێکی تیۆری... بەعس و سەددام وەکوو نموونەیەك!... عەدنان کەریم

باسکردن لە تەتالیتاریزم وەکو چەمکێکی فکری و تیۆری و داشتنی دواین گوتار و قسە لەوبارەوە، کارێکی دژوار و ئەرکێکی نەکردنییە چونکە تەتالیتاریزم پرسێکی هەمەهەند و کێشەیەکی سیاسیی قووڵە. جگە لەوەش تەتالیتاریزم وەکوو چەمکێکی تیۆری بە ڕەخنەکردن و شیکردنەوەی سیستم و دەسەڵاتی سیاسی لە دونیای هاوچەرخدا، مژوویەکی زۆر کۆنی نییە. بەدیاریکراوتریش ئەم چەمکە لەدوای دەرکەوتنی سەرتاکانی بزووتنەوەی فاشیزم و نازیزم لە ئەوروپا وستالینیزم لە یەکێتیی سۆڤیەت لە بیستەکانی سەدەی ڕابووردووەدا، وەکوو چەمکێکی نوێ بە شیکردنەوە و تێگەیشتن لەو دیاردە نوێیانەی سەر شانۆی سیاسەت و فکر لەئەوروپادا، دەبێتە درکوتێکی نوێ و کارا.
لەگشتیترین ئاستدا تەتالیتاریزم واتا سازماندانی سیستماتیکی ماشێنی ترس و دڵەڕاوکێ و کوشتار و سەرکوت هەم لە چوارچێوەی دەوڵەت و بزووتنەوە سیاسیەکاندا و هەم دواتریش وەکوو جۆرێك لە دەسەڵاتی سیاسی و سیستمێکی بڕبڕاوتری سیاسی. لەچاو شێوازە کلاسیکی و نەریتیەکانی دەسەڵاتدارێتیی مووتەق و پاشا و سەربازیی دیکتاتۆرەکاندا، تەتالیتاریزم شێوازێکی ڕادیکالتر و مۆدێرنتر بە ئامراز و شێواز و میتۆدی جیاوازی دەسەڵاتدارێتی و سەرکوتەوە.

ئەگەر توخمە جەوهەریەکانی بیری تەتالیتاری لەچەند خاڵی چڕو پڕدا

کورتبکەینەوە:
یەکەم: ناوەندەتیی پێگیر و کۆنترۆڵی تەواوەتیی کەمێ و کایەی سیاسەت و دەسەڵات لەلایەگەی خستنەگەڕ و تەوزیفی هێز و سەرکوتەوە.
دووەم: دژبوون لەگەڵ هەر جۆرە زەوخسارێکی دیموکراسی و بواردان بە هێز و دیدگا و بیروباوەڕەی تر و چالاکیی ئۆپۆزیسیۆن و تارومارکردنی تەواوەتیان لە ئاستی تاك و کەمەڵدا.
سێیەم: تەتالیتاریزم خاوەنی روئیای فکری و تیۆری وئایدیۆلۆجیی خۆیەتی و لە زەوتی ڕاستەو و چۆپەودا خەی بڕجەستە ئەکاتەوە وەکوو فاشیزم و نازیزم و سۆسیالیزم. نموونە بڕجەستەکانی ئەو ئایدیۆلۆجیە لە ئیتالیا وئەڵمانیا و زووسیای دوای ١٩١٧ بڕقی ئەبینرێن.
چوارەم: مانەپەکردنی تووندوتیژی و سەرکوتی سیستماتیك لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیەوە و بڕجەستەکردنەوەی وەکوو بەشێك لە شوناس و زاتی سیستمی دەسەڵات.
حیزبی سیاسی لەڕوانگەی ئایدیۆلۆجیی تەتالیتاریزمەوە ئامرازێکی سەسیال کەنترەل و چەکەکە بە تەقینەی سیاسی و ئایدیۆلۆجی و شوێنەکە بە مەبەلایزکردنی جەماوەر وهەم کۆرکردنیان و هەم خستنەگەیان لە چوارچێوەی پرۆژە سیاسیەکاندا.
لەولاشەوە خودی سەرهەڵدانی تەتالیتاریزم بەرهەمی ڕاستەوخۆی مەدێرنیزمی سەرمایەداری و قووبوونەوەی کێشە و قەیرانەکانی سەدەی بیست و سەرهەڵدانی سۆسیالیزمە و لەلایەگەی تەفاعولی سەرجەم ئەو توخمە دژبەیەکانەوە نیشونما ئەکات کە قەیرانەکانی دوای شەڕی جیهانیی یەکەم وەکوو ژینگەیەکی گونجاو پێکیان هێنا.
لاوازی و پاشەکشەی بزووتنەوە و نەریتی دیموکراسی و شکستەکانی سەسیال دیموکراسیی ئەوروپا لەسەردەمی شەڕی جیهانیی یەکەم بەدواوەش زەمینەی خەی گەڕا لە مەیداندابوونی تەتالیتاریزم بەهەردوو نوسخە ڕاستەو و چەپەوەکەیەوە. بەمانایەکی تریش سەرهەڵدانی تەتالیتاریزم و جەوگرتنی دەسەڵاتی سیاسی پەیوەستی بژینگەی گونجاو و لەباری خەی هەیە. ناڕەشنی و قەیرانی زەوتە ئایدیۆلۆجی و مەدێلە سیاسیەکانی تر و پاشەکشەی خەبات و حوزووری جەماوەر لە کایەی سیاسەت و گەمەکاندا و ..تاد، ئەو ژینگەیەی غەفلەتی مژووویی پەکدەنن کە هێزە تەتالیتاریستەکان ئەتوانن دەسەڵاتی سیاسی و سەرجەم کەمەڵ بەبارمتەبگرن و سووکانی دەسەڵات بگرنەدەستی خەیان.
بە تەپەڕاندن و تەسویقکردن و قبووڵاندن و زەوایەتی دان بەخەی و پرۆژە گەورەکەی، تەتالیتاریزم پەیوەستی بە " مقدس " و ئایکۆنی مژووویی و تەوتەم و سیمبولی مەعنەوی هەیە. تیۆریسین و ڕابەرە سیاسیەکانی، کەمپەینی پەداگری لەسەر ئامانجی بەرزی نەتەوە، چین

یا ئاین گەرم ئەکەن و مەترسیی ساختە ئەوروژێنن لەسەر بەها پیرۆزەکانی گەل و شکۆی نەتەوە و بیری پیرۆزی خەیان و تیاریی خوشهەڵنەگری چینایەتی و باوەشێنی ئەکەن.
هابەری کاریزمایی و سەرکردەی فریادڕەس، و پەویستیی مێژووییی بە کەسایەتیی وەکوو هیتلەر و مەسەلینی و ستالین و سەدام، یەکێکی ترن لەو کەرەسانەن کە بازاڕی فکری تەتالیتاریستیی پێ گەرم ئەکرێت. هابەر لەرەدا پیامهێنەری بەها پیرۆز و خوشهەڵنگرەکان یا سیمبولی گیانەوەی شکۆی لەدەستچووە. حیزب و تەنانەت گەل و نەتەوەش لە کەسایەتیی هابەردا ئەتوێنەوە و ئەو خێی ئەبە بە هەمای تاقانەی گشت پیرۆزیەکان. بەعسیەکان ئەیانووت: العراق هو صدام و صدام هو العراق! حیزب و هابەر هەڵە ناکەن و ئەوان سیمای پوختەیی و هاستگەیی هەمیشەیین. هابەری تەتالیتاریست لەکەتایبدا جێی ئەرگانە کلاسیکیەکانی بەیاردان و یاسادانان ئەگریتەوە و ئیرادەی ئەو ئەخرێتە سەرووی حیزب و ئایدیۆلۆجیشەوە.
مەدەرنیتەی سەرمایەداری ئامراز و کەرەسەی جەراوجۆر ئەخاتە خزمەتی پرۆژە گەورەکانی تەتالیتاریزمی سەدەی بیستەمەوە: حیزب و هێکخراوی تەرازی نوێ، ماس میدیای کاریگەر، کەرەسەکانی کەنترۆڵی بەکەمەڵە، هونەری نوێی مەبەلایزی جەماوەری سازماندراو و کەرەسەی نوێی کوشتار و تەقاندن ودەیانی تر.
پەیداگریی زیاد لە ئەندازە لەسەر پێگە و بایەخی فەرهەنگ و کەلتووری هووحی و مەعنەوی، پەتانسێلی گەورەی تووونەد وتیژی و دڕەقی، میکانیزمی هەوان لای پرۆژەسازانی تەتالیتارزم لە پەناوی ئابدیدەکردن و زاخاوداندەوەی نەتەوە. تووندوتیژی و دڕەقی ئەو تەنووڕەن کە جارێکی تر نەتەوە و نیشتیمان ئەتوێنەتەوە و لە قاڵبێکی نوێی دەخوازی تردا فەرمەڵەی ئەکاتەوە تا سەرەنجام ئێگا بە ئازادیی هەڵەای نەتەوە و کەنترۆڵکردنی هەموو جیهان. ژووڕکانی کەمەڵکوژیی گازی ئەڵمانیا و کوشتارگاکانی هووسیای دوای ۱۹۱۷ ی بەلشەفیکان و گەڵەبکەمەڵەکانی کوردەکان لە خواروووی عەراقی سەردەمی سەدامدا، ئەو لابراترانەن کە تەتالیتاریستەکان بیری تووندوتیژیان تەدا تاقیئەکردەوە. دەوڵەت لەم مانزووەمە ئایدیۆلۆجیدا هیلایکە کە پەویستە هەموان کەنشی بەبەرن و سام و هەیبەتی بپارێزن.
ئایدیۆلۆجیی تەتالیتارزم پەداگریکی سەرسەختانە ئەکات سەبارەت بە هەڵەی سەرکردە و هووحی گەل و چینی چەوساوە و بایەخی گەورەی حیزب و نەتەوە و پایگای پیرۆزی ئاین (لەچەشنی دەسەڵاتی ئیسلامیی ئێران).

لەبەرامبەریشدا، هەمان ئایدیۆلۆجی مرۆڤی تاکی کەمەڵگا وەکوو

برغوویەك لە ماشینی زەبەلاحی نەتەوە و سیستم و چین تەماشا ئەکات و لەوەدا کورتی ئەکاتەوە. تیۆریسینەکانی ئەم باوەڕە پێیان وایە کە دەسبەرداربوون لە ئازادی نرخەکە ئەبێ گشت تاکەکان ئامادەی پەرداختی بن لەپێناوی ئاگرتنی شکڵی بەرزی نەتەوە کە لە حیزب و ئایدیۆلۆجیدا بەرجەستە بوونەتەوە. ئەبێ تاکەکان بچەسپێی ئایدیۆلۆجیی نەتەوەیی یا سۆسیالیستی لەحیم بکرێن و لەجەستەیەکی گەورەتردا بتوێنرێنەوە و لەبەتەی نەتەوەیەکی نوێ و سیستمێکی تردا پێناسەبکرێنەوە. پەویستە کەمینەیتیە لاواز و بچکۆلەکان، کە ئەبن بە دەست وپاگیری زیندووبوونەوەی سەرلەنوێی ڕووحی نەتەوە، ئابماڕێن، بهادڕێن و بەلاوەبنرێن. جینۆسایدی کورد و ئەرمەن و جوولەکە لەڕوانگەی بکەرەکانیەوە خزمەتیان بەو پڕۆژەیە ئەکرد.
جیاوازیی فەرمەکانی دەرکەوتنی هیتلەری نازیەت و فاشیەت و ستالینیەت و عروبەی بەعس، ناتوانن خەسڵەتە جۆهەریەکانی هاوبەشیان بزربکەن.
سەرکەوتنی پڕۆژەی تەتالیتارزم و گەیشتن بەدەسەڵات ژینگە و ڕەگەزی جیاوازی هەیە: ١/ یا لەجەرگەی شۆشکەوە وەکوو بەلشەفیکانی ڕووسیا و ئیسلامیکانی ئێران ٢/ یا لەڕەگەزی پەرلەمانیەوە وەکوو فاشیزم و نازیزم لە ئیتاڵیا و ئەڵمانیا ٣/ یا لە ڕەگەزی کوودەتاوە وەکوو لە زەر وەاتانی ئەمریکای لاتین.
تەتالیتاریزم لەبەستەری بنبەست و کۆشگۆرەکانی دیموکراسیشدا ئەتوانێ سەرهەڵبدات نەك تەنها نەبوونی دیموکراسی.
بەو مانایە ئەگەری گەڕان لە دیموکراسیەوە بە تەتالیتاریزم ئەگەریکی کراوە و مومکینەکی مەژووییە بەڵام سەرباری ئەگەری سوودوەرگرتن لە دیموکراسی و پەرلەمانتاریزم بە گەیشتنە دەسەڵاتی جەڕەکی لەڕەوتە تەتالیتاریستەکان، هەرهەموویان پێیەوەی لە شەوازی "شۆشگێڕانە" و تووندوتیژی ئەکەن.
تەتالیتاریزم وەکوو پێشخانی ئایدیۆلۆجی ڕەوتیکی سیاسی تیکۆشەرە کە لە دڵیان بیرباوەڕ و تیۆریی جیاواز. ئیستیعارەکردنی چەمکە فکری و تیۆریەکان داروین ومارکس وفرۆید وهیگڵ ڕەبسپێر وەکوو (شێوەی تەتاڵ و هەمەلایەنە و گشتگیر) (شێوەشی ئادیکاڵ و ڕیشەیی) (دەوڵەتسالاریی هیگڵی) (شێوەشی بەردەوام) ئاستێکی فکری تەتالیتاریستی پێکدێنن.
شونپێی چەمکەکانی وەکوو مانەپاڵکردن، هەژیمانی، وەرانکردنی ناکۆکیەکان، دیکتاتۆریەتی چینایەتی، دروستکردنی ئینسانی نوێ و ...تاد، لەزەربەی تیۆری و ئایدیۆلۆجیەکانی دووسەدەی ئابووردووەدا ئەبینرێنەوە.
دەوڵەت لە چەمکی تەتالیتاریزمدا شونێکی قەبە وتایبەتیی هەیە. مەسەلەیەنی ئێووەت: هەموو شت بە دەوڵەت/ لەناوبردنی هەموو شتێك

لەدژەوەی دەوڵەت/ قەدەغەکردنی هەموو کردارێك لەدژی دەوڵەت!!.

بەعس و سەددام: چەپڕەپڕەی تۆتالیتاریزم لە عێراقدا

حیزبی بەعس و دەسەڵاتدارێتیی سەددام حوسێین بە هەمەلایەنترین شێوە هەموو ئاو سیما و خەسڵەتە تۆتالیتاریستی و دڕندەخووانەی پێشووی لە فکر و پراتیکی خێیدا بەرجەستە ئەکرد.
لەقۆناغی ١٩٥٨ بەدواوە قورسایی شار لە کەمڵەی عێراقدا زیاد ئەکا و ئەبێ بە چەقی ژیانی سیاسی. لەوێوەکی شێنەیدا سیاسەت هەموو کایەکانی تری چالاکیی کۆمەڵایەتیی لەناوخێیدا هەئڵووشی. بەدرێژایی ساڵانی نێوان ١٩٥٨ – ١٩٦٨ عێراق جگە لە قێرانی بەردەوامی دەسەڵاتی سیاسی، دەرگیر ئەبێ لەگەڵ دێیان قێرانی تری وەکوو: دەڵانی شەڕی ١٩٦٧ ی عەرەب لەگەڵ ئیسرائیل و کاریگەریێ ناوخێیەکانی، قووبوونەوەی کێشەی کورد، درێژەکێشانی ململانێ لەگەڵ ئێران، کێشەی هەرێ سیاسیەکان لەسەر جۆری نیزامی سیاسی لەعێراق، جەنگەی ئیقلیمیی عێراق و مەسەلەی وەحدەی عەرەبی، پرسەکانی نەوت و ئابووری و گۆشەکردن و تاد.
بەکورتی هاتنەسەرکاری بەعس لە ساڵی ١٩٦٨ دا بەرهەمی قێرانێ سیاسیەکان و ئاوگەڵەکانی دوای ١٤ ی تەمووز و لەرزەکی و ناپایداریی دەسەڵاتەکانی پێش خۆی و ئەزمەی دەسەڵاتی سیاسی ودرێژەکێشانی کێشێ چارنەکراوەکانی و فەراغی بەدیلی سیاسیی تربوو.
لەئاستی نەودەوڵەتیشدا جەنگی سارد بوو بەو فەزا گشتیەی کە زەمینەی زیاتری ڕەخساند بە هاتنەسەردەسەڵاتی ئاو حیزبێ کە خواست و مەرامێ تۆتالیتاریەکانی خۆی نەئێشاردەوە. توخمێ سیاسیەکانی ئایدیۆلۆجیی بەعس وەکوو هەزمکی ئادیکالی نەتەوەیی عەرەبی لەبەرنامەی بەعس و بیارەکانی کۆنگرەکانی بەتایبەتی کۆنگرەی نەتەوەیی ساڵی ١٩٦٤ و نووسینەکانی میشیل عەفلەق و زنجیرێ کتێبی (في سبيل البعث) بە ڕەشنی فەرمانڕەوایی کرابوون. پێداگریی ڕوون لەسەر پێویستیی سەرکوت و هەز، دەمارگیریەکی سەرسەختی نەتەوەیی و عروبی، پاکسازی نەتەوەیی دژ بەکورد و ناوهێنانیان بە میوان لەسەر خاکی عەرەب، پێویستیی بنیاتنانەوەی دەوڵەتکی بەهێز و تەکمێ لە عێراقدا، تارومارکردنی هەرێ نیارەکانی تری گۆڕەپانی سیاسیی وەک، یەکێتیی لەپسان نەهاتووی خاکی عێراق، پێداگریەکی تووند لەسەر ئایدیۆلۆجیی نەتەوەیی سۆسیالیست، بەشێك بوون لە پێکهێنەرێ سەرکیەکانی ئایدیۆلۆجیی حیزبی بەعس کە ئەتووت کتومت لە میراتی فکری هیتلەر و مەسۆلینی و ستالینەوە وەرگیراون.
بەعسیەکان پێیان وابوو کە ئەوان نوێنەی ڕووح وئیرادەی خەڵك و ماك

و جۆهەری ئامانجەکانی نەتەوەی عەرەبن وابەر و حیزبیش وەزیفەیانە کە ئەو ١٩٦٥ بەرجەستەبکەنەوە. ئەوان ئەیانووت کە هێزە عەرەبە تەقلیدیەکانی وەکوو (حركة القوميين العرب) یا ناسریەکان ناتوانن ئامانجەکانی نەتەوە بەدی بهێنن چونکە نوێنەرایەتیی ئەو ئایدیالیزمە ناکەن کە لەمەدا پشتیان بە دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی نەتەوەی عەرەب و گەلی عێراق و بنیاتنانی عێراقێکی بەهێز و ئاگرتنی زنجیرەی کەدەتا یەك لەدوای یەکەکان و کۆتایی هێنان بە قەیرانی بەردەوامی دەسەڵات.
مانۆری سیاسی و پیلان بڕشکی گرنگی تێونی پیلانگێڕانەی سیاسەتی بەعس و کۆسایەتیی سەددام بوو.
پاش هاتنەسەرکار و بە جێگیرکردنی جێپێی خۆیان سەرەتا لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و پاشان لەگەڵ حیزبی شیوعیی عێراقدا هاوپەیمانێکی لەرزۆکیان ئیمزاکرد و بەیان لەژێرپێی ئەوان وەکوو دوو هێزی سیاسیی سەرەکیی عێراق دەرهێنا.
بە یاریکردن بە هەست و سۆزی جەماوەرکە بیروباوەڕی سۆسیالیستی لەناویاندا جێگەی هەبوو، بەعسیەکان سیمایەکی نەتەوەیی سۆسیالیستیان لەخۆیاندا نواند و بوون بە هاوپەیمانی یەکێتیی سۆڤیەت. هاوکاتیش و بەهۆی خەماڵێکردنی نەوتەوە و داهاتێکی بڕشووماری کە ئەکەوتە دەستیان بەرنامەیەکی ئیفرەمی ئابووریی بەهێزیان بەقازانجی گیرفانی بڕشی کەمدەرامەتی خەڵك پیادەکرد. بەوجۆرە و بەگرتنەبەری ئایدیالیزم لەبوارەکانی ئابووری و کەمەڵایەتی و سیاسەتدا بڕشکی زۆری بەرنامەکەی حیزبی شیوعیی عێراقیان لەبەرژەوەندیی خۆیاندا پیادەکرد تا کار بەوجێیە گەیشت شیوعیەکان نازناوی کاستری عێراقیان نابوو لە سەددام و ئەوانیش بوون بە یارمەتیدەری لە پڕۆژە ستراتیجیەکەیدا بە پیادەکردنی تۆتالیتاریزمێکی تەواو لە وڵاتدا.
سەددام پاش کەنارخستنی ئەحمەد حەسەن البکر لەئۆکتۆکی ستالینیانەدا سەرەتا ١٩٧٣ی حیزبی بەرجەستەکرد و پاشان حیزبی کرد بە پێژە بە دەسەڵاتی تاقانە و تاکڕەوی خۆی و چیدی کاری بە حیزبی شیوعی نەما و کۆتە قەناچە و ئاونانیان. لەپەنای ئەوەشدا و لەڵك وەکوو چاولەکردنی پرۆسەی پاکتاوکردنەکانی ناو حیزبە شیوعیەکانی زەمانی ستالین و ئۆروووپای سۆسیالیست، ساڵی ١٩٧٩ گەورەترین پاکتاوی لەناو حیزبەکەیدا کرد و بەناوی کەشفکردنی پیلانگێڕیەکەوە هەموو سەنتەرەکانی هێز و کاریزما حیزبیەکانی ڕەوانەی تووندی مەرگ و ئیعدام کرد و بەوەش هەموو ئۆگرێکی پیلانی لەناوخۆی بەعسەوە سڕیەوە. ئەو زۆر کارایانە و بەدیقەتەوە ئیدارەی قەیرانەکانی ئەدا.

پەیستە ئەو ڕاستیە بووترێت کە لەهەموو ماوەی ٣٥ ساڵی فەرمانڕەوایی بەعسدا، شتێك نەبوو بەناوی دەستووری هەمیشەیی. لە ١٩٧٩ یش بەدواوە دەسەڵاتی هێزەکانی سەددام لەسەرووی حیزب و یاسا و تەنانەت نەتەوە و ئایدیۆلۆجیکەی خۆشیانەوە بوو. بەپێی بڕیارێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش (مجلس قيادة الثورة) کە بەرزترین ئۆرگانی یاسادانان و جێبەجێکاری وڵات بوو وئەندامەکانی لایەن بەعس خۆیەوە لەوەدا دائەنران، سەددام وەکوو سەرۆکی ئەو ئۆرگانە وبەپێی ماددەی ٤٢ ی دەستووری کاتیی عێراق مافی ئەوەی پێبەخشرا کە بەتەنها توانای دەرکردنی هەموو یاسا و بڕیارێکی هەبێت و فەرمانەکانی هێزی یاسایان هەبێت.
بەپێچەوانەی ئەو مەدلەلە لەدەسەڵاتە دژە خۆکیانەی کە هەوە ئەدەن خۆك دووربەپەرێزەاگرن لەکایەی چالاکیی سیاسی، سەددام خۆکی عێراقی بەزۆر پاڵکەشی ئەکرد بەناو کایەی سیاسەتی کۆنترۆکراو لایەن خۆی و حیزبەکەیەوە و لەوەوە خۆکی بەبارمتە ئەگرت.
ئەو شێوازە سوپاڕ تەتالیتارەی سەردەمی سەددام، داینەمۆ نەریتیەکانی کۆمەڵگای عێراقی پەکخست وداینەمۆی تایبەت بەخۆی خستەجگەیان. ئەو دەسەڵاتی سپارد بە چینێکی لەمپەنی کێڵە و ڕەعیەت و گوێ لەمشتی خۆی و عەشیرەتەکەی.
لەسایەی سەددامدا تووندوتیژی بوو بە ئامراز و ئامانجیش. ماس میدیا بەوپەڕی هێزەوە لەخزمەتی تووندکردنەوەی زنجیرەکانی ستەمی تەتالیتاریستیدا خرایەگەڕ. وەنەی دیوار بەندی خۆی و وتارە ڕۆژانەکانی و دەرکەوتنی لەتەلەفیزیۆن و حوزووری زیندووی لەناو خۆك و مەراسیم و ڕێپەوانی زۆرەملە بەخۆك، بەشۆك لە میکانیزم و ئامرازەرکانی دەسەڵاتەکەی ئەوبوون.
ژمارە و هێزی دەزگاکانی سەرکوت لەووی چنایەتی و چەندایەتیەوە هەموو سنوورەکیان بڕاند: ئاسایش، ئاسایشی تایبەت، هەواڵگری، هەواڵگریی سەربازی، فیدائیەکانی سەددام، طلائع و فتوة، سوپای میللی، گاردی کۆماری، گاردی تایبەت، ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان و ژنان و دەیانی تری هاوچەشن بەشۆك لەو دەزگایانە بوون کە هەناسە و لەدانی دەی هاووڵاتیی عێراقیان خستبووە ژێرچاودێریی خیانەوە.
ڕابەری پە شکۆ و ترسناك و غەزەبی ئەو ڕۆژانە نمایش ئەکران.
شۆڕشی عێراق – ئێران و درێژەی هەشت ساڵەی ئەو شۆڕشە ماوەرانکەرە بوو بەو بڕیارەی کە تەتالیتاریزمی بەعسی بە ڕابەریی سەددام بگات بە لوتکەی خۆی.
کوشتار و جینسایدی کورد و ئەنفال و کیمیاباران و خاپوورکردنی کوردستان، کوشتاری بەکۆمەڵی شیعەکان، پاکتاوکردنی شیوعیەکان

تەنها ناونیشانە سەرکیاکانی بەعسوچوونی پڕۆژەی تۆتالیتاریزمی بەعس و سەددام بوون لەناوخۆی عێراقی هەشتاکاندا.
پریشکەکانی ئەم پڕۆژە ناسیونال شۆفێنیە عروبیە بەرکۆیت و ئێران و لوبنان و زەر شوێنی تریش کەوتن.

سەرەنجام چی؟

ئێستا ١٩ ساڵە بەعس وەکوو پێکهاتەیەکی خراوتە لاپەڕەکانی یادەوەریی مێژووەوە. سەددام وەکوو بکەری سەرەکی و پاڵەوانی ئەو پڕۆژە وێرانکارە تۆتالیتاریستیە لەسەدارە درا بەڵام توخمە سەرکیەکانی تۆتالیتاریزم چی وەکوو موفرەداتی گوتاری سیاسی و چی وەک تەماحی چەندین هێزی سیاسی لە عێراقدا وەکوو تارماییەک بەسەرماندا دێن و ئەچن. بەوماناییە توخمە سەرکیەکانی تۆتالیتاریزم لە عێراق و کوردستانیشدا، سەرباری هووخانی ژێرمی پشووو، سەرباری فراوانبوونەوەی بوردی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە جیهاندا، بەهێزە.
چی ئەو مەدلەلە لە دیموکراسی کە خرایە بازاڕی سیاسەت و دەسەاتەوە لە عێراقدا، و چی ئەو پڕۆژە سیاسیەی ئەمریکا بە قەناغی عێراقی دوای سەددام، بەتایبەتی سیانەی تایفیەت و ئیسلام و ناسیونالیزمی کوردی کە سەکوچکەی دەسەات پێکدێنن، نەیانتوانیوە کەشە لە مێژینەکانی ئەم وڵاتە چارەسەر بکەن بەڵکە قووڵتریان کردوونەتەوە. چاوەڕوانیی سەرهەڵدانەوەی هەمان مەدەلی تۆتالیتاریزم لە عێراق و کوردستاندا، وەهمکەی نزیکە بەڵام بەدرێژە کێشانی پرسە لەمێژینەکانی هەموو عێراق بەچارەسەرنەکراوی، دۆرگای لەدایکبوونی هێلای تۆتالیتاریزم لەبەرگێکی تردا بەکراوەیی ئەهێڵێتەوە.

ئەو کێشە چارەسەرنەکراوە لەمێژینانە چین؟
ناسنامەی عێراق، شێواز و مەدەلی مۆتووبی دیموکراسی، جۆری سیستمی سیاسی، پرسی عەدالەتی کۆمەایەتی و کێشە چینایەتیەکان، ئازادیە سیاسی و فەردیەکان، مەسەلەی کورد و ئیسنیکەکانی تری عێراق، جێگە و پایەی ئایین لە نیزامی سیاسیدا، تائیفیەت، پێگەی عێراق لەناوچەکە و کێشە هەڵپەسێراوەکانی لەگەڵ دەوروبەرکەیدا و زۆری تر، تەمارکی قوتور لە پرس و کێشە پێکدێنن کە نە ئاسەیەک دیارە بە چارەیان نە پڕۆژەیەکی نیشتیمانی – دیموکرات لەئارادایە بە هووبەووبوونەوەیان. بەبێ چارەکردنی ئەو کێشە ستراتیجیانە و بەتەنها ئومێدبەستن بە پێچانەوەی تەمانی دیکتاتۆرێک ودرێژە کێشان و بگرە قووبوونەوەی ئەو مەسەلانە، عێراقی تووشی ئەزمەیەکی بەردەوام کردووە کە ئێگاری وەرچەرخانکی سیاسی بە چاری هادیکالی

ئەو کەشانە لەلایەن هێز یا هێزگەلێکی تووندڕەوی ئیسلامی و تایفی و نەتەوەییەوە، بکراوەیی هەشتەتەوە.
بنبەستی پرۆژەی دوای ٢٠٠٣ ئەو تارماییەی کردووە بە ئاستێك. قووڵبوونەوەی قەیرانی ئێستا و بنبەستی ئەم مەدڵەی نیزامی سیاسی و ململانێ قووڵەکانی سەر شانەی سیاسەتی هێزکان و چارنەکردنی میراتەکانی سەردەمی بەعس بە دیدگایەکی نیشتیمانی و دیموکراتی و ناوەندگەکی عەدالەتخوازانەوە، تارماییەکان ناوەنەتەوە.
لەئێگەری ساغنەکردنەوەی شوناسی ئەم وڵاتە وەکوو نیشتمانێکی دیموکرات و خۆشگوزەران و خاوەنی کەرەکەی بەهێزی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و دامەزراوەی دەستووریی ڕێزلێگیراو و پشتبەستوو بەئابووریەکی هەمە بەرهەم و هەمە ڕەنگی گۆشکردوو و ئیشدارکردنی ماناکانی کۆمەڵگای مەدەنی و سیکیولار و پێچانەوەی هەموو جۆرەکانی میلیشیا و دەستوەردانی حیزبی و مەراجیعی ئاینی لە کاروباری دامودەزگاکاندا، دەروازەکان بە سەرهەدانی ڕەوتە تووندڕەوەکان بە ئامانجی گۆڕانەوەی شێوازێکی تر لە نیزامی تەتالیتاری لە عێراقدا، بکراوەیی ئەهێننەوە.

• ئەم وتارە پوختەی ئامادەکراوی کەکە بەناونیشانی (عێراق: تەتالیتاریزمی بەعس و کارلەکەکانی) کە تەی ناوەندی ڕۆشنگەریی چاودێر لە سلێمانی ڕەکیان خست بەم.

حوزەیرانی ٢٠٢٢
عەدنان کەریم
adnankerim22@hotmail.com

نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە نێوان دروشم و داهێنانداـ سەدیق سەعید ڕواندزی

هەموومان کەکین لە سەر ئەوەی، کە نوێکردنەوەی شیعری کوردی، لە گرانەوە دەست پێ دەکات و شاعیرانی دیکەی هاوتەمەن و هاوسەردەمی ، ئەگەرچی هەنگە لە ڕووی توانای شیعرییەوە لە گران لە پێشتریش

بووبن، بەڵام بەراورد بە ناو و دەنگی گۆران، شۆنکییان لە سەر نەخشەی ئەو نوێکردنەوەیە نییە. چونکە نوێکردنەوەی شیعر، هەرتەنها گۆڕینی فۆرم و ناوەڕۆکی گوتاری شیعری نییە، بەڵکو بەردەوامیدانە بەو گوتارەش، تاکو لە زەمەنێکی تردا، جۆرێکی دیکە لە نوێخوزای شیعری دێتە ئاراوە. بە بۆای من هەر ئەمەش بوو وایکرد کە گۆران بە تەنها وەك نوێکەرەوەی شیعری کوردی ناوی بێت. چونکە گۆران لە سەرەتاکانی سەدەی بیست تا کۆچی دوایی کرد، لەگەڵ ئەو نوێخوازیی وگوتارە شیعرییە هاوتەریب دەیشت. ئەگەرچی لە دواساتەکانی تەمەنیدا، ئایدۆلۆژیاو بە سیاسیکردن وبە دروشمکردنی شیعر، تا ڕادەیەك لە پێگە و بەهای ئەو نوێخوازییەی کەمکردەوە، کە زۆر لە نووسەران و لێکۆەران، بە پاشەکشەی شیعری ناوی دەبن. لە دوای گۆران، شاعیرانی پەنجاو شەستەکان ودواتریش قۆناغی ڕوانگە و شیعری هەشتاکان، جیاواز دەکەونەوە لەگەڵ ئەو شێوازەی گۆران دایهێنا، بەڵام ئەم جیاوازکەوتنەوەیە، جیاواز کەوتنەوەیەك نییە، کە دابڕانێکی زەمەنی، هزریی و بونیادی لە شیعر بڕنێتە ئاراوە، وەك ئەوەی گۆران لە بەرانبەر شیعری کلاسیکی کوردی دایهێنا، بۆیە کاتێ سەرنج لەو قۆناغانەی شیعری کوردی دەدەین، تا ڕادەیەك هەست بە هەمان ئەو زمان و تیمە شیعرییە دەکرێت بێ نموونە وەك (سرووشت) کە لە شیعری گۆراندا هەیە. ئەمە وڕای هاونزیکیەکی زۆری شیعر و دنیابینی شاعیرانی ئەمە، بە تایبەتیش لە قۆناغی دوای نسکۆی شۆڕشدا، کە قۆناغی ڕەشبینی و نائومێدییە و شیعر دەبێتە وێناکردنێکی ئەو قۆناغە نائومێدییە. بە بۆای من، ئەمە هەمیشە لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا، جۆرێك لە ڕاگوزەرانە بیرمان کردێتەوە، بەو مانایەی هێندە بە سادەیی لە نوێکردنەوەی شیعریی کوردی و قۆناغبەندی شیعری کوردی گەیشتووین، تا ئەو ڕادەیەی هەموو شاعیرێکمان پێ نوێخواز و نوێکەرەوەی شیعرە، بە بێ ئەوەی ڕوونی بکەینەوە کە چۆن و کامانەن ئەو خاسیەتە هونەرییە نوێیانەی، لە زمان و فۆرم و ناوەڕۆکی شیعری ئەم شاعیرە هاتێتە ئاراوە. لە هیچ کات و سەردەمێکدا، داهێنان و جیاوازکەوتنەوە لە هەر بوارێکی ژیان بێت، کردەیەکی کۆمەڵی نەبووە، بەڵکو یەکجار تایبەتی و کەسی و هزریی بووە. ئەگەر هەموو داهێنان و نوێکارییەك، کۆمەڵی بێت، ئیدی مانای وایە ئەمە لە بەردەم شتێکی نوێ نین، بەڵکو لە بەردەم چەندین کردە و ئەزموون داین کە وەك یەکن. بۆیە نوێکردنەوەی شیعر، کردەیەك نییە هەموو شاعیرێك، ئاسا و نەخشەی لە داهێنانیدا هەبێت، بە تایبەتیش ئەگەر هەست بەو جیاوازییانە نەکەین، کە لە نێوان ئەزموونی ئەو شاعیرانە کەوتوونەتەوە. لەو ڕوانگەیەوە، ئەمە دەتوانین جۆرەها شوناسی داهێنەرانە و نوێخوازانە بدەینە پاڵ

شاعیرێك، یان چەندان شاعیر، بەڕام ئەمە شوناسێكی دروستكراوەو لە نێوەندە ئەدەبییەكەدا، هیچ بەهاو ئەرزشێكی نییە. نوێخوازی لە شیعردا، بە قسە و گوتنی من ونووسەرێكی تر نییە، بەڵكو بە شوناس و ئەزموونی جیاواز و ڕەسەنی ئەو شاعیرەیە، لە نوێكردنەوەی شیعریدا. (پشكێ نەجمەددین) لە كتێبی (ئەفسوونی نووسین) دا و لە پەراوێزی وتارێكی لە بارەی نوێكردنەوەی شیعری كوردیی و قەناغبەندی شیعری كوردیدا، ناوی چەندین شاعیر دەهێنێت و بە داخەوە خۆشی لە چەندانی تر بواردووە. بەشێكی زۆری ئەوانەی ئەو بە نوێكەرەوەی شیعری كوردی دەیان ناسێنێت، لە ڕاستیدا خاوەنی هیچ ئەزموونێكی جیاواز و داهێنەرانەی شیعریی نینە و بگرە تیایان دایە، لە سەر نەخشەی شیعری كوردیدا هیچ پێگە و ناوێكی نییە. ئەم نووسەرە لە كاتێكدا ناوی چەندین شاعیر لە سەر بنەمای هاوڕێیەتی و شارچییەتی دەهێنێت، بە داخەوە خۆشی لە چەندین دەنگی شیعرییانەی جیاواز و تایبەت بواردووە. ئاخر ناكرێت باسی شیعری هەشتاكانی هەولێر بكەیت، بەڕام بە نموونە ئەزموونی (سەباح ڕەنجدەر) ت لە بەر چاو نەبێت، كە یەكێكە لە دیارترین و تایبەتیترین ئەزموونە شیعرییەكان و لە بچووكترین ڕایەڵ و خاسیەتی شیعرییەوە، ناچێتەوە سەر ئەزموونی هیچ شاعیرێك بە گرانیشەوە. بەكو خاوەن سەبك و مۆركی شیعرییانەی خۆیەتی و لە نێو ئەزموونی هەموو شاعیرانی دیكەدا، بە ستایل و ئەزموونی تایبەتییانەی خۆی دەناسرێتەوە و ئەزموونەكەی لە ئەزموونی كەس ناچێت. ناشێ باسی قەناغی شیعری كوردیی لە هەفتاو هەشتاكان بكەیت، بەڕام ئەزموونی تەلیعییەكانت لە بەر چاو نەبێت، كە زمانێكی بارگاویی بەهێماسازییان هێنایە نێو شیعر و دوورگەوتنەوە لەو ڕوونبێژیی و هوتافییەی زمانی شیعری هەفتاكان هەیبوو. نووسەر لەو وتارەیدا، بەداخەوە بازی بە سەر چەندین شاعیری بە توانا داوە، بەڕام چەند ناوێك دەهێنێت، كە بە تێگەیشتنی خۆی ڕەخنەكی گرنگییان لە بەردەوامیدان بە نوێخوازیی شیعری كوردی لە دوای گرانەوە تا ئێستا هەبووە. لەو ناوانە، تیایاندایە لە دوای ڕاپەڕینەوە وەك گەنجێك چەند دقێكی شیعریی دەردە دڕانەی نووسیوە، ئیدی نازانم بە چ پێوەر و پێوانەیەك لای نووسەر، ئەم شاعیرە ڕەخنەی هەبووە لە بەردەوامیدان بە شیعریی كوردیی. بە داخەوە لەم ساڵانەی دواییدا، ئەمە بۆتە نەریت لە نێوەندی ئەدەبی كوردیدا، كە كەسانێك لە سەر بنەمای (شارچییەتی، هاوڕێیەتی، بەرژەوەندیی، هاو ئایدۆلۆژیاو هاوسیاسەت و هاوبۆچوونی) مۆركی نوێخوازایی و داهێنانی شیعریی دەدەنە پاڵ ئەو شاعیرانەی خۆیان مەبەستییانە و لە پەراوێزیشەوە، دەنگ و ئەزموونی گەلێك شاعیری جیاوازنووس و داهێنەر نادیدە دەگرن. ناوەنان، لە

هەر کایە و بوارێك بێت، بەرپرسیاریەتییە و نابێ سەرپێیانە بە هەڵسەنگاندنێکی وردیی ئەزموونی و مێژوویی بهێندرێت، بە تایبەتیش لە بواری شیعر نووسیندا، کە هەموومان دەزانین چۆن سەدەها شاعیر لە نێوەندەکەدا هەن و زۆربەی هەرە زۆریان، شتێکی ئەوتۆ و جیاوازیان نەنووسیوە، تاوەك بکەر و بزووێنەریی شیعری کوردی لە دوای گۆران بناسێنرێن. بە پێچەوانەوە، هەنگە شیعری زۆرینەیان، لە ڕووی ناوەڕۆك و فۆرمی شیعرییەوە، هاوشێوە و هاوواتا بن. بەو مانایەی، جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە ڕووی دنیابینی و گوتاری شیعرییەوە نییە. نووسەر لە وتارەکەیدا دەنووسێت:(ساڵانی نەوەتەکان وسەرەتاکانی ئەم سەدەیە و ئێستاش نەوەیەکی نوێخوزای یاخی لە ماڵی شیعردا، تاوێی هەنگاو هەنگییان هەڵداو کاروانی شیعری کوردیان بە ئێستا گەیاندووە. هەریەك لەو شاعیرانە، خودانی ئەزموونی تایبەتی شیعریی خۆیانن و کەمتر لەیەك دەچن و ناخرێنە قاڵبێکی گشتگیرەوە. لا 118) هەر چەند دڵنیاك دوای ئەم بۆچوونانەی، ئەمجارەیان نووسەر دەنووسێت: (من بۆوام بە دابەشکردنی نەوە جیاوازەکانی ئەدەب بە سەر ساڵەکان و سەدەکان نییە. لا 118). بەرلەوەی لە سەر ئەو پارادۆکسانە بوەستین کە لەو بۆچوونانەدا هەیە، سەرەتا بە پێویستی دەزانم، وەك خوێنەرێك لە سەر چەند خاڵێك هەڵوەستەیەك بکەین. بۆگومان ئەگەر پرسیار لە نووسەر بکەین، کە خۆشی شاعیرە، ئایا داهێنان و نوێخوازییەکانی شاعیرە گەنجەکانی دوای ڕاپەڕین و دەیەی دوو هەزارەکان چین و کامانەن، دەتوانێت بە ئەرگۆمێنت بۆمان بسەلمێنێت، کە هەموویان نوێخواز و ئەزموونی جیاواز و تایبەتییان هەیە؟ ئەمانە لە چیدا جیاوازن و شوێن و جێگەیان لە هەوتی شیعری دوای ڕاپەڕین چۆنە و چییە؟ ئایا جیاوازییە شیعرییەکانی نێوان (ئدریس عەلی) و (تەلعەت تاهیر) کە نووسەر ناویانی هێناون و وەك دوو شاعیری دیاری دوای ڕاپەڕین دەیان ناسێنێت چین؟ کامانەن ئەو ئەدگارە زمانی و هونەری و بابەتییانەی، شیعرەکانی ئەو دوو شاعیرە لە یەکتری جیا دەکاتەوە؟ لە ڕاستیدا، لای بەشێکی زۆری ئەو نووسەرانەی ساڵانێکە لە دەرەوە دەژین و ئاگاداریەکی ئەوتۆیان لە هەوتی شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین نییە، گەلێك جار بۆچوونی ڕاگوزەر و سەرپێی دەبینین. ئەم جۆرە دیاریکردنانە، پێویستییان بە لێکۆڵینەوەی ورد، هەڵسەنگاندنی ئەزموونە شیعرییەکان و بەراوردکردنییان بە یەکتری هەیە. بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی نووسەرەوە، هیچ کاتێك وەك زەمەنی دوای ڕاپەڕین و شیعری دەیەی دوو هەزارەکان، شیعری کوردی بە ئەرزش و بە ناوەڕۆك و مانا نەکراوە، لە سەر دەستی زۆربەی هەرە زۆری ئەو نەوەیەی شیعر دەنووسێت. ئەو زەمەنەی نووسەر ئاماژەی پێکردووە،

شیعرێکی تیادا دەردەکەوێت، نە لە ڕووی واتاوە، نە لە ڕووی دنیابینی و گوتار و پەیامی شیعریشەوە، لە شیعرێکی هەشتاکان و هەفتاکان ناچێت. بگرە شیعری هەفتاکان، لە ڕووی ناوەڕۆك و زمان و دەستەواژەی شیعرییەوە، زۆر لە هی شاعیرە گەنجەکانی دوای ئاپەرین، هونەریترو جوانترە، وەرای تێپەڕبوونی نیوە سەدە زیاتر بەسەر نووسینییان. زمان لە شیعری بەشێکی زۆری ئەو نەوەیەدا، زمانێکە لە دەرەوەی زمانی شیعریی و بە ئەندازەیەك تێکەڵ بە زمانە میللی و گشتییەکە بووە، کە شیعر بۆتە قسەی ڕووت و بێ ماناو داماڵدراوە لە هەموو بەهایەکی شیعریی. بە پێچەوانەوە، ئێستا دابڕانێکی گەورە لە نێوان شیعر و خوێنەری شیعر هەیە، هەمووشی دەرەنجامی ئەو بێ ماناکردنەی شیعرە، لە سەر دەستی بەشێکی زۆری نەوەی بە ناو نوێی دوای ئاپەرین. ئێمە پێشتر لەو بارەیەوە، لە چەندین ڕووەوە ئەو پاشەکشێیەی شیعری کوردیمان لەو قۆناغەدا خستۆتە ڕوو. شیعری ئێستای ئەو نەوەیەی کە پشکێ نەجمەددین بە داهێنەر و نوێخوازیان دەزانێت، زۆرینەیان لە ئاست شیعرێکی شەستەکانی جەلالی میرزا کەریم نییە. ئەو نەوەیە، پیرۆزییەك و جوانییەکی بێ شیعر و دنیای شیعری کوردی نەهێشتەوە و شیعر وەك قووتووی عەتار دەبینێت و هەرچییەك مەبەستی بێت، تێی دە ئاخنێت، وادەزانێت شیعرو قسەی ڕووت، هەریەکن. ئەو نەوەیەی هیچ بەهایەکی هونەری، بابەتی و ئیستاتیکی بێ زمانی شیعری نەهێشتەوە و شیعری تا ئەندازەیەکی زۆر، یەکسانکرد بە قسەی ڕووت و سنوورێکی لە نێوان زمانی شیعری کە هەڵگرێی چەندین خاسیەتی هونەرییە، لەگەڵ زمانی میللیی و بازار نەهێشتەوە. بەسەرنجدانمان بێ شیعری دوای ئاپەرین، باشتر ئەو ئاستییەمان بەرچاو دەکەوێت. لەلایەکی دیکەوە، ئەو شاعیرانەی ئەو وەك نوێکەرەوەی شیعری کوردی ناسزیان دەکات، دوای نزیکەی پەنجاساڵ لە نووسینی شیعر، نەیانتوانیوە ئەزموونێکی دیکەی جیاواز و ستایلێکی دیکەی شیعریی تاقیبکەنەوە، بگرە زۆرینەیان بە دەوری وشەو دەخولێنەوە و زمانی شیعرییان، هەمان ئەو زمانە شیعریە یە، کە لە سەرەتاوە پێی دەنووسن. بێیە کە شیعرێکی ئێستایان دەخوێنینەوە، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ شیعرێکی پەنجا ساڵ پێش لەمەو بەریان نییە، بە تایبەتیش لە ڕووی فۆرم و زمانی شیعرییەوە. ئەمە لەکاتێکدا دەبوو ئەو شاعیرانە، ئەزموونی نوێیان لە پەراوێزی ئەو ڕێڕەو و ئەو نوێکردنەوەیە هەبووایە، کە پشکێ نەجمەددین ئاماژەی پێ دەکات. بە داخەوە ناوەناوانی شاعیرانێك و خۆبووراندن لە هەندێکی دیکەیان، کە ئەزموونەکەیان زۆر جیاوازتر و تایبەتترە(بێ نموونە وەك سەباح ڕەنجدەر) بە بۆای من هەڵەیەکی زەقی مێژوویی و ئەدەبییە و نابێ کەسانێك تۆی بکەون، کە بە تێگەیشتنی خۆیان ئاگادارییان لە مێژووی

شیعری کوردی هەیە. ئەو ناوانەی نووسەر □□زی کردوون، نە لە □ووی قۆناغبەندی شیعرییەوە، نە لە □ووی مۆژوویی و زەمەنیشەوە، یەك ناگرنەوە و پەیوەندییەکی ئەو تۆیان بەیەکەوە نییە. بەڵام پێ دەچێت نووسەر هەر بۆ □ازیکردن، یانیش کەوتنە ژێر کاریگەریەتی پەیوەندییەکی هاوڕێیەتی و شاری، ناویان بهێنێت. دەنا ئەگەر بە وردی بۆوانینە ئەزموونی بەشێك لەو شاعیرانە، وەك باسمان کرد، هەندێکییان لە سەر نەخشەی شیعری کوردی وەك شاعیر هەرناویان نییە، چ جای بگات بەوەی □□ی هەبێت لە بەردەوامیدان بە نوێخوازی شیعری کوردی. دواتر ئەگەر نووسەر بۆوای بە پێلینکردنی شاعیران لە سەر بنەمای ساڵەکان و شوێنەکان نەبێت، بۆچی بە دیاریکراویی ناوی چەند کەسێك دەنێت؟ بە پێچەوانەوە، من بۆوام وایە، نووسەر بۆوای بەو دابەشکارییە هەیە، بۆیەشە بە ئاگاییەوە ناوی چەند کەسێك دەنێت، ئەویش لەسەر بنەمایئەوەی خۆی مەبەستیەتی نەك ئەزموونی شیعریی و نوێخوازیی شیعریی. دواجار دەڕەم، ئەو بۆچوونانە، ئەگەر هی کەسێکی دیکە بووایە، □ەنگە بۆ ئێمە جێی هەڵوەستەکردن نەبان، بەڵام ناکرێ نووسەرێکی وەك پشکێ نەجمەددین، کە خۆشی شاعیرە و ئاگای لە مۆژووی شیعری کوردی هەیە، □ەمەکییانە ناوی کەسانێك □□ز بکات و وەك شاعیری نوێخواز و داهێنەر بیاناسێنێت. ئەمە تەنها یەك پاساو هەڵدەگرێت، ئەویش بۆ ئاگاییە لە مۆژووی شیعری کوردی، بە تایبەتیش شیعری دوای □اپەڕین. بەداخەوە لەم ساڵانەی دواییدا، داتاشینی چەمك و شوناسی نوێخواز و داهێنەر و جیاواز و دانە پاڵ شاعیرێك و چیرۆکنووسێك، لای بە شێکی زۆری نووسەرانی ئێمە بۆتە مۆدە. کە تیایدا بە ئارەزووی خۆیان ئەو شوناسانە دەدەنە پاڵ ئەو کەسانەی ئەوان مەبەستیانە، بە بۆ ئەوەی لە ئاست ئەو شوناسە بن، کە دەدرێتە پاڵیان. نوێخوازی و نوێکردنەوەی شیعر، بە دروشم نییە، بەڵکو بە داهێنانە و داهێنانیش، زادەی دنیابینی جیاواز و ئەزموونێکی جیاوازە، کە دابڕانێك، لە ئەزموونەکانی دیکە دەنێتە ئاراوە.

- ئەم بابەتە لە لاپەڕەی ئەدەبی □□ژنامەی خەبات، ژمارە (6327) ی □□ژی 23/5/2022 بڵاوکراوەتەوە.

عیشقی خیالی و یوتوپیای بویەکگەیشتن لە شیعری" چەندکی تر دەتوانین ناوی ئەم سووتانە نەهێنین؟"ی فەرهاد شاکەلی دا

نووسینی/ عەتا قەرەداخی

" چەندکی تر دەتوانین ناوی ئەم سووتانە نەهێنین؟" ناونیشانی شیعرێکی فەرهاد شاکەلی-یە کە لە کۆمەڵە شیعری "نوختەی نوونەکەی ژیان" دا بەناوی کردووەتەوە. فەرهاد شاکەلی یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی نەوەی حەفتاکانی شیعری کوردی و تاکو ئێستاش بەردەوامە. ئەو سەرباری ئەوەی کە شاعیرێکی دیارە، یەکێکیشە لە نووسەرە دیارو خوێندەوارو فرە بەهرەکانی کورد و هەم بەشداریەکی دیاری لە نووسینی چیرۆکدا هەیە، هەم توێژەرێکی بەتوانایەو هەم یەکێکە لەو نووسەرانەی ئەمە کە بە کوردییەکی پاراو دەنووسێت.
لەردا هەوڵدەدین خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییانەی ئەم دەقە شیعرییەی ئەم شاعیرە بکەین. لەم خوێندنەوە ڕەخنەییەدا کە کارکردنە لە شیکردنەوەی بنیادی پێکهاتەری زمانی دەقەکەدا، شەردەبینەوە بە ناو بنیادی دەقەکەو لەوەڕا لە ئەنجامی شیکردنەوەو بنکەکردن و توێکاری پێکهاتەی زمانیی و شیعریەتی دەقەکەدا، هەوڵدەدین ئەو پرسیارانەی دەقەکە بەرزیان دەکاتەوەو جیهانبینی گشتی دەقەکە دیاری بکەین.
بە ئەنجامدانی ئەم کارە میتادی ڕەخنەی پراکتیک بە ڕەهەندە جیاوازەکانیەوە بەکاردەهێنین کە بریتیە لە کارکردن لە چوارچێوەی دەقەکەدا، ئەویش لەسەر بنەمای شیکردنەوەی بنیادی زمانیی دەقەکەو هەوڵدان بە ئاشکراکردنی ئاستی شاراوەی دەقەکەو دەزینەوەی ماناو دەلالات و پرسیاری دەقەکەو لەوشەوە کاردەکەین بە ئاشکراکردنی جیهانبینی گشتی دەقەکە. بە ئەو مەبەستەش مامەڵە لەگەڵ ڕەگەزە زمانییەکانی دەقەکەو ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنانی شیعریەتی دەقەکە دەکەین لە وێنەو مۆسیقاو میتافەرو لێکچوون و دوانەی بەرامبەرو و دژو کەی تەکنیکەکانی تری بەرهەمهێنانی شیعریەتی دەق.
سەرەتا ئاماژە بە ئەوە دەکەین کە ئەم دەقە شیعریە لە ساڵی ۲۰۱۰ دا نووسراوە، واتە بەرهەمی نزیکەی چل ساڵ دوای دەستکردنی ئەم شاعیرە بە نووسین. هەروەک ئاشکرایە ئەم دەقە لە ڕێژاواو لە

دڕاوەی زەدی شاعیر نووسراوە، کە نزیکەی چل و پێنج ساڵێ ئەو زەدی خەیی بەجێهێشتووە، بەڵام کەی دڕبەین و زاراوەو زڕینەی وێنەکانی و ڕەگەزو تووخم و کەرەستەکانی بەرهەمهێنانی ئەم دەقەو زڕبەی دەقەکانی تریشی لە زەدی خەی و لە ڕەگوڕیشەی ڕەسەنی کەلتوری خەی وەرگرتووە. ئەوەش خاڵێکی گرنگ سەبارەت بە ئەزموونی ئەم شاعیرەو زڕینەی شاعیرانی تری نەوەکەی ئەم و نەوەی دوای ئەمانیش نیشان دەدات کە چەند پەیوەستن بە ڕەگوڕیشەی خەیانەوە، لەکاتێکدا زڕینەی شاعیران و نووسەرانی نەوەی دواتر کە زۆرکێشیان تەنیا زمانێکەی خەیان زیاتر نازانن و بەجگە لە کەلتوری کوردی ئاگاداری کەلتوری میللەتانی تر نین، کەچی نە زمانی کوردییان ئەرکی گەیاندن جێبەجێ دەکات، نە بیرکردنەوەیان کوردیە، هەربۆیە نووسینەکانیان چ شیعر بێت یان چیرۆک یان زمانی پەخشان، هەستناکرێت پەیوەندی بە کوردو کەلتوری کوردی و ڕەگوڕیشەی کوردیەوە هەیە. هەبێت بەرهەمەکانیشیان لەو ئاستەشدا نین بووبنە ئەدەبێکی جیهانی، یان گەردوونی، چونکە ئاشکرایە هەر ئەدەبێک شوناسی تایبەتی خەیی نەبێت، ناشێت ببێتە خاوەنی شوناسی گشتی. لەم ڕوانگەیەوە خاسەتێکی دیاری بەرهەمەکانی فەرهاد شاکەلی سەرباری ئەو ماوە دوورودرێژەی دوورکەوتنەوە لێرە، ئەو لەوێوە هەشتا بەتوندی ڕەگوڕیشەی بە قوڵایی ئێرەدا ڕۆچووەو بەرهەمەکانی شوناسی ئەدەبی کوردییان هەیەو لەپاڵ ئەوەشدا بگومان بارگاویکراون بە جیهانبینی گەردوونی.

ناونیشانی ئەم دەقە شیعریە پرسیارێکی تا ئەندازەیەک درێژە. لە ڕاستیشدا درێژی ناونیشان خاسەتێکی دیاری شیعری ئەم شاعیرەی ئەمەیە. ناونیشان ڕەگی کلیل دەبینێت بۆ کردنەوەی دەرگای دەق، یان بۆ واتایەکی تر ناونیشان دەکارێت وەها سەیر بکرێت کە چەکەرەوەی جیهانبینی دەق بێت. درێژیی ناونیشان دەشێ ڕەگای چوونە ناو دەقەکە ئاسانتر بکات. لەڕەدا وەکو ئاماژەمان بە کرد ناونیشانی ئەم دەقە پرسیارەکە، شاعیر بە ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی کە دەپرسێت " چەندێکی تر دەتوانین ناوی ئەم سووتانە نەهێنین؟".

ڕووداوێک لە ڕابردودا ڕوویداوەو ئەو ڕووداوەش بووەتە هەی سووتان. دیارە هەتا ئێستا ئەو سووتانە شاردراوەتەوە، یان باس نەکراوە، یان ناونەنراوە، کە دەشێت سووتانی مەعنەوی یان عیشق بێت. پرسیارەکە سەبارەت بە مەودای ئەو کاتیە کە ئەمان دەتوانن ناوی ئەو سووتانە نەهێنن؟ کە دەشێت بگوترێت مەبەست ئەوەیە کە ئەمان نهێنیەک لە نەوانیانداید، کە دیارە ئەوەش عیشقە و ئەو سووتاندنەی باس دەکرێت دەرئەنجامی ئازاری ئەو عیشقەیە، بەڵام ئەمان تاکو ئێستا ئەو عیشقەیان شاردۆتەوە. ئەو شاردنەوەیەش دەشێت بە دوو جۆر لێکبدرێتەوە، یەکەمیان ئەوەیە کە لە خاڵێکی تریان

شاردبەتەوە. دووەمیان دۆشەت هەریەکە لەمان لای خۆیەوە لە ئازاری خۆشەویستی یان عیشقی ئۆیتریاندا بژی و تاکو ئێستا ئەوەیان بە یەکتر نەدرکاندبێت، هەرچەندە عیشق نە زمانی دەوەت نە درکاندن، بەڵکو عیشق لە ڕەگای نیگاو ئاماژەو زمانی ڕەحەوە هەڵدەگیرێت و تێگەیشتن دەکرێت. کەواتە ئێستا ناونیشانی ئێم دەقە شیعریە ئەوە لەخۆیدا کەدەکاتەوە کە ئازارو سووتانێکی بەهێزو کڕیگار هەیە، بەڵام تاکو ئێستا شوناسی ئەو ئازارو سووتانە ئاشکرا نەکراوە. شاعیر لەوەش دڵنیا نییە هەتا کەی شوناسی ئێم ئازارو سووتانە بنەهێنی دەمێنێتەوە.

لە دێستپێکی دەقەکەدا هاتووە : چەند ساڵێ شنەبایەک نەما لێی نەپاڵێمەوە،/ گوڵاڵە نەما دێستوداوێنی نەبم،/ وشەی کوردی نەما نەیکەمە تکاکار،/ من بیابانم و تۆ تاوە بارانی،/ من غەریبایەتی و تۆ نیشتیمانی./

لێم دێستپێکەدا شاعیر خۆی لە پێگەیەکدا وێنادەکات کە لەبەرامبەر کەسی دووەمدا ڕاوەستاوە، بەڵام ڕاوەستانێک کە دەربڕینەکانی نیشانی دەدەن ئێم لە پێگەیەکی لاوازدایەو داواکاری بە ئەو بەرزدەکاتەوە، یان تکای لە دەکات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئێم داواکاری هەیە، بەڵام داواکارییەکەی هێشتا ئاشکرا نیە. دۆشەت ئێم لای خۆیەوە عەشقی ئەو بێت و بێ بسووتێت بەڵام وا دەردەکەوێت ئەو یان لێم بێ ئاگا بێت، یان هەستی بە ئێم نەجوڵێت یان خۆی لە ئاستێکی بەرزتردا ببینێت. هەر بۆیە لە هەرچی شنە بایە پاڵاوەتەوە، دێستەو داوێنی هەرچی گوڵاڵەیە بووەو هەرچی وشەی کوردی هەیە کردوویەتیە تکاکار بە ئەوەی ناوەندگیری لە نێوان ئێم و ئەودا بکەن و بەوەش ئەو خۆشەویستی ئێم پەسەند بکات و سەرئەنجام کۆتایی بەو ئازارە بهێنرێت، کە پەدچێت زەر درێژەی کێشابێت، کاتێک ئێم باسی ئەوە دەکات چەند ساڵێ ئێم لە هەوەی ڕازیکردنی ئەودایە.

شاعیر خۆی لەبارەکدا نمایش دەکات کە لەبەرامبەر ئەودا ڕاوەستاوە، واتە لێرەدا دووانەیەک درووست دەبێت ئۆیش دوانەی من / تۆ-یە. من کە کەسی یەکەمی تاکەو قسەکەرە، دروستتر وایە بڵێین شاعیرە لەبەرامبەر کەسی دووەمدا ڕاوەستاوەو دەیدوێنێ، کە دیارە ئۆیش کەسی دووەمی تاکە. سروشتی ئێم دووانەیە وادەبینرێت کە جەمسەری یەکەم – من-ی شاعیرە یان ئێمی عاشقە، جەمسەری دووەم –تۆ – تۆی مەعشوق کە پەیوەندی نێوان ئێم دووانە بریتیە لە عیشق، واتە هێز یان ڕایەڵەی بەهێزی عیشق ئێمانی پێکەوە بەستووە. لە شێوەی دەربڕینی زمانی ئێم کۆپلەیەدا وادەردەکەوێت کە ئێمی شاعیر لە هەوەستی پاڵانەوەو تکاکردنەدایە، کە ئەمەش ئاگەڕ لە دەڕەوەی

چوارچێوەی عیشقدا باس بکرێت، هەوڵستەکە لاوازی دەنوێنێت، بەڵام دیارە عیشق پەیوەندی ئەو ڕەسەن نەریتە ناکات. لەبەرامبەر پێگەی لاوازی ئەمدا، وادەردەکەوێت کە پێگەی ئەوی مەعشوقە یان بە زمانی سەردەم ئەوی خۆشەویشت پێگەیەکی بەهێزتر بێت. ئەم باسی ئەوە دەکات کە چەند ساڵێ ئەم پەنای بەشنەی با-و گوڵاڵەو وشەی کوردی بردووەو لەیان پاڵاوتەوەو کردوونی بە تکاکار لەبەرامبەر ئەودا. بەڵام دەشێ بپرسین ئەمی شاعیر ئەمانەی لە پەناوی چیدا کردووە؟ ئایا بە ئەوەی ئەو خۆشی بوێت، یان بە ئەوەی چیتر بە ئاگری عیشق نەیسوتێنێت و بە خۆشەویستیەکەی رازی بێت، یان بە ئەوەی عیشقەکەیان کە ئەو بە سووتان ناوی دەبات ئاشکرا بکەن و لەوە زیاتر نەیشارنەوە؟

وەکو گوتمان بنیادی دەقەکە تا ئەندازەیەک لەم دەستپێکەدا دەردەکەوێت لەسەر بنەمای دووانە بنیادنراوە کە یەکەمین دووانەش، دووانەی من / تۆ-یە. لەپاڵ ئەم دووانەیەدا، دووانەی تر کە تا ئەندازەیەک خاسێتی دووانەی بەرامبەریان هەیە بەرهەم دێت وەکو دووانەی (بیابان / باران، دووانەی غەریبایەتی / نیشتیمان). وەکو لە دەقەکەدا دەبینرێت ئەمی شاعیر نەک خۆی بە بیابان و غەریبایەتی بچوێنێت، بەڵکو خۆی بە بیابان وغەریبایەتی پێناسە دەکات، واتە جەمسەری یەکەمی ئەم دووانانە کە جەگرەوەی – من –ن هەڵگری مانا و دەلالاتی وشکی و بێ بەرهەمی و نامۆیین، واتە نەبوونی خاسێت و سیماکانی ژیان. لەکاتێکدا جەمسەری دووەمی ئەم دووانانە کە بریتین لە باران و نیشتیمان، دەلالەتی ژیان و زیندەگانی و پێوەستبوون و وابەستەبوون هەڵدەگرن. کەواتە لە دەستپێکی دەقەکەوە ڕاناوی من یان کەسی قسەکەر وا پێشکەش دەکرێت کە لەبارێکی ناجێرو بێبەرهەم و وشک و نامۆیەدایە. ئەمەش هەکارە بە ئەوەی داواکاری بە کەسی بەرامبەر، واتە بە " تۆ" بەرزبکاتەوەو تانانێت تکای لە بکات، کە وەکو گوتمان ئەم هەوڵستەش کەسێتی من لە پێگەیەکی لاوازدا نیشان دەدات. ئەمە لەکاتێکدا کەسی بەرامبەر، یان تۆ هەڵگری مانای ژیان و زیندەگانی و پێوەستبوونە بەخاک و زەوی، لە بارو پێگەیەکی بەهێزتردایەو لە وێنەیەکدا بەرجەستە دەکرێت کە لە ئاستێکی بەهێزتر یان بەرزتردایەو داواکاری بە بەرزدەکرێتەوەو تکای لە دەکرێت.

لە دەقەکەدا هاتووە:

لە دەشی ئاگردا بێت دەگەڕێم، گەر بەربەیتە ئەم هەموو هەورازو نشێوە،/ ببیتە بایەک گشت جەنگەڵ و دارستانەکان بنیتە لەرزین./ لافاوە بێ نایەت، دەوەنی دەکاویی لاکان راماڵیت؟/ تۆ مانگی لەو ئاسمانەوە سەرزەوی دەنەخشێنی،/ بە گەڵێ تیشکێک دەم گرێ بدە!/ با

بە هەر کوێیەک سەر هەڵگرێت و بە هەر شاخێکەوە بگیرسێت،/ بەتەوە کاسانەکەی تێ./
ئەمی شاعیر ئەو دادوەنەت، راستە لە دەستپێکی دەقەکەدا بە راناوی کەسی دووەمی تاک ناوی دەبات و سەرباری ئەوەی ئەمە بە گریمانە گوتمان دەشێت ئەو کەسە خۆشەویست، یان مەعشوقەکەی بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەشتا شوناسی ئەو کەسە ئاشکرا نییە. ئەم ئێستا سەرباری ئەوەی وەکو کەسی بەرامبەر دەیدوەنێت، بەڵام لەراستیدا ئەو ونە، یان ئامادەبوونی نییە لەبەرامبەر ئەمدا. هەر بۆیە باسی ئەوە دەکات لە دەی ئاگردا بۆی دەگەڕێت، واتە لە گەرمترین شوێندا سەراخی دەزێنەوەی ئەو دەکات و خواست و ویستیشی هەیە کە ئەوی ناو دەی ئاگر جێبەجێی بکات، ئەویش ئەوەیە ئاگر بەربدات لە هەموو هەورازو نشێوێک. دیسان لەڕەدا ئەو وەکو خاوەن هەزو توانا وێنا دەکرێت بە لابردنی کەسپ و ڕێگرییەکان. هەردوو وشەی " هەورازو نشێو" کە دیسان پێچەوانەی یەکترن و وەکو دووانەی دژ سەیردەکرێن، دەلالەتی بەربەست و کەسپ هەڵدەگرن، کە دەشێت مەبەستی ئەمی شاعیر ئەو بەربەست و کەسپانە بێت کە بوونەتە دیوار لە نێوان ئەم و ئەودا، یان بەربەستی ڕێگای ناونانی سووتانەکەی ئەمانە کە مەبەست لە سووتانیش لەسەر بنەمای ئەم لەکدانەوەیە عیشقە. دیسان داوای لە دەکات ببێتە بایەکی هێندە بەهێزهەموو دارستان و جەنگەڵەکان بڕنێتە لەرزە. بەگومان کارەکی لەم جەڕەش هەزەکی نائاسایی دەوێت. هەر بە دوای ئەوەدا دەپرسێت بۆچی لافاوە نایەت دەوەنی دەکاوی لانەکان رامالێت. لە پشتی هەموو ئەم خواستانەی ئەمی شاعیرەوە، خواست و ئارەزوویەک هەیە بە بوونی هەزێک کە بتوانێت شتەکان بلەرزێنێت، گیان بدات و ڕایانبمالێت. کەواتە ئەم وەکو بەربەست سەیری ئەو شتانە دەکات بۆیە دەخوازێت وەکو خۆیان نەمێنن. وەکو گوترا ئەم داوا لە ئەو دەکات کە ئەم کارانە ئەنجام بدات، بەڵام ئەو کێیە؟ بەگومان ئەم لە ڕێگای ناوهێنانی ئەو یان لەکچواندنی بە توخم و ڕێگەزەکانی سروشت، دیاردەیەکی بەجەرگ ئەو بناسێنێت. ئەو بە مانگ ناو دەبات. مانگ لە دوای خەر دووەم سەرچاوەی ڕووناکیە لەم گەردوونەدا، کە زەوی ڕووناک دەکاتەوە. ئەم باسی ئەوە دەکات کە ئەو، ئەو مانگەیە لە ئاسمانەوە کاریگەری خۆی لەسەر زەوی دیاری دەکات و زەوی دەنەخشێنێت. واتە ناڕاستەوخۆ باسی تواناو لێهاتوویی ئەو دەکات. ئەمەش هەکارە بە ئەوەی ئەم لە لایەک ئەو لە پێگەیەکی بەرزتردا دابنێت و لە لایەکی تریشەوە ئەم چاوەڕوانی ئەو بکات کە کەمتر شت بە ئەم ئەنجام بدات. بە مانایەکی تر لە پێوەندی دووانەی من / تە دا، تە وەکو بوونەوەرێکی بە دەستاتر دەردەکەوێت، ئەوەش هەزی دەستاتکردن و هەژموونکردنی پێ دەبەخشێت. لەڕەدا لە

ئاستی نەبینراوی دەقەکەدا ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت، کە سەرباری لەبەرامبەر یەکتردانانی من / تۆ وەکو دوو جەمسەری بەرامبەر، بەڵام ئەو دوو جەمسەرە لە ڕووی هەزمو دەسەڵات و هەژموونەوە یەکسان نین. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە مەرج نییە کاتێ دووانەی دژ یان بەرامبەر پێکهاتە لەگەڵیدا یەکسانی پێکبێت. واتە لە پێکهاتەی دووانەی بەرامبەریشدا ئەگەری یەکسانی یان هاوتابوونی تەواوەتی ئەگەرەکی لاوازە مادەم ئاستی دەسەڵاتکردن و هەژموون لە هەموو بارودۆخێکدا بە گشتی پەیوەندنی بە توانا و لێهاتوویی تاکەکەسیەوە هەیە.

ئەم لەم پێگەیەی خوارەوە داوا لەو دۆکات بە گەنج تیشکێک دەی گرە بدات. گەنج بە بڕوای شریت بەکار دەهێنرێت. ئەم لێرەدا وشەی گەنجی بە تیشک بەکارهێناوە، کەواتە گەنجی کردووە بە هاووەتای گورزە تیشکێک کە هەم لە زانستی فیزیاداو هەم لە زمانی کوردیدا بە تیشک گورزە بەکاردێت، کە مانای دەستێپێک یان کەمێک دەگەیەنێت. بەڵام لێرەدا گەنج مانایەکی گونجاوتر دەبەخشێت بە پەی ئەو ئامانجەی لە پێناویدا بەکارهێناوە، چونکە گەنج مانای وایە لە یەک تاە درێژ پێکهاتووەو لەسەر یەک هێڵکراوەو تەنیا ئەمسەرو ئەو سەری هەیە. ئەم دیاردەیە ئەو بەم تاە تیشکە درێژە دەی گرە بدات یان ببەستێت کە دیارە سەری دووەمی ئەو تاە تیشکە لای ئەو دەمێنێتەوەو ئیتر ئەم بە هەرکۆیەک بڕوات بڕوە بەستراوەو لێژر دەسەڵات و هەژموونی ئەودایەو ناتوانێت لە مەودای درێژی ئەو گەنج یان تاە تیشکە دوورببێتەوە. واتە لە ڕێگای ئەو تیشکەوە ئەم بەستراوەتەوەو لێژر ڕکەفی ئەودایە. ئەمەش لە ئاستی نەبینراوی دەقەکەدا ئەو دەلالەتە هەدەگرێت کە ئەم دیاردەیە بەستراوەو پەیوەست بێت و یەکێک ڕکەفی بکات و بیجوڵێنێت و ئەمیش نەتوانێت لە قسەمەو و فەرمانی ئەو دەربچێت. ئەمەش لە ئاستێکی تردا ئەو مانایە هەدەگرێت کە مرۆڤ بە سروشتی یان دەشێت بەپێن بە غەریزە دەخوازێت یەکێک بەرپرسیاری بێت یان لێژر دەسەڵاتی یەکێکدا بێت و لەسەرەو لە دەرەوەی خۆی بیاری بە بدرێت و بڕیوە ببرێت.

هەروەک لێرەدا وێنەو دەربینی " بە هەر کۆیەک سەرهەڵبگرێت و بەهەر شاخێکەوە بگیرسێت، بێتەوە کاشانەکەی تۆ" داشتنەوەی هەمان دێڕە شیعرێکی دیاری بەخودی شاعیرە کە دێت: ئاخە بە چ شاخێکەوە گیرساوە دەی من". چیرۆکی ئەم شیعرەی بەخود ئەوەیە کە برازاکەی سەری خۆی هەدەگرێت و دێڕەوات و ون دەبێت، کە دیارە بەخود زۆری خۆشویستووە. بەیە ئەو شیعرە پڕ لە سۆزەو بەو ئاستەبەرزە هونەرییەی بە نووسیووەو ونبوونی برازاکیشی دەچوێنێت بە ونبوونی یوسفی کوڕی یەعقوب کە چێن براکانی فێڵی دەدەنە بنی بیرەوەو

کراسەکەی خوێناوی دەکەن و دەیبەنەوە بۆ باوکیان و پێی دەڵێن گوایە یوسف گورگ خواردوێتی. شاعیر لە دڕبەینەکی هونەری جواندا بۆ ئەوەی دەی ون نەبێت کە دیارە مەبەست خۆیەتی، داوا لە ئەو دەکات دەی بۆ گەڕێ تیشکێک گرێ بدات بۆ ئەوەی بۆ هەر کوێیەک بچێت ئەم بۆ ڕاکشانی تاڵی تیشک بتوانێت بیگەڕێتەوە لای خۆی بۆ ئەوەی نە بۆ شاخەوە بگیرسێتەوە، نە بۆداخەوە بسووتێت، نە لێبنی بیردا بمێنێتەوەو بخنکێت.

لە دۆقەکەدا هاتووە:

وێنەی گوڵی خاشخاشی تۆ، گەر دەتوانم هۆش و هەستم لە بەستەنەوە،/ مەستم کەی،/ با هەموو ڕازێکت بۆ هەڵێژم./ بۆ تۆنیام جۆ مەڵێ!/ وا ئاسان مەڵێ! هەموو ئێستڕەکان بۆ دووتدا دێن. وا زوو مەڵێ!/ خۆ من هێشتا پەڵەهەورەکم نەناسیووە./ با تاوەبارانەکی شین بدا لەم تەمەنە ژەنگاویيەم./ مەڵێ با کانیەکی دۆ وشک نەکات!/ مەڵێ با ئەم شەڵێ بییانیش لەم نەتڕێن!/

جارەکی تر ئەمی شاعیر ئەو لە ڕێگای ڕێگەزەکی سروشتەوە دەناسێنێت، کە ئەویش گوڵی خاشخاشە. گوڵی خاشخاش زیاتر بۆ جوانی دەوێنرێت، بەڵام لە پزیشکیی کۆندا وەکو دەرمان بۆ حەوانەوەو خەوتن بەکارهێنراوە. دواتریش وەکو سڕچاوەیەکی دیاری مادەی هێشبڕ بەکارهێنراوە. ئەمی قسەکەر ئەو بەم گوڵە ناودێبات و هەمان ئێرکیشی پێدەسپێرێت، یان داوای ئەوەی لە دەکات کە گوڵی خاشخاش ئەنجامی دەدات کە لەسەندنەوەی هۆش و هەستەو گیاندەتی بۆ لوتکەی بێهۆشی، یان وەکو ئەو دەڵێت گەیشتن بۆ ئەوپەڕی مەستی. هەروەک ئەم داواکارییەش بۆیە لەو دەکات بەکو ئەم بگاتە ئەوپەڕی مەستی و رازو نیازی دەی خۆی بۆ ئەو ئاشکرا بکات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم لێباری ئاسایی خۆیدا ناتوانێت، یان پەکەشی ئەوە ناکات ناوەوەی خۆی بۆ ئەو ئاشکرا بکات.

ئەم لە تۆنیایی دەترسێت، بۆیە داوا لەو دەکات کە بەجێنەهێڵێت و نەڕوات چونکە ئەگەر ئەو بڕوات هەموو ئێستڕەکان بەدوایدا دەڕۆن و ئەم بەتۆنیا دەمێنێتەوە. کەواتە لەڕەدا ئەم وێنای ئەو وەکو هەساریەکی گەورە یان بەهەز دەکات، کە ئێستڕەکان لە مەداری ئەودان و بەدوای ئەودا کەش دەبن. لەبەرامبەردا خۆی وا وێنا دەکات کە بەتۆنیایەو نەک هیچ ئێستیرەو شتێک لە مەداری ئەمدا نین بەکو ڕایشی دەگەیەنێت کە ئەم هێشتا پەڵە هەورەکیشی نەناسیووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم بوویەکی تۆنیایە، دەشێت هەر ئەوەش هەکاری سەرکی بێت بۆ ئەوەی لە پەگەیەکی نزم و بەهەزدا لەبەرامبەر پەگەی بەرزو بەهەزی ئەودا دەربکەوێت.

ئەم لە ئێستادا لە بارەکدایە پەویستی بە ئەو هەیە، بۆ تایبەتی

لەکاتەکدا کە هەشتا پێنج هەورێکی نەناسیووە. واتە ئەگەر دوای ئەوەی ئەم پێنج هەورێکی بناسیایە ئەو بەیشتایە، رەنگە ئەوەندە هەستی بە تەنیایی نەکردایە، چونکە ئەم باسی تەمەنی ژنگاوی خەی دەکات و داوا دەکات تاوە بارانێکی شین بەسەریدا دابارێت و ژنگی تەمەنی بشواتەوە. بەگومان " تەمەنی ژنگاوی" هەگری دەلالەتی ژیانێکی پر لە ئازارو ژان و خەم و دواکەوتوویی و سەرتایبوون و گۆشەگیری و دوور لە مانای راستەقینەی ژیانە. ئەگەر ئەم پێنج هەورێک بناسێت ئەوا ئومیدی ئەوە هەیە تاوە بارانێکی شین دابارێنێت بەسەریداو ئەو رووپۆشە ناشیرینە بشواتەوەو گەوهەرو راستی ژیانی دەربخات. واتە باران دەوری هەماهێنی رووپۆش و ئاشکراکردن و نمایشکردنی رووی راستەقینەی شتەکانی هەیە. ئەم بەجگە لەوەی باران هەمای ژیان و زیندەگانیەو ئەم پێشتر ئەوی بە باران ناوبرد. ئەم دەترسێت رەیشتنی ئەو ببێتە هەی کەتایهاتنی هەموو دیمەنێکی ژیان و ژیانویستی لای ئەم. لە ئاکامدا بەتەواوەتی لە هەموو سیماو خاسەتێکی زیندویتی و ژیان و جوانیەکانی ژیان رووتی بکەنەوەو هەموو رەگەزە زیندووەکانی ئەم سرووشتە پشتی تێبکەن و لە تەنیاییەکی خنکێنەردا بمێنێتەوە. لەبەردا ئەم تا ئێندازەیەکی ئاشکرا مانەوەو بوونی خەی بە زیندوویی پێویست دەکاتە بەوەی تاچ ئاستێک ئەو وەهامی داواکاریەکانی دەداتەوە.
لە دەقەکەدا هاتووە:
چەند ساڵە کەشتیەکی سپیی گەوهەربار / لەناو شەپۆلی زەریادا شەو و رۆژ دەکاتەوە/ رووناکاتە ئەم بەندەرە چۆڵ و خەمبار و تەزاویە../ چرایەکی گەش لە دوورەوە دەگەڵت،/ دڵنیای مەمکە بە یادی کەپەی ئاگرە هەناسە دەدات./ پەیشکێک ناگاتە ئەم مەیخانەیە، رەحم تاوە داگیرسێنە./.
لەبەردا شاعیر دووانەیەک لە نێوان ئەوە / ئیرە-دا دروست دەکات. کە لەوە کەشتیەک هەیەو لەبەر ئەم خەی هەیە، واتە کەشتی لەوێیەو ئەم لەبەریە. ئەو کەشتیە لەناو شەپۆلی زەریادا دەت و دەچەت و بەردەوامەو رەنگی سپیەو بارەکی بەنرخیشی هەگرتووە، کە ئەو بە گەوهەر ناوی دەبات. رەنگی سپی کە هەمای ئاشتیەو گەوهەر کە باری کەشتیەکەیە هەمای بەهاداریە، هەردووکیان گرنگی کەشتیەکە نیشان دەدەن. لە رووی راستیەوە کەشتی لە دەریادا بەرەو بەندەر رەگا دەکات، واتە ئامانجی کەشتیەکە دەبێت گەیشتن بێت بە بەندەر. لەبەر بەندەرێک هەیە بەهام ئەم کەشتیە رووناکاتە ئەم بەندەرە چونکە بەندەرەکە وا وەسف دەکریت کە چۆڵ و خەمبارو تەزاویە. ئەم سەئاوەناوەی کە بە وەسفکردنی بەندەرەکە بەکارهێناون، هەرسەکیان دەریدەخەن کە رەنگە ئەم بەندەرە بە لەنگەرگرتنی کەشتیەکی لەمجەرە

شیاو نەبێت. هەربۆیە کەشتیەکە پێی باشترە لەناو شەپۆلی زۆریادا شەو و ڕۆژ بکاتەوە، کە دیارە ئەوەش جێگای مەترسیە، بەڵام لە بەندەرەکی لەم شەوێدا لەنگەر نەگرێت. ئێستا لە ئاستی نەبینراوی دەقەکەدا، یان لە پشتی زمانی بینراوی دەقەکەوە ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە کەشتیەکە لە ڕوانگەی ئەمەوە بریتیە لە کەسی دووەم واتە " ئەو" ئەوی بەرامبەرو بەندەریش ئەمە، کە ئەم هەر لە دەستپێکی دەقەکەوە داوا لە ئەو دەکات ئاوەی لە بداتەوە، یان بە واتایەکی تر لە ئامێزی ئەمدا لەنگەر بگرێت. لە کاتێکدا ئەوە وەکو شوێن بەرجەستەی زۆریا دەکات، ئێرە لە هەمان ئەم دووانەیەدا کە دووانەی ئەوە / ئێرە- یە وەکو شوێن بەرجەستەی بەندەر دەکات. لەم هاوکێشەیەدا ئەوە شوێنی کەسی بەرامبەرە واتە تە، ئێرە شوێنی کەسی یەکەمە واتە من، کە دیسان لەم دووانەیەشدا هەم ماوەی نێوان ئەوە / ئێرە، هەم دیواری نێوان تە / من وەکو خەی بە دووری و بە پتەوی دەمێننەوە.

چرایەک لە دوورەوە دەگەێت ئەوە چرای کەشیکەیە بە تایبەتی لە شەودا دادەگیرسێنرێت، هەرچەندە لە کەندا کە ڕوانگەو ڕێنیشاندەر نەبووە بە بەندەرەکان، لە شەودا لەسەر شوێنکی بەندەر ئاگرەکی گەورە کراوەتەوە بە ئەوەی کەشتی لە قوڵایی دەریاوە ئەو ئاگرە ببینێت و بەو ئاراستەیە بجوڵێت، هەروەک لە ڕۆژیشدا لەبەرزترین شوێنی بەندەر ئاوێنەیەک دانراوە بە ئەوەی تیشکی ڕۆژ بشکێنێتەوەو کەشتیەکانی ناو دەریا لە دوورەوە ببینن و بەو ئاراستەیە ڕێگا بکەن. بەڵام ئەم کەشتیەی لە دەقەکەدا باس دەکرێت نایەوێت بە ئاراستەی ئەم بەندەرە چێ و خەمبارو تەزاویە بجوڵێت. هەربۆیە تیشکەک لەو چرا گەشەی لای ئەوەوە دەگەێت، پریشکەکی ناگاتە لای ئەم و هەر هیچ نەبێت بە تاوەک ڕەحی ئەم داگیرسێنێت. ئەم لای خەی بە مەیخانە وەسف دەکات، کە ئەوەش مانای مەستی و خامۆشی و بە ئاگایی دەگەیەنێت. منی شاعیر وەکو بەندەرەکی چێ و وەکو مەیخانە باسی خەی، یان شوێنی خەی دەکات، کە ئەوەش بەو مەبەستەیە بڵێت دیمەنی ژیان لای ئەم و لەو شوێنەی ئەمی تێدایە زۆر لاوازە، بۆیە چاوەڕوانی تیشکەک دەکات کە لای ئەوەوە بێت و چرای خامۆشی ڕەحی داگیرسێنێت.

لە دەقەکەدا هاتووە:

هەموو ئەوارانم دەسووتێنی و/ هەموو بیانییەکم بە تەمی خەونکی سپی دادەپۆشی./ بایەک دەپێچم بە خەموە، بای ئەو چڕەوانی و بیابانە،/ بشکێم / لەم وەرزە ڕچیوانە بمپارێزە، لە زستانی دووریتا / گەرمییەک ببەخشێتە ئەسکەڵە خەاووکانی ناو ئەم کوانووە./

ئەمی شاعیر ڕوودەکاتە ئەو و ڕاستوخۆ وەکو ئەوەی لەبەردەمیدا

ئامادەبێت، واتە وەکو کەسی دووەم لێگەڕێی دەدوێت. بەڵام ئاشکرایە کە تەنیا بە خۆیان ئەو لەبەرامبەر خۆیدا ئامادە دەکات، کە ئەمەش بارەکی ئاسایی لە شیعردا کە شاعیر زۆربەی کات کەسی سێیەم کە دوورە لێیەوە، یان هەندجار ئەو کەسە هەر بووەنیشی نیەو لە خۆیادا دروست دەکرێت، بە راناوی کەسی دووەمی تاک دەدوێنرێت. ئەمەش بەو مەبەستەی دەریبخات کە پەیوەندی بەهەزو نهێنی لە نێوانیاندا هەیە، یان دەشێ بەکاریگەری خۆیان ماوەی نێوانیان نزیک بکاتەوە بەو مەبەستەی نیشانی بدات کە زۆر لێیکتر نزیکن و پەیوەندی پتەو و بەتین لە نێوانیاندا هەیە.
ئەم ئێستا رووەکاتە ئەو و گلەیی و گازندەی لە دەکات لەبەرئەوەی کە کاتەکانی ئەمی تەکداوە بەوەی هەموو ئەوارانی دەسووتێنێ و هەموو بەیانیانیشی بە تەم دادەپۆشێت، بەڵام تەمی دوای باران نا، بەڵکو تەمی خەونێکی سپی. لە راستیدا " تەمی خەونێکی سپی" وەکو وێنەیەکی جوان بە ئامانجێکی پێچەوانەی وێنەکە بەکارهاتووە، کە داپۆشینی بەیانیانە. لە رووی سروشتیەوە بەیانیان کاتی هەڵاتنی ئاسەو دەرکەوتنی پرشنگی بەیان و سەرەتای رۆژێکی نوێ و دەشێ دەستپێکێکی نوێ بێت، بەڵام ئەم سەرەتاو دەستپێکە بە تەم دادەپۆشرێت. هەرچەندە لە دانانێکی پێچەوانەدا دەشێت خەونی سپی بە مانایەکی ئەرێنی لێکبدرێتەوە مەبەست خەونی جوان و ئومێدی رووون و ئاشکرا بێت بە ئایندە، بەڵام لەراستیدا لە چوارچێوەی دەقەکەداو پەیوەست بە کەسێتی – من- لەبەرامبەر –تە-دا، یان ئەم بەرامبەر بە ئەو، زیاتر ئاراستەی لێکدانەوە بە رووی نەرێنییدا دەکەوێتەوە ئەوە دەگەیەنێت کە منی شاعیر بە کەسی بەرامبەری بڕێت لە ئەنجامی وەڵام نەدانەوەی خواست و داواکانی ئەمدا ئەو هەموو کاتەکانی ئەمی وەران کردووە.
ئەم لەم بارە ناجێگیرەدا کە بە وەڵامی و پشت تێکردنی ئەو بەی دروستکردووە، نایەوێت خەی بدات بەدەستەوە دەستبەرداری خەی و ژیان نابێت. هەربۆیە باسی ئەوە دەکات کە هەوەی خۆپاراستن و خۆ دەربازکردن لە فشارو کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەو بارودۆخە دەدات. بە ئەو مەبەستەش جارێکی تر بە خۆپاراستن پەنا دەباتە بەر توخم و ڕەگەزەکانی سروشت. بایەک لە خەیەوە دەپێچێت، بەڵام بایەکی ناسراو کە بای چەقەوانی و بیابانە. ئەویش بەو ئومێدەی لە سەرمای وەرزی زستان و رچینی دوور لە ئەو بیپەرزێت. لێرەدا لە لێکچواندنێکی ناتەواودا با وەکو ڕەگەزێکی سروشت کە ڕەگەزێکی نەبینراوە دەچوێنێنێت بە جل و بەرگ و وەکو پەداویستی مرۆڤ بە پۆشین و خۆپاراستن لە سەرماو گەرما بەکاری دەهێنێت. ئاشکرایە جل و بەرگ لە دروستکردنی مرۆڤ خەیتی. واتە لێرەدا خاسێتی

دروستکراوی دەستی مرۆڤ دەدات بە یەکێک لەچوار توخمە سەرکیەکەی پێکهێنەری گەردوون کە ئاو تووخمەش بە-یاو دەیپەچڕێت لە خۆیەوە. واتە خاسیتی بینراو و دەست لێدراو یان خاسیتی بەرجەستەی جل و بەرگ دەبەخشێت بە با.

ئەم ئومێدی ئاوەی بەو بە-یە هەیە لە سەرمای وەرزی رچیو بیپارێزێت، کە مەبەستی لە وەرزی ڕچیو هەموو ئاو کاتانەیە کە دوورە لەوەو ئاو لای لە ناکاتەوە. تەنانەت ئەم بەهیوای ئاوەیە ئاو با-یەی لەخۆیەوە دەپێچێت گەرمی ببەخشێت بە جەستەی ساردو سڕی، کە ئاو وەکو خەونوزو پاشماوەی ساردبووەوەی ناو ئاگردانێکی دوای سووتان وەسفی دەکات. واتە جەستەی دەچونەت بە کوانوو، یان ئاگردان و ئەسک و پروسکیشی دەچونەت بە خەونوزو سووت و خەڵمێشی ناو ئاو ئاگردان. بەڵام سەرباری بەرجەستەکردنی ئەم وێنەیە کە دیمەنی مەرگ و کۆتاییهاتن دەنوێنێت، ئەم هەشتا بە ئومێد نەبووەو بەهیوایە ئاو با-یەی لەخۆیەوە دەپێچێت گەرمی بەو خەونوزو خەڵمێشی ناو کوانووی جەستەی ببەخشێت و جارێکی تر ئاگر لەناو ئاو کوانووەدا بگەڕێت و بگەشێتەوە، کە ئاوەش رابوونەوەو دووبارە دەستکردنەوەیە بە ژیان. کەواتە ئەم سەرباری بەزاری و ئازارو سووتانی، بەڵام هەشتا دەستبەرداری ژیان نابێت.

لە دڤکەدا هاتووە:

گوم لە ترپەی پێتە / بە ڕێگاوەی بەرەو مەژووی دەم،/ بەرەو جوگرافیای لەشکی تاسەبار، نازانم،/ منم لە ئاوەدانی و مەخلووقەوە دوورم؟ یا تایت،/ بە ڕەحی شپەلاساتەوە ئەم گەو بەسەیەیش دەبینیت و/ پە هەناگری و نایی بە هاوارمەوە؟/

لەم کپلەیدا چەند دووانەیەک دەبینرێن، کە بنیادی ئەم بەشیان لەسەر هەچنراوەو درێژکراوەی هەمان دووانە بەرامبەرکانی پێشترن، کە ئاماژەمان بە کردن. دووانەی یەکەم ئاوە / ئەڕە-یە. ئەم لەڕەوە گۆیی لە ترپەی پێی ئاوە لە ئاوە-وە بەرەو لای ئەم دێت. بەڵام لە راستیدا ماوەی نێوان ئاوە و ئەڕە ناسێتەوەو ئاو نایەت بە لای ئەم، یان بەیەکتر ناگەن، واتە ئاوە و ئەڕە هەریەکە بە بوون و خاسێتی خۆیەوە دەمێنێتەوە. ئاوەی لە ئاوە-وە بەرەو ئەڕە دێت کەسی بەرامبەر واتە ئاو، کە بەرەو لای ئەمی قسەکەر دێت، واتە لەڕەدا دووانەی تە / من وەکو خەی ماوەو ئەمان نەگەیشتوون بە یەک هەتا دیواری نێوان تە / من، بسڕێتەوە. ئەمەش دیسان نیشانی دەدات کە پێکگەیشتن نەک لەسەر زەمینەی واقیع بەڵکو لە خەیاڵیشدا هەشتا نەگەیشتووەتە ئەنجام.

ئەم رایدەگەیەنێت کە گوێی لە ترپەی پێی ئاوە بەرەو مەژووی دێی ئەم دێت و دەیەوێت لەوەو، واتە لە قوڵایی مەژووی دێیەوە بگات بە

جوگرافیای لەشی. لەردا دوو زاراوەی جوگرافیاو مێژوو هاتوونەتە ناو بنیادی زمانی دەقەکەوە. کەواتە بەم پێیە دەبێ رەچاوی هەبێت لە بەرهەمهێنانی شیعریەتی دەقەکەو لەبەرهەمهێنانی دەلالەت و جیهانبینیدا. مێژووی دەواتە درێژەی رابردووی دە. لە راستیدا لە رووی دەلالیەوە دە و لاشە هاوشێوەن یان هەگری هەمان ماناو دەلالەتن کە پێیوستە بە حەزو ئارەزووە دنیاییەکانەوە، کە لەبەرامبەریاندا رەح و عەقڵ هەیە. لەرشەدا دە و لاشە هەروەکو هاوواتا بەکارهێنراون. بەڵام مێژوو درێژەی ژیان و بەسەرهاتی دە و ئەو رووداوانە دەگێڕێتەوە کە بەسەریدا هاتوون. جوگرافیای لەش، سروشت و دیمەن و تەپۆگرافیای لەش یان جەستە نیشان دەدات. کە لەردا بە لەشکی تاسەبار ناودەبرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەم لەشەی کە ئەو بەرەو جوگرافیاکەی دێت لەشکی نائاسودەو سەرکوتکراو و ئازادی لە زەوتکراو و بە بەشکراوە لە چەژو خەشی ژیان. ئاشکرایە مێژوو لەسەر جوگرافیا دروست دەبێت. مێژووی دەواتە میژووی هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە دەڤەوە هەیە واتە حەزو ئارەزوو خەشی و چەژی دنیایی، کە بەدیهاتنی ئەوانەش پەیوەستە بە لەشەوە، یان لەسەر رووبەری جوگرافیای لەش فراهەم دەکرێن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مێژووی دە و جوگرافیای لەش لەکتر جیاناکرێنەوە. ئەم باسی لەشکی تاسەبار دەکات، واتە لەشکی دابڕاو و بەبەش کراو لە هەموو چەژو خەشیک. لەم روانگەیەوە جوگرافیای لەش جەرەکە لە وێرانەو بەوپەیەش مێژووی دە نووسینەوەی وردەکاریەکانی ئەو وێرانەیە.

ئەمی شاعیر لە بارەکی تا ئەندازەیەک تەماندایە لەبەرامبەر شوێن و پەگەی خەیی و شوێن و پەگەو دووری ئەو. ئەم پرسیارەک بەرامبەر بە خەی و پەیوەندی خەی بە ئاوەدانی و ئەفرێندراوانەوە بەرزدەکاتەوە، کە داخە ئەم لە ئاوەدانی و زیندەوەرانەوە دوورە کە دەشت مەبەستی لە ئەفرێندراو تەنیا مرۆڤ بێت. هەروەک دووری لە مرۆڤەوە گەشەگیری ئەو نیشان بدات، بەیە ئەم هەر هەوەک دەدات بە رازیکردنی ئەو بە ئەنجام دەردەچێت. یان هەکارەکە ئەم نییە، بەکو دەشت ئەو بێت کە خاوەنی رەحەکی ناجەگیرە، کە ئەم بە رەحەکی شەپەلاسا ناوی دەبات. شەپەل هەگری خاستی ناجەگیری و پشەوی و هەچوون و داچوون و کورت تەمەنی و بە شوێنواریە، چونکە هەر شەپەلەک لە خاکەوە دەست پەدەکات و بە ماوەیەک بەردەوام دەبێت، کاتەک کەتایی دێت هیچ لە دوای خەیەوە بەجێناهێڵێت. ئەستا ئەم ئەفریدەیەکی تاک و تەنیاو گەشەگیری دوور لە ئاوادانی و مرۆڤایەتیەو دەسووتێت و وەکو ئاگرەکی بەهێز بەسەر دەدات کە هەکارەکەیشی تەنیاییە، ئەو تەنیاییەش زیاتر بەهێی بە وێنەی ئەوی

بەرامبەرەوەیە، کە ئەم وەکو مەعشوقە، یان خەسڕەویست باسی دەکات. ئەو بەم بارودۆخەوە دەیبینێت کە ئەم لەسەر سووتانە کۆچی نە سەرنجی لێ دەدات و نەبایەخی پێدەدات و تەنانەت هەنگاوەکیش نانێت بۆ کوژاندنەوەی ئەو ئاگرەی دەیسووتێنێت. بەڵکو واینیشان دەدات کە بوون و سووتانی ئەم هیچ بایەخ و گرنگیەکی لای ئەو نییە.

لە دۆقەکەدا هاتووە:

لە پشت پەردەی زمانەوە بیر لە هەبوونت دەکەمەوە/ سەرنجی لەشولارت دەدەم؛ پەووشەی ئاوەناوەکان / دەبارێنم بەسەر ناوەکەتدا / تا هەموو بیرەوەرییەکانت بەدار دەبنەوە./ لەناو پەرژینی ئارەزووەدا بەیەک دەگەین، تاریکایی/ دەبێتە کۆپرک رازی تاسەی ساڵان و رازی بەدەنگیمان دەشارێتەوە./ پەنجەرەکانی رابردوو دادەخەین. شەو و رۆژەکانمان / لەسەر تەنافێک هەڵدەخەین، بە بای وەرزێکی گوڕەنگ،/ وەرزی پەنجەم کەزر ببێتەوە./ مەڵی دەم قەفەسی تەنیایی بەجێ دەهێڵێ، مەڵی دەت لە قەفەسی نیگەرانی / دەردەچێت، دەبن بە دوو چرکە، بە دوو چڵە، / بە دوو گوڵە بە دارهەناری ڕۆژگارەوە./

لە دەستپێکی دۆقەکەوە هەتا سەرەتای ئەم کۆپلەیە، دووانەی من / تۆ، وەکو دوو جەمسەری بەرامبەر بەیەک وەستاون و ماوەی نێوانیان زیاتر فراوان دەبێت و سەرئەنجام لە ڕووی شوێنەوە وەکو ئەڕە / ئاوە باس دەکرێن، واتە هەریەکەیان لە جەمسەرێکە. کاتێک جەمسەرەکانی دووانەی ئەڕە/ ئاوە لەبەرامبەر یەکتردا دەردەکەون، یان خاسیەتی دووانە وەردەگرن، مانای وایە گەیشتنی ئەم دوو جەمسەرە بەیەکتر چاوەڕوان نەکراوە. ئەمەش لە بنیادی دۆقەکەدا باری دابەزان درووست دەکات. وەکو دەبینرێت لە سەرەتای دۆقەکەوە تا ئەڕە دابەزان بارێکی دیارو ئاشکرایە لە زمان من / تۆ-دا، بەجۆرێک کە دەشێت من بڵێت: سەباری داواو تکای زۆری من، بەڵام تۆ نێک هاوەڵنادەیت ماوەی نێوانمان کورتتر بکەیتەوە، بەڵکو بە ئاراستەی دوورکەوتنەوەی زیاتر هەنگاو دەنێیت و ئەو ماوەیە زیاتر فراوان دەکەیت. بەڵام بە بوونی بنەمایەکی دیارو ڕەگاخشکەر بە نزیکبوونەوەو کۆتاییهێنان بە باری دابەزان، لە شێوەی جووڵەیەکی میکانیکیدا، یان لە هەڵچوونێکی بەپەلەی بە بەرنامەدا، ئاماژەی کۆتاییهاتنی باری دابەزان دەکات و باسی دەستپێکردنی باری لەکتر نزیکبوونەوەو بەیەکگەیشتن دەبینرێت.

ئێستا ئەم لە پشت پەردەی زمانەوە بیر لە بوونی ئەو دەکاتەوەو بە خەیاڵ سەرنجی لەشولاری دەدات. واتە ئەم لە ڕەگای زمانەوە یان بە قسە پەیوەندی لەگەڵ ئەو ناکات، بەڵکو بە بەدەنگی بیر لە بوون یان هەبوونی ئەو دەکاتەوە. بەگومان ئەو وەکو مرۆڤێک ئەم بیری لە بکاتەوە یان نا، ئەو بوونی خەیاڵی هەیەو بیرکردنەوەی ئەم هیچ

کاریگەرییەکی لەسەر هەبوونی ئەو نییە. واتە ئەم بۆ خۆی بیر لە هەبوونی ئەو دەکاتەوە ئەم بڕیارەک بۆ ئەوەی هیچ وەڵامدانەوەیەکی ئەوی بەرامبەری پێگەیشتبێت، بۆ خۆی بیر لەو دەکاتەوە. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ئەم لە دڕندەیی ئیرادەی خۆی کەوتووەتە ژێر کاریگەری و هەژموونی ئەوەوە، هەرچەن بەوادارێک دەکەوێتە ژێر کاریگەری و هەژموونی خوداوە ناتوانێت لە سایەو پێوەستبوونی ئەو دەربچێت. هەرچەن دڕندەشک، سەفیەک، موریدێک کەمەنکەشی شێخەکەی بووە ناتوانێت لەی دووبکەوێتەوە، هەرچەن کەسی عاشق ناتوانێت رایەڵەی بەهەزی عەشق بپچڕێنێت و لە مەعشوقەکەی دووربکەوێتەوە. کەواتە ئەستا ئەو لە بارەکی بەهەزدایەو ئەمی خستووەتە ژێر هەژموونی خۆیەوە، واتە ئەو بڕیارەک بوونی هەیە بۆیە ئەم بیری لە دەکاتەوە، بەڵام واپەدەچێت کە ئەو بیر لەم نەکاتەوە. ئەمەش بڕیارەک ئەوە نیشان دەدات کە لە روانینی ئەوەوە ئەم بوونی نییە. ئەم ئەستا لەم بارە لاوازدایە، بۆیە لە رووی دڕوونیەوە دۆیەوێت بە جۆرێک بوونی خۆی نیشان بدات، ئەوەش وای لە دەکات لە خۆیادا لای خۆیەوە کەتایی بە هەوەستی بە وەڵامیی ئەو بهێنێت. پێشتر بەئاشکرا باسی ئەوەی دەکرد کە ئەو نەبایەخ بە ئەم دەدات و نە لای لە دەکاتەوە نە لە ئەوپەڕی کارەساتدا بەهانایەوە دێت. بەڵام ئەستا واینیشان دەدات کە بارودۆخەکە بە گوێرەی ئەو گۆڕاوە. بەڵام لە راستیدا پێوەستبوونی ئەم بە ئەوەوە زیاتر هاوشێوەی پێوەستبوونێکی سۆفیانەیە بە شێخەوە. واتە هەرچەن سۆفی یان دڕوێش بە شێخەکەی دەسووتێت و شێخیش ئاگای لەو نییە. ئەمیش بە ئەو دەسووتیت و پەدەچێت ئەو ئاگای لە ئەم نەبێت.

ئەم کاتێک بە بە دەنگی، بیر لە هەبوونی ئەو دەکاتەوە، لە خۆیادا وێنای ئەو دەکات و سەرنجی لە دەدات، بەڵام لەبری ئەوەی سەرنج لە لایەنە رۆحی و مەعنەویەکانی ئەو بدات، سەرنجی لەشولاری دەدات. ئەم دەربڕینە دەلالەتێکی ئاشکرای سێکسی هەیە دگرێت، واتە روانینی ئەم بە ئەو کاتە بیر لە هەبوونی ئەو دەکاتەوە روانین نییە بە رووبەری ڕۆح، بەڵکو روانینە بە رووبەری جەستە. ئەم باسی ئەوە دەکات لە کاتێکدا بیر لە هەبوونی ئەو دەکاتەوە، ئاوێناو دەخاتە پاڵ ناوەکەی. ئاشکرایە ئاوێناو ئەرکی وەسفکردنی ناو دەبینێت، کە دەشێت لایەنی ئەرێنی و جوانی ناوەکە دەربخات، یان بەپێچەوانەوە، بەڵام ئەم ئەرکەکی تر بە ئاوێناوەکان دەسپێرێت، ئەرکێک لە دڕندەی ئەرکی زمانیی ئاوێناوە. ئەم دۆیەوێت لە ڕێگای دانپاڵی ئاوێناوەکانەوە، بیرۆڕییەکانی ئەو بەداربێنێت. واتە ئەم بیرۆڕییەکان وەکو بوونێکی زیندوو تەنانەت هوشیاریش نیشان دەدات، چونکە بەداربوونەوە زیاتر خاسیەتی مرۆڤ، مرۆڤ

بەدارد بتوانێ، هەروەک بیرەوەرییەکانیش خاستی مرۆڤن یان باشتر وایە بڵێین بیرەوەری مرۆڤ ئەوانی یاد دەکەوێتەوە. نەک بیرەوەرییەکان خۆیان بەدابڕبنەوە. بیرەوەری بریتیە لە تەماری رووداوەکانی ژیان لە ئاستی ئاگایی و نائاگایداو تەنیا خودی ئەو مرۆڤە، یان ئەو کەمەگایە دەتوانێت بیرەوەرییەکانی یاد بکەوێتەوە کە خاوەنیانە. ئایا ئەم دیاردەیە ئەو کام بیرەوەرییانەی یاد بکەوێتەوە؟ لە جوگرافیای دەقەکەدا بەجگە لە ئازارو ژان و سووتان و دڵشکاندن و تەنیایی و بە وەهامی ئەوی بەرامبەر تاکو ئێستا شتێکی تری ئەوتەمان نەبینووە. ئایا هیچ یادەوەرییەکی خۆش لە نەوانیاندا هەیە، هەتا ئێستا ئەم هەوڵبدات لە جگای بیادهێنانەوەی ئەو یادەوەرییانەوە سەرنجی ئەو بە لای خۆی رابکێشیت و بەدەم داواکاری و تکا و هاوارکردنەکانیەوە بێت؟

ئەم لای خۆیەوە لە دەرەوەی واقیع و لە دنیای فراوانی خیاڵدا جیهانێکی تایبەتی درووست دەکات، جیهانێک کە پەدەچێت جەرگ بێت لە یەتەپیا. لەم جیهانە خیاڵیەدا ئەم کەتایی بە رابردووی دابڕان و نکۆڵی کردنی ئەو لە ئاوەدانەوە بە ئەم دەهێنێت. هەر لە جوگرافیای ئەم یەتەپیایەدا، باسی ئەوە دەکات کە لەناو پەرژینی ئارەزوودا بەیەکتر دەگەن و تاریکی تاسەو ئارەزووی ساڵانی بەسەرچوو، نهێنی بەدەنگییان دەشارێتەوە. لەرەشدا جارێکی تر پەداگری ئەم لەسەر حەزو ئارەزووە جەستەیی و دنیاییەکان دەبینرێت و وادەردەکەوێت ئەم تەنیا بە چاوی جەستەو لە روانگەی حەزە دنیاییەکانەوە سەیری ئەو بکات. کاتێک ئەو وەهامدانەوەیەکی ئەوتەی بە داواو تکای ئەم نییە، ئەم بەخەیاڵ لەناو پەرژینی ئارەزوودا دەگات بە ئەو. تەنانەت پەدەچێت ئەم ئەو جیهانەی بەخەیاڵ دروستی کردووەو بەخەیاڵ تیایدا پەکەوەن، لەبەر بەت بە واقیع و وەکو ئەوە دەدوێت کە دابڕان قەناغێک بووبێت و کەتایی هاتبێت و ئێستا بە واقیعی لە قەناغی بەیەکگەیشتن و یەکبووندا بن، بۆیە راناوەکانی من / تۆ دەبن بە راناوی ئێمە، یان راناوی لکاوی (ین، ان)، کاتێ دەڵێت:" پەنجەرەکانی رابردوو دادەخین. شەو و ڕۆژەکانمان لەسەر تەنافێك هەڵدەخین". داخستنی پەنجەرەکانی رابردوو مانای پشتکردن لەو رابردووەی کە تیایدا ئەو نە بایەخی بە ئازارو ژان و سووتانی ئەم داوە، نە گوێی لە تکاو هاوارکردنی گرتووە. ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە دەفتەری ئەو رابردووە دادەخرێن و جارێکی تر ناگەڕێنەوە بۆ ئەو ساتە تاریکانە، بۆ ئەو شەو و ڕۆژانەی کە بەجگە لە ناسەر شتێکی تریان تێدا تەمار نەکراوە. ئەم لای خۆیەوە بەناوی هەردووکیانەوە باسی بەجێهێشتنی ئەو رابردووەو دەستپێکردنی وەرزێکی نوێ یان وەرزێکی تر دەکات کە بە وەرزی پەنجەم ناوی

دەبات. بەڵام ئەم پاڵنەرەکی تر بۆ ناوهێنانی ئەو وەرزە باس دەکات کە بای وەرزەکی گوڕەنگە.
وەرزی گوڕەنگ بۆ مانای وەرزەکی جوان و ڕەنگاو ڕەنگ دێت کە ئاوەش نوێبوون و جوانی و خۆشی دەنوێنێت. لە دەقەکەدا ئەم فرمانی "کەزردەبێتەوە" دەداتە پاڵ ئەم وەرزی پێنجەم. فرمانی "کزردەبێتەوە" بۆ مانای وشکبوونەوە دێت بۆ زەوی دوای باران، یان بۆ جل و بەرگی تەڕ بەکاردێت کاتێک کەمێک وشک دەبێتەوە، هەروەها بۆ مانای گۆڕبوونیش دێت بۆ منداڵ و تەنانەت بۆ بۆچوونی ئاژەڵ و باڵندەش بەکاردێت. بەڵام لێرەدا خراوەتە پاڵ وەرزی پێنجەم. بەگومان ساڵ لە چوار وەرز پێکدێت. وەرزی پێنجەم دەشێ بەڵای شاعیرەوە ئەو کاتە بێت کە ئەم و ئەو بەیەک دەگەن. کە لەم بارەشدا دەشێت کزربوونەوە بۆ مانای هاتنی ئەو کاتە بەکارهێنرابێت.
ئەم لای خۆیەوە لەو یەکەپیایەی کە دروستی کردووە، هەموو شتێک بۆ پەی خواستی دڵی خۆی ڕێکدەخات و لە خەیاڵدا بەرنامەی بۆ دادەنێت و هەر بۆ خەیاڵیش ئەوەی دڵی دەیخوازێت جێبەجێی دەکات. ئەم گەیشتن بۆ ئەو وەکو ڕاستیەک باس دەکات و دەربڕین و وێنەکانی دوای بۆ ڕاستی زانینی ئەو خەیاڵە، ئاسایی لای ئەم وەکو ڕاستی نیشان دەدرێن. هەر بۆیە ئەم وێنەیەکی پەیوەست بۆ ڕابردوو نیشان دەدات کە دڵی وەکو مەڵەک لە قەفەسی تەنیایدا بووە، بەڵام ئێستا قەفەس بەجێدەهێڵێت، واتە کۆتای بۆ تەنیایی دێت، ئەویش بەوهۆیەوە کە لەگەڵ ئەودا بۆیەک دەگەن. بەڵام لە کاتێکدا کە ئەم دڵی خۆی وەکو مەڵی ناو قەفەسی تەنیایی نیشان دەدات، دڵی ئەو وەکو مەڵەک وێنا دەکات کە لە قەفەسی نیگەرانی دەربازی دەبێت. ئەگەر لە ڕوانگەی ئەمی شاعیرەوە سەیر بکەین ئەوا دەبینین کە ئەم و ئەو پێش بۆیەک گەیشتن هەردووکیان لە باری نائاسایدابوون و دڵی هەردووکیان لە قەفەسدا بووە، واتە دیل بوون. دڵی ئەم دیلی نەو قەفەسی تەنیایی و دڵی ئەویش دیلی نەو قەفەسی نیگەرانی بووە. بۆیەکگەیشتن لە ڕوانگەی ئەموە تەنانەت ئەگەر لە خەیاڵیشدا بێت، دەبێتە هۆی ئازادبوونی هەردوو دڵ، هەریەکە لەو قەفەسەی کە تیایدا دیل بووە. بۆیەکگەیشتن بە مانای سەرەتاو دەستپێکێکی نوێی ژیان دێت، کە ئەم وای نیشان دەدات هەردوو دڵی ئازادبوو لە سنووری ئەو یەکەپیای بۆیەکگەیشتندا کە ئەو دروستی کردووە دەبن بە دوو نموونەی نوێ و جوانی سەردەم.
بە یەکگەیشتن لە خەیاڵداو پێکەوەبوون لەو یەکەپیایەی کە دروستی کردووە، زەمینەخۆشکەرن بۆ ئەوەی ئەم باسی ئەو و خۆی وەکو دوو عاشق بکات کە پێکەوە یەک جیهانیان هەیە و بە یەکتر نابن. هەرچەندە لە جوگرافیای دەقەکەدا هیچ وەڵام یان هێڵەستێکی ڕاستەوخۆی ئەوی

بەرامبەر نابینرێت، بەڵکو تەنیا لە ڕەگای دەربەین و وەسفەکانی ئەمەوە دەزانرێت کە ئەو بوونی هەیە و لەگەڵ ئەمدا لەباری دابەاندا بوون و سەرباری چەندین داواکاری و تکاکردنی ئەم، ئەو هیچ وەڵامێکی ئەمی نەداوەتەوە، بەڵام لە ناکاوێکدا ئەم کەتاییهاتنی دابەان رادەگەیەنێت و باسی قەناغی بەیەکگەیشتن دەکات. هەرچەندە لەم قەناغەشدا دیسان هیچ کاردانەوەیەک یان هیچ وەڵامێکی ئەو نابینرێت. هەربۆیە پەمانوایە ئەو یەکگرتن و بەیەکگەیشتنەی ئەم باسی دەکات و ڕووبەڕێکی فراوانی دەقەکەی لەسەر بنیادنراوە، دروستکردنە لە چوارچێوەی خەیاڵدا، کە ئەمەش تا ئەندازەیەکی لەبەرچاو بارێکی ئاشکرایە لە شیعردا. شیعر خۆی بەرهەمی خەیاڵ و دروستکردنی جیهانێکی جیاوازە لەو جیهانەی لە واقیعدا هەیە.
لەبەردا شاعیر دەڵێت:
چەند ساڵە ئەمە، تۆ و من، من و تۆ، هەردووکمان / لەگەڵ هەموو گوڵەکەدا / دەکەکیش دەچنین / لەگەڵ هەموو بەربەیانێکدا ئاوابوونیش دەبینین،/ لەگەڵ هەموو هەڤینێکدا / ئاسمانێکی هەورین دەتە ڕەمان./ لە کۆ، لە کامە باغچە گوڵێک پەیدا بکەین / ئەم دوو دڵەی من و تۆ بەنگەنە؟ بۆن و بەرامەیەک بدا بە ڕەحمان؟/ تۆ نازانیت ئەم ئێشە لە کەیەوە دەستی پێ کردووە؟/ ئەم گیایە چۆن وا زوو زەرد هەڵگەڕا و/ دەنگی باڵندە بڕچی وا بڕیندارە؟ کە هاتینە بەر دەروازەی شار،/ شارێکمان بینی چەق و هەڵ؛/ کە ڕوومان کرد دەشت و مەرگ و لەناوەری نیشتیمان،/ بیابانێکمان هاتە پێ نەسڕەتای هەبوو نە کۆتایی./
ئەمی شاعیر جارێکی تر وەکو ئەوەی لە یادی بچێت کە پێشتر ئەم لە خەیاڵدا لەگەڵ ئەودا بەیەکگەیشتوون و بەوپەیەش دەبێت لە بڕی هەردوو ڕاناوی من / تۆ وەکو دووانەیەکی بەرامبەر، ڕاناوی کەسی یەکەمی کە واتە ئەمە بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی نیشانی بدات کە بەراستی و لە واقیعدا بوونەتە یەک، بەڵام سەرباری فراوانی ڕایەڵەو داوکانی ئەو خەیاڵەو بەرهەمهێنانی جۆرێک لە یەتەپیا، هەشتا نەستە نەکەوتووەتە ژێر هەژموونی ئەوەی خەیاڵ دروستیکردووەو ئەو بوونی شتەکان وەکو ئەوەی هەن نمایش دەکات و لە بڕی ئەوەی دانبنێت بەو بەیەکگەیشتنەی لە خەیاڵدا ڕوویداوەو لە بڕی ڕاناوکانی من / تۆ، ڕاناوی ئەمە بەکاربهێنێت، ئەو واتە نەست بەردەوام دەبێت لەسەر هەشتنەوە من / تۆ وەکو دوو کەسی سەربەخۆ کە هەشتا دیواری نەوانیان وەکو خۆی ماوە. لەبەر ئەوە هەرچەندە من دەڵێت " چەند ساڵە ئەمە" بەڵام بەکارهێنانی ڕاناوی ئێمە بەردەوام نابێت و ڕاستەوخۆ بە دوایدا دەڵێت " تۆ و من، من و تۆ، هەردوومان" کە هەر سێ دەربڕینەکە ئەوە نیشان دەدەن کە من / تۆ

هەشتا هەریەکەیان لە جەمسەرەکەو باری دابەان وەکو خەی بەردەوامە. دووبارەکردنەوەی راناوەکانی من/ تە و پاش و پێش کردنیان هەرچەندە دەشێت بەو ئامانجە بێت کە گوایە جەرەک لە یەکسانی هەیە لە نێوانیاندا، بەڵام بەزەقی بەیەکنەگەیشتنی ئەو دوو جەمسەرە نیشان دەدات و بەدوای ئەوەشدا وشەی "هەردووماڵ" جەخت لەوە دەکاتەوە کە شتێک نییە بە ناوی ئەمە، ئەوەش واتای ئەوەیە بەیەکگەیشتن دروست نەبووەو قەناغی دابەان کۆتایی نەهاتووە. هەربەیە ئەمە نە وەکو راناوی کەسی یەکەمی کە و نە وەکو چەمک کە مەبەست لێی یەکبوونە، دروست نەبووە.

ئەمی شاعیر سەرباری ئەوەی باسی بەیەکگەیشتن دەکات، بەڵام دووانەی من / تە خاسەتی دووانییەی خێی لەدەستنەداوە، واتە ئەمان نەبوونەتە یەک گیان، بەڵکو هەشتا دوو گیانن لە دوو جەستەدا. لەپاڵ ئەم دووانەیەدا چەند دووانەیەکی تر لە بنیادی زمانی دەقەکەدا دەبینرێن وەکو دووانەی (گوڵ/ دەک، بەربەیان / ئاوابوون، هەڵفەین / نیشتنەوە – ئاسمانەکی هەورین کە ئەمش مانای وایە هەور ڕەگای فەین نادات و نیشتنەوە کۆتایی بە فەین دێنێت-، دە / ڕەح، شار / چۆڵوانی، دەشت، مەرگ، لۆڵوار/ بیابان، سەرتا / کۆتایی).

ئاشکرایە دووانەی بەرامبەر، یان دووانەی دژ یەکەکە لەو بنەما سەرەکیانەی کە گەردوونی لەسەر ئەفرێندراوەو لەسەر ئەو بنەمایەش هاوسەنگی و هارمۆنیای گەردوون بەرهەمهاتووەو هەرچی بوون و جوڵەو کردارەکی نەو ئەم گەردوونییە بەرهەمی بوونی دووانەی بەرامبەر، یان دووانەی دژە. بە نموونە لەبەرامبەر ژیاندا، مردن هەیە، لەبەرامبەر ڕووناکیدا تاریکی هەیەو...تاد. هەر یەکێک لە جەمسەرەکانی ئەم دووانە بەرامبەر یان دژانە لەم گەردوونەدا بەشێتەوە، ئەوا ناهاوسەنگی دروست دەبێت و هارمۆنیای سروشت یان گەردوون تێکدەچێت و شتەکان ناهاوسەنگ دەبن. لە بارەکی لەوجەرەشدا هەموو جوڵەیەک ڕادەوستێت چونکە هەموو جوڵەو پەرەسەندنەکی هەر توخم و ڕەگەزێک پێیوەندی بە ئەویتری بەرامبەرییەوە هەیە. هیچ ڕەگەزێک بەتەنیا و دوور لە ململانێ و کێبەکێ گەشەناکات، کە ئەمش خاسەتی دووانەی بەرامبەر یان دژەکانە، هەر لەرەوە ئەو چەمکە فەلسەفیەی کە دەڵێت:" تەنانەت دژەکانیش تەواوکەری یەکترن" دەرکەوتووە.

ئەم باسی ئەوە دەکات کە دوای بەیەکگەیشتنییان ئەمان پێکەوە لەگەڵ گوڵدا دەچنن. گوڵ هەمای جوانی و بەنی خۆشە، دەکیش هەمای بەربەست و ئازارو ناشیرینیە. لە ڕاستیدا ئەگەر هەموو سروشت گوڵ بێت، یان بە دەربەینەکی تر ئەگەر هەموو سروشت بریتی بێت لە جوانی

و بۆنی خۆش، دڵشاد بەهایەکی ئۆتۆی نەبێت. واتە لە بارەکی وەهادا، مرۆڤ وەکو ژیرترین ئەفریدەبووی ئەم گەردوونە، دڵشیا نە هەستی چێژی جوانی پەرستی هەبێت، نە هەست بە جوانی بکات، نە هەستی بەنکردنی هەست بەو بۆنە خۆشە بکات. بەڵکو بوونی ناشیرینیە وا لە مرۆڤ دەکات هەست بە جوانی بکات و چێژ لە جوانی وەربگرێت. بۆنی ناخۆش و نادڵگیرو هەستکردن بە ئازاری دەک، هەستی بەنکردنی خۆش و دڵگیری گوڵ دروست دەکات و هەستی حەوانەوەو ئارامگرتن لای مرۆڤ بڕەو پەیدەدات. ئایا بۆچی ئەمان لەگەڵ ناشتنی هەر گوڵێکدا دەکەکیش دەنێژن؟ ئایا لە هوشیاریەوە ئەوە دەکەن، یان لە راستیدا ئەوە یاساکانی سروشتە بە دروستکردنی هاوسەنگی وادەکات لە هەر شوێنەک گوڵێکی جوان بڕوێت نەک دەکەک ڕەنگە چەندین دەک دەوری بدات؟

ئەم ناڕاستەوخۆ باسی ئەوە دەکات کە ئەم دووانە بەرامبەرانە هەمیشە لەبەرامبەر یەکدا بوونیان هەیە، ئەگەرچی ڕاستەوخۆ بەئاشکرا لە ئاستی ئەم دەقەدا ببینرین یان نا، ئەوا لە سروشتدا هەن و لەبەرامبەر یەکتردا پێناسەیان هەیە. ئەم باسی ئەوە دەکات کە ئەم و کەسی بەرامبەر هەمیشە لەگەڵ بەربەیاندا، ئاوابوون دەبینین. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت مادەم بەربەیان هەیە، دەبێت ئاوابوونیش هەبێت، کە ئەم دووانەیەش هاوواتای دووانەی لەدایکبوون / مردنە، کە هیچ کام لەم دوو جەمسەرە بە بوونی ئەویتریان هیچ مانایەکی نییە. هەر بۆیە کاتێ یەک لە دوو جەمسەری هەر کام لەم دووانە بەرامبەرانە، یان دووانە دژەکانی نێو ئەم گەردوونە ببینرێت، جەمسەری دووەمیش وەک بینراو یان نادیار ئامادەبوونی دەبێت.

ئەم بۆیەکگەیشتن وەکو ڕاستیەکی ڕەتنەکراوە باس دەکات و لەوە دەدوێت کە ئەم و ئەو پێکەوە دەفەن، واتە وەکو یەک هەبوو باسی خۆیان دەکات، کە لە هەموو جوڵەیەکدا پێکەوەن و هەر کاتێکیش بجوڵێن بەربەست لەبەردەمیاندا ئامادەیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لەبەرامبەر هەر جوڵەیەکدا وەستان هەیە، هەرچەن لەبەرامبەر هەر فەینەکدا نیشتنەوە هەیە. ڕەکخستنی یاساکانی گەردوون لەسەر بنەمای ئەم دووانە بەرامبەرانە بنچینەی سەقامگیری و هارمۆنیای سروشتە. کە هەرچی ڕەکخستن و سەقامگیری و سازانە کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات، دووبارەکردنەوە یان لاسایکردنەوەی ئەوەی گەردوونە.

ئەم ڕایەدگەیەنێت کە پێویستیان بە گوڵەکە دەی هەردووکیان بەڵەنگێنێت و بۆن و بەرامە بە ڕەحیان ببەخشێت. بەڵام نازانێت لە کام باخچە ئەو گوڵە دەدەزنەوە. ئەم سەرباری ئەوەی جارەکی تر لەبری ئەمە ڕاناوەکانی من/ تۆ بەکاردەهێنێت و لەبری دەی ئەمە دەربەینی " ئەم دوو دەی من و تۆ" بەکاردەهێنێت، کە وەکو پێشتر

ئاماژەمان بۆ کرد ئەوەش مانای بەیەکگەیشتنەو مانەوەیە لە باری دابەاندا. لە لایەکی تروە ئەم دیدوەت دەی هەردووکیان بۆ گونجەنەت، بەگومان ئەمەش لەگەڵ گوهەری عیشقدا ناگونجەت، چونکە دەی عاشق لە هەموو دەمك ناسکترو رەنگی دەی عاشق لە هەموو رەنگەکی تر جوانتر و پاکژترەو ئەو ناسکی و جوانی و رەنگینی و پاکژیە خاسەتی دەی عاشقە، واتە رەنگدانەوەی راستەقینەی ئەو دەیە. بەام ئەم دیدوەت دە بۆ گوە رەنگین بکات، واتە بۆ توخمەکی دەرەکی دە بەنگەنەت، کە ئەوەش خاسەتی بۆیاخکردنی هەیە، واتە رووپەشکردن، هەموو رووپەشکردنەکیش جارەکە لە شاردنەوەی رووی راستەقینەی شتەکان. هەبەت ئەو رووپەشکردن و شاردنەوەیە بەهیچ شوەیەك لەگەڵ چەمکی عیشقدا ناگونجەت. هەروەك بۆن و بەرامەی دە دەبە رەنگدانەوەی راستەقینەی دە خەی بەت نەك بە رووپەشکردن پەیبدرەت. دەی عاشق عیشقی لەدەژە، بۆنی عیشق خۆشترین بۆنە، هەر بەم پەیەش دەی عاشق سەرچاوەی بەرهەمهەنانی خۆشترین بۆن و بەرامەیە.
ئەم لە ئەو دەپرسەت داخە نازانەت ئەم ئەشە لە کەیەوە دەستی پەکردووە؟ رەنگە خوەنەر بپرسەت کام ئەش، یان ئەم مەبەستی لە ئەش چییە؟ بەگومان ئەو مەبەستی لە ئەشی سووتانی عیشقە. هەروەك ئەو دیسان پرسیار لە خەرایی زەردبووونی گیایەکی تایبەت و هەکاری بریندارباوونی دەنگی باەندە دەکات. ئەش و زەردبووونی گیا بەخەرایی و بریندارباوونی دەنگی باەندە، پەکەوە کەشەکەی نائاسایی ئامادەکەن بە ئازارچەشتن، کە ئەویش کەشی عیشقە، بەام ئازاری عیشق لەناخدایەو تەنیا عاشق و مەعشوق هەستی پەدەکەن و تەنیاش ئەوان دەسووتەنەت و دەشەت عاشقی راستەقینە بە سووککردنی ئازارەکانی بە وشە، یان بە ئاماژە گرانی و سەختی ئازارەکەی بە دەرەوەی خەی دەربەەت. دەشە ئەمیش لەرەدا بە هەمان ئامانج باسی ئازارەکانی خەی بکات و لە رەگای باسکردنی بەیەکگەیشتنەوە ئەویش وەکو هاوبەشی ئازارەکانی خەی وەنا بکات.
ئەم بەناوی خەی و ئەوەوە قسەدەکات و واینیشان دەدات کە پەکەوە هەندە هەنگاویان ناوە، بەام لەو کەشەدا کە ئەو لە دەربەینەکانیدا وەکو کەشکی ناجەرو ناهەموار وەنای دەکات بە ئەویە کە ئەوسەری شتەکان نیشان بدات و بەت سەرباری ئەوەی بەیەکگەیشتووین، بەام شتەکان لەم گەردوونەدا هەموویان ناجەرن. ئەو ناجەرییەش دەشەت پەیوەندی بە ناکارایی ئەمانەوە هەبەت بە دەرخستنی شتەکان وەکو ئەوەی لە راستیدا هەن و وەکو ئەوەی لە راستیدا رووياندا، یان رووددەن. ئەمان دەنە بەر دەروازەی شار، بەام لەبری خەك و ژیان و قەرەباغی، ئەمان شارەکی چەل دەبینن. چەل ئاوەناوەکە بە وەسفی بیابان یان شوەنەك بەکاردەت کە ژیانی

تێدا نەبێت. کاتێ ئەو شار، کە دیارە شارێکی ناسراوە بۆچێ باس دەکات، مەبەستی ئەوەیە ئەو شارە ژیانی تێدا نییە. یان کاتێ روو دەکەنە دەشت و مەرگ و لەوەڕگاوا نیشتیمان بیابانێک دەبینن. دەشت و مەرگ و لەوەڕگا دڵاڵەتی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنان و پێداویستیەکانی ژیان هەڵدەگرن، بەڵام دەشت و مەرگ و لەوەڕگای نیشتیمان بیابانێکی فراوان و بێ کۆتایین، واتە ژیان و زیندەگانیان تێدا نییە. ئەم لە خەیاڵدا یەتەپیای بەیەکگەیشتن دروست دەکات و پێکەوە لەگەڵ ئەودا گۆڤەنن، بەرەبەیان دەبینن، دەفڕن، بەڵام دەک و ئاوابوون و نیشتنەوەش دێتە بەردەمیان. بە دوای گوێکەدا دەگەڕێن دەی هەردووکیانی پێ ڕەنگ بکەن و بۆن و بۆرامە بدات بە ڕەحیان، بەڵام لەوە ناچێت گوێکی لەوجەریان دەستبکەوێت. بەیە ئازارکان بەردەوام دەبن و شار چۆڵوانی و دەشت و مەرگ و لەوەڕگاش بیابانێکی فراون دەبێت. هەموو ئەمانەش لە ئاستی قوتری دەقەکەدا دڵاڵەتی ئازارو ناکارایی و وشکی و بێ بەرهەمی و ئاوابوون، واتە مردن یان لەناوچوون هەڵدەگرن. لە کاتێکدا ئەگەر ئەم / ئەو بەیەکبگەیشتنات مانای کۆتاییهاتنی ئازارو وشکی و بێبەرهەمی دەبوو ، ئاوابوون ڕووینەدەداو گوڵ بەسەر دەکدا زاڵ دەبوو، گەردوون بە هەمیشە لەبارو کاتی بەربەیاندا دەمایەوە، کە مانای لە دایکبوون و بەردەوامی ژیانە.

ئەم باسی زەردبوونی گیا دەکات. ئەگەر ئەمان بەیەکبگەیشتنایە، گیا کە نموونەی زیندەگانی و ژیانە زەرد هەڵنەدەگەڕا، شار ئاوەدان دەبوو، دەشت و مەرگ و لەوەڕگا شین و پاراو و پشتەو پە بەرهەم دەبوون. ئەو کاتەش ئازار کە توخمی مەرگ و مەرگدەستیە بوونی نەدەما و ئاسودەیی و بەختەوەری کە توخمی ژیان و ژیاندەستین هەژموونی دەکرد. هەر ئەمەش کەشی بەیەکگەیشتن و پێکەوەبوونە، چونکە بەیەکگەیشتن لەگەڵ خەیدا و لە هەناوی خەیدا ماکی بەرهەمهێنان و لەدایکبوون هەڵدەگرێت، نەک ئاوابوون و کۆتاییهاتن. کەواتە سەرباری ئەفراندنی یەتەپیای بەیەکگەیشتن لە لایەن ئەمی قسەکەر، یان شاعیرەوە ، بەڵام تەنانەت لە سنووری خەیاڵ و لە جوگرافیای ئەو یەتەپیای بەیەکگەیشتنەشدا کە دروستی کردووە ئاراستە ژیان و عیشق و ئەوین نابینرێت، بەڵکو کەشی قەڵەمڕەوی ئەو یەتەپیای بەیەکگەیشتنە کەشی دابڕان و پەرتبوونە کە کەشکی تراژیدی و مەرگساتیە.

لە دەقەکەدا هاتووە:

ئەمە وەرزی بیست و چەندمینە من و تۆ،/ هاژەی ڕووبارەکەی ناو دەمان دەشارینەوە،/ لووتکە بەفرینەکانی خەیاڵ دەشارینەوە،/ زەریا شینەکانی خوون پەنهان دەکەین،/ ناهەڵین کەسک / چاوی بە

برینەکانی ڕەحمان بکەوێت و ناهێنین / کەس گوێی لە گریانی تەمەنمان بێت؟/ تا کەی بە دەم شنەبای ئەوارانەوە پێ بکەنین؟/ تا کەی رووی خۆش پیشانی دارو دەوەن بدەین؟/ چەندەکی تر دەتوانین ناوی ئێم سووتانێ نەهێنین؟/ چەندەکی تر دەتوانین ناوەک لێم سووتانێ نەنین؟/

ئەمی شاعیر یان قسەکەری دەقەکێ بەردەوامێ لەسەر وانیشاندانی ئەوەی کە ئێم و ئێو کەتاییان بێ سەردەمی دابڕانی نەوانیان هێناوە، بەڵام هێشتا لە رووی بنیادی زمانەوە لە دەقەکەدا راناوی ئێمە جێگای راناوەکانی من / تە-ی نەگرتووەتەوە. ئێمە سەرباری ئەوەی " تە" تەنیا وەکو راناوی کەسی دووەمی تاک ئامادەبوونی هەیە، کە لەسەر زمانی ئێمەوە ناودەبرێت، ئەگینا لە رووی وەڵامدانەوە، یان لە ڕێگای دەربینی وەڵامکەوە ئێو ئامادەبوونێ ناسەلمێندرێت و بوونی نییە. هەربۆیە لە جوگرافیای دەقەکەدا ئێم قسە دەکات، لەکاتی دابڕاندا بەناوی خۆیەوە و لێو کاتشەوە کە بەبێ هیچ گەڕانکارییەک لە بنیادی زمانی دەقەکەدا پێیوەست بێ کەسی بەرامبەر، ئێم لە چوارچێوەی خۆیدا کەتایی بە قەناغی دابڕان دەهێنێت و لەڕێ بەدواوە بە ناوی هەردووکیانەوە قسە دەکات، بەڵام لە بنیادی زمانی دەقەکەدا وەکو گوتمان ئێمە شوێنی من/ تە ناگرێتەوە. لێم چەند دێڕێی سەرەوەدا، سەرباری ئەوەی پێشتر باسی بۆیەکگرێیشتن دەکات، بەڵام لەڕەدا بەناوی هەردووکیانەوە لە چەند وێنەیەکی جواندا کە لەکچوون بەرهەمی هێناون باسی ئەوە دەکات کە ئێمان ماوەیەکی دوورودرێژە شتەکانی ناخیان دەشارنەوە. کە لێم وێنانەدا بەرجەستە دەبن (هاژەی رووباری ناو دێ، لوتکە بەفرینەکانی خەیاڵ، زەریا شینەکانی خەون)، هەموو ئێم وێنە جوانانە بەمبەستی ئەوە داڕژراون کە شاردنەوەی ئەوەی لە ناخدایە لە حەزو ئارەزوو، لە خواست و ویست، لە خەیاڵ و خەون بگەیەنن ئەنجام. لەبەرامبەر ئێم شاردنەوانەدا، کە ئێم وای نیشان دەدات ئێمان عیشقەکیان لە دەرەوەی خۆیان دەشارنەوە، بەڵام لە ئاستی قوڵتردا ئەوە دەبینرێت ئێمان حەزو ئارەزوو، خەیاڵ و خەونیان بە یەکتری لەیەکتری دەشارنەوە. دەشێت لەڕەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات: ئایا ئەگەر ئێمان عیشقی یەکترن، بۆچی عیشقەکیان، حەزو ئارەزووەکانیان، خەون و خەیاڵەکانیان لەیەکتر دەشارنەوە؟

هەروەها ئێمان بواری ئەوە نادەن کەسێک ئاگاداری خێم و ئازار و ژانەکانیان بێت. ئێمان نواندن دەکەن، لە کاتێکدا ئازار ناخیان دەخوات، ڕەحیان پڕە لە برین، ژیانیان پڕە لە گریان، پێکەنین و ئاسودەیی و بەختەوەری بە دەرەوەی خۆیان نمایش دەکەن. ئایا ئێمە تەنیا گرفتی ئێمانەوەکو دوو کەس کە نەدەتوانن نهێنیەکانیان بە

یەکتر ئاشکرا بکەن، نەدەتوانن رووی راستەقینەی خۆیان بە دڕندەی خۆیان نیشان بدەن؟ لە کاتێکدا لە پانتایی دەقەکەدا ئەمی قسەکەر وەکو دوو عاشق نمایشی خۆیان دەکات، بەڵام وەکو دڕندەکەوەت هەریەکەیان لە جەمسەرێکن.
بگومان مرۆڤ بە هەی ئەو سنووربەندییانەی دەوری داوە وەکو سنووربەندی رەفتاری و نەریتی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و بەهەی سەرکوتکردن و لاوازی کەسێتی و باڵادەستی من- ئیگۆ- بەسەر تە- ئیدا- یان باڵادەستی رووبەری ئاگایی بەسەر رووبەری بە ئاگایدا لە پێکهاتەی مێشک یان عەقڵی مرۆڤدا، شتەکان حەشار دەدرێن و مرۆڤ بوویەکی خۆپارێزو پێیەوی سنووربەندی و یاساو رێساکان دەکات و ئەوش هەکارێکی سەرکیە بە ئەوی سەرباری برین و ئازارو ڕوخانی ناوەوە، لە دڕندەیا نمایش بکات و خۆی وانیشان بدات کە ئاسودەو بەختەوەر و بە کەشێیە. هەر ئەوش وای لێدەکات شتەکان بشارێتەوە. ئەم دوای باسکردنی حەزو ئارەزوو، خەون و خەیاڵ و ئازارو ژانەکانیان، دوای باسکردنی رووی ناڕاستی ئەوی هەیە، دەپرسێت، ئایا تاکەی دەتوانن باسی ئازارەکانیان نەکەن، تاکەی دەتوانن ناوەک لەو سووتانە نەنێن کە مەبەستی عیشقەکەیانە. بگومان لێرەدا ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ هەیە بە نەبوونی ئیرادەو توانا بە نیشاندان و درکاندنی شتەکان وەکو ئەوی لە راستی و لە واقیعدا هەن. ئەمش دیسان خاسێتەکی باو و باڵادەستی مرۆڤ و بشەکی هەرە فراوانی ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر بنەمای ئەم شاردنەوەو پەردە لەسەرنانە بنیادنراوە. کە ئەمش هاوتایە لەگەڵ ئەو یەتەپیایەی کە ئەم لە دەقەکەدا بە کەتاییهێنان بە دابڕان و بە نیشاندانی بەیەکگەیشتن لەگەڵ ئەودا دروستی دەکات.
ئەمی شاعیر دوای ئەوی هیوا دەخوازێت کە بتوانن ناوەک لەو سووتانە بنێن، پەنجەت لەو رووەوە ئومێدەکی ئەوتەی نەبێت. ئەو بەئومێدیش لەخەیدا گومان دەخاتە سەر شوناس و هەکاری ئەو سووتانە، کە دیارە وەکو ئەو دەیەوێت و پەداگری لەسەر دەکات هەکاری ئەو سووتانە عیشقە، بەڵام لە راستیدا پەیوەندی دوو عاشق وەکو ئەوی دەبێت و پەویستیشە لە بنیادی زمانی دەقەکەدا بەرجەستە ناکرێت و تەنیا لە ڕەگای خەیاڵ و دروستکردنی یەتەپیای بەیەکگەیشتنەوە هەوڵدەدرێت بوونی عیشقەکی لەوجۆرە بسەلمێنرێت. کەتایی دەقەکە زیاتر رووناکی دەخاتە سەر بەئومێدبوونی ئەم لە ناونانی ئەو سووتانە. وەکو لە دوا بەشی دەقەکەدا دەبینرێت:
لە پەنجەرەی چاوەوانییەوە / دەوانینە ئەو رووبارانەی بە لاماندا تێدەپەڕن،/ ئاوەکمان لە نادەنەوە و گوڵە خشی ناپرژێنن / بەسەر گوێی ژاکاوی رووماناڵ/ لەو باندانە ورد دەبینەوە،/ سەرهەڵدەگرن،

روو دەکەنە چەپایی ئاسمان و/ جریوەیەکیش نابەخشنە چەوانیی خەیاڵمان./ چ بایەک دەتوانێ / ئەم دەسماڵە ڕەنگاوڕەنگانەی بیرەوەریمان / بنەتە لەرینەوە؟/ چ وەرزێک باخی تاسەو چاوەڕوانیمان دنەتە بەر؟/ چ مەمەک / تاریکیی حەوتساڵەی ڕەگای نەوانمان دەوەنەتەوە؟/

ئیستا منی قسەکەر بە ناوی خەیی و ئەوی بەرامبەریەوە قسەدەکات و بەردەوامە لەسەر وانیشاندانی ئەوەی کە بەیەکگەیشتوون و بوونەتە ئەم. ئەوەش لە ڕەگای بەکارهێنانی ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی کە-وە نیشان دەدات کە بریتیە لە (ن، ان، م-ان). بەڵام لەم بەشەدا کە دوا بەش و کۆتایی دەقەکەیە، ئەم بە بەئومێدیەوە دەڕوانێتە هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەریاندان، لە هەموو ئەو جوانەی لە دەوروبەریاندا ڕوودەدەن. هیچیان نە جوڵەیەک دەکەن لەبەرژەوەندی ئەمان بێت، نە هیچ بایەخێک بە ئەمان دەدەن. نەهیوایەک لەو شتانەدا دەدەزنەوە، نە تروسکەیەک بەدیدەکەن تاریکایی ڕەگایان ڕووناک بکاتەوە ئومێدەکی گەیشتن بە ئایندەیان پێبدات. ئەمان بە ئومێدو چاوەڕوانیەوە دەوانن ڕەگاکردنی ڕووبارەکان، بەڵام ڕووبارەکان ڕەگای خەیان دەکەن بەبێ ئەوەی هیچ بایەخێک بە ئەمان بدەن. تەنانەت ئەو باڵندانەشی کە بەرەو قوڵایی ئاسمان سەری خەیان هەڵدەگرن بە جریوەیەکیش شتێک لە چەواڕوانی خەیاڵی ئەماندا تەمار ناکەن.

سەرئەنجام ئەم لە بەئومێدیەکی قووڵەوە پرسیار دەکات، جۆرە پرسیارێک کە بە وشەی پرسیاری " چ" دەپرسێت. بەگومان لە وەاڵمدانەوەی ئەو پرسیارانەدا کە بە وشەی پرسی دەکرێن وەکو وشەکانی" کێ، کەی، لە کوێ، چون، چ، چی،.." لە وەاڵمدا چاوەڕوانی پێدانی زانیاری نوێ لەبارەی پرسیار لەبارەوە کراو دەکرێت. بەڵام لە پرسیارەکانی ئەمدا سەرباری ئەوەی بە وشەی پرسی " چ" کراون، چاوەڕوانی زانیاری نوێ ناکرێت، چونکە ئەو پێشخانەی پێش بەرزکردنەوەی پرسیارەکان ئامادەی کردووە، دنیایی لە وەاڵمی نەرێی پرسیارەکان دەکاتەوە. ئەو دەپرسێت: چ بایەک دەتوانێ ئەم دەسماڵە ڕەنگاوڕەنگانەی بیرەوەریمان بنەتە لەرینەوە؟ وەاڵمی چاوەڕوانکراو ئەوەیە کە هیچ بایەک ئەو توانایەی نییە. چ وەرزێک باخی تاسە و چاوەڕوانیمان دنەتە بەر؟ وەاڵمی چاوەڕوانکراو ئەوەیە کە هیچ وەرزێک ئەوە ناکات. چ مەمەک تاریکیی حەوتساڵەی ڕەگای نەوانمان دەوەنەتەوە؟ وەاڵمی چاوەڕوانکراو ئەوەیە کە هیچ مەمەک نییە ئەوە بکات.

ئەم باسی ئەوە دەکات کە جوڵەی هیچ کام لەو ڕەگەزانەی سروشت ئەو ناویان دەهێنێت لە بەرژەوەندی ئەمان نییەو هیچ شتێکی ئەم سروشتە

لەگەڵ خواست و ویست و خەیاڵەکانی ئەماندا ڕەک و سازاو و هاوهەڵوەستە نییە. ئەوەش ئەمانی خستووەتە گەشەی تەنیایی و دابڕانەوە، ئەویش ئەو دابڕان و تەنیاییەیە کە ئەم خەی لە دەستپێکی دەقەکەدا باسی دەکات، بەڵام دواتر تێی خەیاڵی فراوان دەکات و یەتەپیایەک دروست دەکات کە یەتەپیای کەتاییهاتنی دابڕان و بەیەکگەیشتنی ئەمانە، کە تا ئەو کاتەو دواتریش لە بری ئەمە بە من / تە باسی خەی و ئەوی بەرامبەر دەکات و وەکو ئاماژەمان بە کرد ئەوەش مانای نەگەیشتنە بە قۆناغی بەیەکگەیشتن. ڕاستە ئەم لە جوگرافیای یەتەپیاکەیدا باس لە بەیەکگەیشتنەکی تەواو دەکات، بەڵام مانەوە لە چوارچێوەی ئەو یەتەپیای بەیەکگەیشتنەدا بە هەتاهەتایە بەردەوام نابێت. هەر بۆیە لە کەتایی دەقەکەدا تەمی ئەو خەیاڵەی سنووری یەتەپیای بەیەکگەیشتنی چنیبوو، پەرش دەبێتەوەو ئەم دەگەڵتەوە بە ئەو بارە ڕاستەقینەو واقیعیەی کە تیایدایە، ئەویش باری تەنیای و دابڕانە. پەدەچێت ئەم لە خەیاڵدا بە دەربازبوون لە باری تەنیایی و دابڕان ئەوی دروستکردبێت و دیسان لە خەیاڵدا پەیوەندی عیشقی بنیادنابێت و بە ئەو عیشقە خەیاڵیەش سووتا بێت. دەشێت نەتوانینی ناونانی ئەو سووتانە کەدەرئەنجامی ئەو عیشقە خەیاڵی یان وەهمیە، بگەڕێتەوە بە نەبوونی ئەو عیشقە لە سەر زەمینەی واقیع. بەگومان ئەگەر ئەو عیشقە لە ڕاستیدا هەبێت، هیچ پەویستی بە شاردنەوەو بەوە نییە لەناوهەنانی بترسن، چونکە عیشق ڕاستیە، هەموو ڕاستیەکیش ڕووتەو ڕووپەشکراو نییەو بە ڕووپەش و دەمامک ناشارێتەوە.

کەواتە لێرەدا دەگەیین بەو ئەنجامەی کە ئەوەی لەم دەقەدا ناتوانرێت ناوبهێنرێت، یان ناوی لە بنرێت سووتانیک نییە کە دەرئەنجامی عەشقەکی ڕاستەقینە بێت، بەڵکو سووتانەکە دەرئەنجامی تەنیایی و گەشەگیری و ڕووپەشکردنی ئەو تەنیایی و گەشەگیرییەیە بە عیشقەکی لە خەیاڵدا دروستکراو بە مەعشوقەکی وەهمی. ئەوەی دەسووتێت ئەمی قسەکەرە، کە لە تەنیایی و دابڕاندا دەژی. ئەوەی دەیسووتێنێت نەتوانینی داننانە بە ڕاستی تەنیایی خەیداو هەوڵدانە بە شاردنەوەی ئەو تەنیاییە لە ژێر دەمامکی عەشقەکی لە خەیاڵدا دروستکراو.

دیکتاتۆریەت لە ئێران.. سەرهاوکێ لە کۆتایی!...
عەبدولڕەحمان گۆرکی

ئێران شۆنی دیکتاتۆریەتە نییە و خەڵکی ئێران خوازیاری حکوومەتکی نیشتمانی و جەماوەرین. ئەمە بنەمای خەبات بووە هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا و بەردی بناغەی حکومەتی داهاتووی ئێرانە. بناغەیەک کە هەموو چین و توێژە جیاجیاکانی خەڵکی ئێران، بە ئاماژەی نەتەوەیی و مەزهەبی و سیاسییەوە، لە ژێر چەترێک کۆدەکاتەوە.
ئەم بنەمایە هەرچەندە خەڵکی ئێرانی لە دەوروبەری خۆی یەکخستووە، بەڵام لە بەرەی بەرامبەردا، دەسەڵاتی دیکتاتۆریەت و پاشماوەکانی دیکتاتۆریەتی پێشوویشی لە یەکتر نزیک کردۆتەوە. ئێوان لەبەردەم خەڵکی ئێراندا ڕیزیان بەستووە و هەریەکەیان بە جۆرێک لە جۆرەکان، بەدوای مانەوەی سیستەمێکی دیکتاتۆری دا دەگەڕێن! یەکەمیان بە سەرکوت و لە سێدارەدان و کوشتن و تەقاندن و تیرۆر و تاوان و تاڵانکردن و ئێویتریان بە پشتیوانیکردنی ئێوەی یەکەمیان و لە ژێر دروشمی ئێپارتیسیۆن و دژایەتیکردنی درێژەنانی ئێوەی یەکەمیان! دەخەکی ئاڵۆزتر کردووە!
بەگومان هەکاری دیکەش هەن کە دەخەکیان ئاڵۆزتر کردووە. بەڵام ئەمە زەمینەی ڕاستەقینەی ئێو پشهاتانەیە کە لە ئێستادا لە پێوەند لەگەڵ ئێراندا ڕووددەن. لە ریزی پشەوەی خەباتی خەڵکی ئێراندا، ڕەکخراوەکی پشەنگ هەیە کە لە مێژە لە لایەن خەڵکەوە پاپشتی کراوە و ڕێی سەرکی گەڵاوە لە داشتنی خەڵاگریان و هەروەها پکهێنانی تاکە هێزی ڕکابەری ژەمی دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهی، واتا ئێنجوومەنی نیشتمانی موقاومەتی ئێران.
هەنگاوکی مێژوویی و گرنگ
ئەم ئەنجوومەنە لە هەنگاوکی مێژوویی و بوێنە و لەم دواییانەدا، ناوی زیاتر لە (33000) کارمەندی گرتووخانەکانی ژەمی ئێران و لەوان سەرڕك و ئێشکنجەدەر(بازجو) و مەئمووڕانی ئیتلاعات و جەبەجەکارانی سزای ئیعدام، لەگەڵ (22000) وێنەی بڵاو کردەوە که کاربەدەستانی ژەمی ئێرانی تووڕە کرد. بەگومان ئەم کارە، یەکەم هەنگاوی موقاومەتی ئێران نەبووە بە ئاشکراکردنی زانیاریەکانی ڕژەمی ئێران و پشتریش، موقاومەتی ئێران پرۆژە ئەتەمیەکانی

ڕێژیمی لە سەرانسەری جیهان لە قاودا، کە لایەن بەرپرسانی باڵای دەسەاتە زلهێزەکانی جیهانەوە پشتەاست کرایەوە و ئەگەر ئەو کاری نەکردبا، ئەوە ئێستا کەمگەی نەبوودەاتی لە دەخەکی زۆر بە ئازاردا دەبوو.
ئەنجووماەنی نیشتمانیی موقاومەاتی ئێران لە هەنگاوی ئەم دواییەیدا ڕایگەیاند: "ڕێکخەراوی زیندانەکان، یەکێکە لە ترسناکترین و تاوانبارترین ئۆرگانەکانی فاشیزمی ئایینیی دەسەاتدار لە ئێران تایبەت بە سەرکوت و ئێشکەنجە و ئێعدام". دوابەدوای نیگەرانییەکانی کەمگەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە (٦٨)هەمین بەیارنامەی خۆیدا، کە لە ٢٥ی سەرماوەزی ڕابردووەدا پێشلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێرانی شەرمەزار کردبوو، "بەرپرسی ئەنجووماەن داوای لە لێژنەی ئاسایش و دژەتیرۆر کرد تا ڕاستییەکانی تایبەت بە دادوەریی رژێم لە ئێران و بە تایبەت ئەوەی لە ناو زیندانەکانی رژێم لە ئاەدایە، کەبکرێنەوە و بخرێنە بەردەستی خێزانەک و نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نەوودەاتییەکانی مافی مرۆڤ بە ئەوەی جیهان بزانێت لە ئێران چ ڕووەدات".
لەم ئاشکراکردنەکەدا، ناوی (١١٦٩) کەس لە ئەندامان و بەرپرسانی ڕێکخراوی دادوەریی ویلایەتی فەقیهی و لەوانە لیستی ناوی (223) بەرپرس و سەرکردە، پیاوکوژانی ئیتلاعات و جەبەجەکاری سزاکان، وەک کارناس، ئەندامانی بارەگای ناوەندی و ژمارە تەلەفونەکانیان و ژمارەی تەلەفۆنی ناوخۆیی و ژمارەی فاکس و (100) وێنەیەکی دەزگای دادوەری ڕژێم لە (23) پارێزگای ئێران و هەروەها ناوی (2273) زیندانیی سیاسی و عەقیدەتی لە دەزگای دادوەریی رژێم، لە قاو دراوە.
نموونەیەک لە لیستەکی "زێر نهێنی"، کە ناوی زیندانیانی ئاپێینی خەکی ئێران دژ بە حکووماەتی لە خە گرتووە، بەشێکە لەو هەنگاوە و بەو پێیە، جگە لەو (267) زیندان و گرتووخانە و ئوردوگا و ناوەندی چاکسازیی سەر بە ڕێکخراوی زیندانەکانی رژێم لە مانگی پووشپەڕی ساڵی 2020 (1399)، هەزی ئینتیزامی (159) گرتووخانە و وەزارەتی ئیتلاعات (147) ناوەندی دەستبەسەرکردنی جیای هەبووە.
بەپێی ئاماری نووسینگەی زیندانەکان، (5197) کەس لە ژێر سزای لەسەدارەداندان. لە ساڵی ١٣٩٩دا (107) کەس سزای بینەوەی ئەندام و (51) کەس سزای بڕدبارانکردنیان بە دەرکراوە و (60) کەسیان، کە سزای لەسەدارەدانیان بە دەرکراوە تەمەنیان لە ژێر ١٨ ساڵیدایە.(5370) کەس کە سزای ئیعدامیان بە دەرکراوە کەسانێکن کە بابەتی سیاسی تێکەڵ بە پەستی تاوانی ئاسایی کراوە.
ئەنجووماەنی نیشتمانیی موقاومەت لە بەاوکردنەوەی ئەم

زانیارییان‌دا ئاماژە بۆ دەکات کە لە ئێستادا زیاتر لە (48000) زیندانی هەن کە بریاریان بە دەرنەکراوە و(بلاتکلیف)ن و (5398) کەسی بیانیش زیندانی کراون کە شارومەندی وڵاتانیترن.
لەم ئاشکراکردنەدا لیستی (12) ملیۆن زیندانی هاتووە لە ئاپڕڕی (85) کەسی ئێرانیدا. (لە 30ی خەرمانانی ١٩٨١ەوە تا 16ی بانەمەڕی 2022) کە (٥٧٩٠١٥) کەسیان لە ژنان پێکهاتوون. تاوانی دەستنیشانکراوی (8762) زیندانی لە مانگی بەفرانباری 2017 بەدواوە، بریتی بووە لە: سووکایەتیکردن بە وڵی فەقێ، بڵاوکردنەوەی بۆچوونی هەڵە، سووتاندن و لەناوبردنی لافیتە (بانەر) و تابلۆی (بیلبۆرد) دەزگاکانی حکومەت و وێنەی سەرانی گەڵ.
بەپێی "ڕاپۆرتێکی نەتەنی و بڵاونەکراوە" کە لە مانگی خەرمانانی 2015 تەنیا بە ئەندامانی کابینەی "حەسەن ڕوحانی" ئامادەکراوە، "ساڵانە نزیکەی (600) هەزار کەس دەخرێنە بەندیخانەکانەوە" و "(2) ملیۆن و (400) هەزار خێزان تووشی کێشەی زۆری دەبنەوە". لەم ئاشکراکردنەدا دوایین خشتەی کەدکراوی (325) زیندان و گرتووخانەی سەر بە هێکخراوی زیندانەکان لە دەسەڵاتی دادوەریی رژێم لە 31 پارێزگادا ڕاگەیەندراوە.
وەرزی هەڵمەتی خێک بە سەر دەسەڵاتی دیکتاتۆریەت!
لە وەرزی هەڵمەت بە سەر دیکتاتۆریەتی ئایینیی دەسەڵاتداری ئێران و دەنگدانەوەی دروشمی ڕووخاندن لە ئێران و دەستبەسەرداگرتنی کێش و هەوای شارەکان و هاوکات لەگەڵ ئەمەیش، ئاشکراکردنەکانی موقاومەتی ئێران، هێژ نییە یەکینەکانی شۆڕش و لایەنگرانی موقاومەت لە سەرتاسەری ئێراندا دەست بەسەر تەڵ و و کامەراکانی کۆنتڕۆڵکردندا نەگرن.
لە ڕۆژی 12ی خەرمانانی ئەمساڵ و لە سەروبەندی ساڵیادنی مردنی (خومەینی)دا، شانەکانی شۆڕش لە ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراواندا، دەستیان گرت بە سەر کامەراکانی چاودێریکردن لە شارەوانیی تاران و دەزگای "تارانی من" و کامەراکانی چاودێریکردن بەسەر گۆڕی (خومەینی)ەوە و هەروەها بارەگای ئیبراهیم ڕەئیسی (ناسراو بە جەلادی67)، وەزارەتی ئیتلاعات، سوپای پاسداران و هێزی سەرکوتکەری ئینتزامی و گەستانی(بەهەشتی زەهرا) کە بە گشتی (5138) کامەرای چاودێریکردنن.
ئەگەرچی ئەم کامەرایانە لەژێر کۆنترۆڵی شارەوانی تاراندا بوون، بەڵام لە ڕاستیدا لە خزمەت (بیتولعەنکەبوت)ی وەلی فەقیهی، واتا عەلی خامنەیی و ئیبراهیم ڕەئیسی (سەرکەماری رژێم) و سوپای پاسداران و دەزگای سەرکیی سەرکوتکردنن لە ئێران.

ەاپۆینی سەرتاسەری خەڵکی ئێران لە سەرەتای بەهاری ئەمساڵەوە بە هەی بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک دەستی پێکرد و بە هووخانی بینای مەترپۆل لە ئابادان، و ئاشکرابوونی ەەی سوپای پاسدارانی خامنەیی لەم تاوانەدا گەیشتە لوتکە.
ئەم ئۆپراسیۆنە لەبەر ئەوە زەر گرنگە کە لە گەرماوگەرمی ئەم ەاپۆینەدا رووی دا و هاوکاتە لەگەڵ ساڵیادی مەرگی (خومەینی) و هەروەها ئامادەباشیی هێزەکانی حکومەت، کە لە ەاستیدا گورزێکی قورسە بە سەر پێکهێنەری سانسەر و سەرکوتی دەسەاتی ئاخوندی.
خەڵکی ئێران بەسەر دیکتاتۆریەدا سەردەکەوێت!
لە دەخێکی وەها گرینگ و چارەنووسسازدایە کە پاشماوەکانی ڕژێمی (محەممەدەزا شای پەهلەوی) لەگەڵ ەەژیمی دەسەاتداری ئێراندا هاودەنگن و بە وتەی ەەبەری شەڕشی ئێران، بەەەز مەسعود ەەجەوی "شا و ئاخوند دەیانەوێت بەسەر خەڵکدا فەڕز بکەن کە ئەوە غەەەتتان کرد شەشتان کرد دژ بە ڕژێمی شا!". بیرەکەی شەڕش و ڕووخاندنی دیکتاتۆریەت و وابەستەیی لە مشکدا بسڕنەوە!.. ەابردوو ڕەیشت و پەند لەم کارەتان وەربگرن و بە عەلی خامنەیی و ڕژێمی ستەمکاری رازی بن. دوور بکەونەوە لە شەڕش و بیری لێناوبردنی دەسەاتی ئاخوندی و سووتاندنی هەماکانی بخەنە لاوە. لە حەسرەتی ەابردووداو بسووتێن و لەگەڵ دەسەاتی ئێستادا بسازێن، بەەام سەیری داهاتوو مەکەن." بەەەز مەسعود ەەجەوی وتیشی کە نەوەی ئێمە "لەژێر ئاەای نە شەخ (واتا ئاخوند) و نە شا بە ئازادی خۆشا و دەستی بە چەک برد و چەکی هەڵگرت و بەرخۆدانی هەڕبژارد" و وتیشی: "هیچ هێزێک لە جیهاندا ناتوانێت پێش بە ەاپۆین و سەرکەوتنی خەڵکی ئێراندا بگرێت". "
بە ئاوەدانەوە لە ڕووداوەکانی چەند مانگی ەابردووداو، ئەو ەاستیە دەردەکەوێت کە لە نێوان دوو بەرەی دژ بەیەکدا، شەڕشکی قورس لە ئێران لە ئاەادایە. لە لایەک، هێزەکانی دوو دیکتاتۆری شا و ئاخوندان و پشتیوانانی کەلەنیالیستیان، کە ڕووی ئاشکرایان، دوژمنایەتیکردنە بەرانبەر بە سەروەری نەتەوەیی و جەماوەری و، لە لایەکی دیکەوە، موقاومەت و خەڵکی ئێران، کە بە دڕووشمی "نا بە شا و نا بە شەخ" بەیاریان داوە ئەم دیکتاتۆریەتەی ئێستایش فەی بدەنە زبڵدانی مێژووەوە و خواست و ویست خەیان بخەنە سەر کورسی، و ئێران بخەنەوە سەر جیگەی ڕاستەقینەی خۆی لە کەمەگەی نەوەوەتیدا. وەک دیمەنێک کە مانگی جەژەردانی ئەمسالدا بینیمان کە گەیشتە لووتکەی خۆی!
کەتایی

عەبدولڕەحمان گەورکی
نووسەر و لێکۆڵەری سیاسی

سێ شیعری بێناونەکراوەی جەلالی میرزا کەریم

لە ئازی دووری

وەك ئەو گوڵەم
خەریکی سیسبوون و هەڵوەرینم
لە چلەی هاوینا
تینووی یەك تنوکە ئاوم
ئارەزووی دیتنت ئەکەم
ئەی ئەوگیانەی
بەهاتنت!
بیابانی هەڵقرچاوی گەرمی ژینم
ئەکەیتەوە وەرزی بەهار.
***
من لە خۆزگەی بینینیەوە تا
ئوقرە و ئارامم لەبەر هەڵگیراوە
کەچی ژیلەی دوورکەوتنەوەت
جارێکی تر بەبای نائومێدی
گەش ئەبێتەوە و ئەبێتە پشکۆ
بە یادگارا ئەچڕێ
بەڕووی خەماویما ئەپژڕێ
ناچار هەمدیس
وەك جارانم
لەگەڵ یادا، ئەبمە هاوڕەم
شەو و ڕۆژم
هەر خەمە و خەم.
***
بەڕام تیشکی یەك تۆز بێوا

هەمیشە ئەمەنێ و ئەمبا
بۆ خولیایەك
بۆ دنیایی بۆوایەك
كە نەك ئێستا.. بگرە سبەی
گیانە! ئەبێ هەر پێم بگەی.
***
باخڕ هەبێ
گوڵەی باخمان بپشكوێ
ئەو ساكە بەیەكترئەگەین
جوانی سروشت تڕ ماچ ئەكەین
بەستەی زیندووی دڵمان ئەڵێین
بەرەو بەهەشت هەنگاو ئەنێین.
1968

-_____

نەمری خڕ

نازانم بۆ؟
خڕ پیرنابێ، قەت نامرێ
بۆچی تیشكە زێینەكانی كزنابێ
ناكوژێتەوە..
بۆچی هەردەم..
بەری ئاسۆش بگیرێ بەتەم
ئەم هەر هەڵدێ
بۆچی ئەگەر
سەراپای زەوی.. بەرگی ڕەشی پۆشیبێ؟
چیا تاریك
گۆماو لیتە
گوێ تەزیوی ژڕ بەفربێ
خڕ هەر هەڵدێ
بۆچی ئەگەر، ئێمەی مرۆڤ
بگرین.. بگرین
فرمێسك لەچاومان قەت نەسڕین
كەچی هێشتا خڕ
وەكو جارانی هەر هەڵدێ
بۆچی منا
گەورە ئەبێ و بەساڵا ئەچێ و پیر ئەبێ

کانی ئەتەق و دواجاریش وشك ئەبێ
هەموو شتێ ئەبێ و ئەمرێ
کەچی خۆر هەتادوایی..
تاکۆتایی
ئاوابوونی بۆ نییە و هەرهەدێ.
***
ئەگەر ئەمڕۆ لەلای ئێمە
لەبەر چاومان ون بێ.. ئاوابێ
لای خەڵکی تر
تازە هەدێ
بەشێك لەم زەویە جێ دڕۆ
نەء، بەشێکی ئەم زەویە
ئەو جێ دڕۆ
ئەگینا ئەو تیشکی گەشی
ئاوابوونی قەت بۆ نییە
تاسەر ئەژی
کوژانەوەشی بۆ نییە.
***
نهێنی ئەم نەمریەی خۆر
لەوەدایە نەجووڵاوی جێی خۆیەتی
بەندی تەم و پەڵەی هەوری چۆکن نییە
خولیای بیری ڕەشی ونبوون نییە.
***
ئێمەش!
ئەگەر وەك خۆر
بیری گەشمان
نەجووڵاوی جێگای خۆی بێ
گەر سەربەست بین
بابشمرین
مانای پیربوون قەت نازانین
هەست ئەکەین و باش ئەزانین
مایەی ڕاستیی ژیانین.
1958

هاوارێك

ئەی دەنگی کپکراوی دەروون!
بۆرە جووڵە..
ئەی یادی ماتەمینی ڕۆژگاری بەسەرچوو
ژیلەی خامۆشی ئەمڕۆم بۆنەرە وروژم
ئەی ئاوازی خەمناکی ڕابوردوو
ئەی گیانی تاساوی مردوو
بۆنە جۆشی پڕ لە سۆز، بەستەی زیندوو
ئەی چاوی نوستوو
تۆش پڕووی نیشتوو
ئەی لەشی ماندوو
جووڵەیەك! تەزوو!
بام بەسەرچڕ، دونیا.. ڕابوردوو
ئەمڕۆ و سبەینێ مەبەستە
سبەینێیی پڕ خۆزگە و بەستە.
***
ئەی ئادەمیزاد..
تۆی خوڵقێنەر،
خوڵقێنەری خەمناکی خەست
خوڵقێنەری دنیای شادی
هێنانەدی خواست و مەبەست
تۆی بزە و گریان
تۆی مەرگ و ژیان.
***
سەرم سوڕماوە لەئادەمیزاد
لە قوڕپی گریانی
منی ئادەمیزاد.. سەرم سوڕماوە
لە خۆم.. گریانم
لەوەی جار و بار شاد، کامەرانم.
***
سەرم سوڕماوە
بەڵام.. وتەیەك.. سۆزێك.. هاوارێك
لەناخی دڵا.. واهاتە جۆش
هاتە بزوان
بەرەو ڕشتنی شەپۆلی دووان
دەی ڕەهێڵە..
بام سەراپای ئەم ڕۆگا وڕێە
بڕیتە چراخان

بەرەو مەبەندی پڕ شادی ژیان.
***
بادوور بڕۆین
دوورتر لەخۆر
بام خەمناکی بەجێ بهێڵین
بام ئاگری دەر بشکێلین
دوور .. دوور بڕۆین
بەسە ئیتر، بام خەم نەخۆین
بەرەو مەبەندی شادی ژین
هەنگاوبنێین.. بڕۆین.. بڕۆین..
1958

تێبینی:
لە 26/5/2022 لە سلێمانی دەفتەرێکی کۆچکردووم لە خوشکی جەلالی میرزا کەریم، ڕووناك خان، بەچاوڕوونی: (ئاری قادر میرزا کەریم، سەرخۆش سیروان نەورۆزی) وەرگرتووە، چەند شیعرێکی بەناونەکراوەی تێدایە. ناوە ناوە بەناویان دەکەمەوە.
سەباح هەنجەر

ئایا لە ئێراندا کۆماری سۆسیالیستی مومکینە؟..حەمید تەقوایی .. وەرگێڕانی لەفارسیەوە: کاوە عومەر

لەسەر بنەمای چاوپێکەوتن لەگەڵ کەناڵی نوێ کەکراوەتەوە.
خەلیل کەیوان: جەری حکوومەتی داهاتوو و بەدیلێکی گونجاوی دوای کۆماری ئیسلامی ماوەیەکی زۆرە تاوتوێ کراوە، چەپ و ڕاست هەریەکەیان بەدیل و پێکهاتە سیاسییەکانی خۆیان بە خواستراو و گونجاو و مومکین دەزانن. با بزانین پێگەی چەپ و ڕاست و بەدیلە سیاسیەکان لە کەمەندگادا چۆنە و چانسی سەرکەوتنی هەریەکەیان چۆنە.

با ئەم پرسیارە لەگەڵ حەمید تەقوایی بخەینەڕوو.

حەمید تەقوایی: لە ساڵانی پاش هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت لە کۆتایی نەوەدەکاندا ڕووبەڕووی هات وهاواری کۆتایی مێژوو و شکستی سۆسیالیزم و کۆتایی کۆمۆنیزم بووینەوە. بەڵام ئەوە لە چەند ساڵێک زیاتری نەخایاند تا ئەو هەراوزەنایە کەم بووەوە و دیسان هێز چەپ و کۆمۆنیستەکان لە وەاتە جەربەجەرەکان، لە ئەمریکاوە تا ئەوروپا، بوونە یاریزانی گرنگ لە سیاسەتی ئەو وەاتانەدا. چۆن هەڵدەسەنگێنی دەخی نەودەوەتی چەپ و ڕاستی ئەمڕۆ، دوای سی ساڵ لە ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت؟

حەمید تەقوایی: وەک ئاماژەتان پێدا ئەم هات وهاوارە لە چەند ساڵێک زیاتری نەخایاند و لەم دەیان ساڵەی دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت شتگەلێک لە جیهاندا ڕوویان دا کە بە تەواوی ئەو پێشبینی و هەڵسەنگاندنانەی ئەمە بە گەمانەوەی چەپ و کۆمۆنیزمی ڕاستەقینە، کەهەر لە هەمان کاتی بارودۆخی دوای یەکێتی سۆڤیەتدا هەمان بوو پێسندو. پشتڕاست کردەوە .

لە لایەکەوە تیئۆرێکی گرنگ کە حکومەت و بیرمەندانی ئەردوگای ڕۆژئاوا لەو سەردەمەدا خرایەڕوو، ئەوە بوو کە ململانێی چینایەتی کۆتایی هاتووە. بەڵام فۆکویاما ئەم تێزەی هەبوو. باسی کۆتایی مێژووی کرد و پێی وابوو لەمودوا جیهان دەبێتە بەهەشت و لە هەموو شوێنێک ئاشتی و ئارامی و پێکەوەژیان دەبێت. وا دیارە ڕەگ و ڕیشەی هەموو کێشەکانی جیهان بوونی یەکێتی سۆڤیەت بێت و دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و گەمارۆی هەموو کێشەکان چارەسەر دەبن. بەڵام هەر زوو ئەوە ڕوون بووەوە کە نەک هەر ئاشتی و ئارامی لە ئارادا نییە، بەڵکو جیهانی دوای جەنگی سارد بە خراپی کۆتێتە ناو بۆگەناوەکەوە کە تەنانەت بە خەیاڵیشدا نەدەکرا. لە هەمان کاتدا لەگەڵ ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، حکومەتی ئەمریکا هێرشی کردە سەر عێراق. ئەم شەڕە کە بە جەنگی کەنداو ناسرا، سەرەتای کارەساتێک بوو لە ناوچەکەدا، کە تا ئێستاش ئەنجام و کاریگەرییەکانی دەبینن. لە هەمان کاتدا شەپۆلی دراوسێیەتی لە یوگسلاڤیا ڕوویدا و ناڕەزایی خەڵکی ئازادیخوازی جیهانی وروژاند. دوابەدوای ئەو ڕووداوانە بینیمان لە دوو ئاستدا، یەکەکیان لە ئاستی تیۆری و حزب و مەیلی سیاسیدا، ئەوی دیکەیان لە ئاستی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ململانێی مەیدانی و شەقامدا، جیهان زیاتر و زیاتر چەپ و ڕادیکاڵ بوو. لە ڕیفراندۆمەکدا کە لە ساڵی ٢٠٠٠ لە ئەوروپا بەڕێوەچوو، مارکس وەک بەناوبانگترین پیاوی هەزارە هەڵبژێردرا. لە کاتی قەیران یان دامانی ئابووری ساڵی ٢٠٠٨ جارێکی دیکە تیۆری مارکس

بە سەرمایەی خەیاڵی ناسێندرا و دەزرایەوە و لەلایەن خوێنڕەوە پێشوازی لێکرا. لە ساڵانی ٢٠٠١و ٢٠٠٢ بزووتنەوەیەکی گەورەی دژە جەنگمان هەبوو کە ناڕازایەتیمان دەربڕی بەرامبەر بە لەشکرکێشی ئەفغانستان و عێراق. پاشان بزووتنەوەی دەستبەسەرداگرتنی ناسراو بە ((occupy Wall Street هەبوو، کە لە مەیدان و لەسەر شەقامەکان لە زەرەک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە دروشمی زەر رادیکاڵەوە، لەنەویاندا دروشمی ٩٩٪ بەرامبەر ١٪، کێش و هەوای سیاسی بەتەواوی لە بەرژەوەندی چەپ گۆڕی. لە هەمان کاتدا شاهیدی شۆڕشگانی ناوبراو بە بەهاری عەرەبی بووین، کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەنجامەکانی چی بوون و سەرکەوتوو نەبوون یان سەرکەوتوو نەبوون، ئاماژە بوون بۆ وەرچەرخان بۆ لای چەپی ناڕازایەتی و مەیل و ئایدیا سیاسییەکان لە سەرانسەری جیهاندا. دەموکڕات بەڵم ئەو خەباتە چینایەتیەی کە زانیانی سەرمایەداری کۆتایی پێهاتنیان ڕادەگەیاند، لە خودی خۆرئاوا و لە ئەوروپا و ئەمریکا و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەسەر ئاستێکی گەورەترو فراوانتر بوو، و نیشانی دا کە جیهان خێریکە زیاتر و… زیاتر بەرەو ووبەووو بونەوەی 99% لەگەڵ لەسەدا ١٪ سەرمایەدارەکان و حکومەتکانیان دەڕوات.

لە ئاستی حیزب و هێزدا بینیمان کە پارتە چەپەکان لە یۆنان و لە ئیسپانیا و بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمریکا و لەم دواییانەشدا لە شیلی جەماوەری بوون. لە ئەمریکا کە بە شێوەیەکی نەریتی چەپ و سۆسیالیزم تابە بوون و هەرکەسێک تەنانەت خۆی بە سۆسیالیزمەوە گرێ بدات، دەنگی خۆی لەدەست دەدا و لە سیاسەتدا گۆشەگیر و پەراوێز دەخرێت، بە پێچەوانەی کەسێکی وەک بەرنی ساندرز کە بە ووونی لە هەڵبژاردنەکەدا ڕایگەیاندبوو کە سۆسیالیستە. بوو بە بەناوبانگترین کەسایەتی سیاسی ئەمریکا. بەدەر لەوەی کە ئەو سۆسیالیزمەی کە دەڵێن چەندە واقیعی یان رادیکاڵە، گرنگە لە سەردەمی ماکارتی لە ئەمریکاوە تەنانەت ناونانی سۆشیالیزم گوناهێکی گەورە و تابە بوو، تەنانەت هیچ سیاسەتمەدارێک نەیدەتوانی بە خۆی ناوی سۆشیالیزم ناوببات. لە کۆمەڵگایەکی وادا سیاسەتمەدار خۆی وەک سۆسیالیست دەناسێنێت و زەرترین جەماوەریش بەدەست دەهێنێت. یان پارتێکی وەک پۆدیمۆس لە ئیسپانیا گۆشەدەکات. یان ئەمەڕ لە هەڵبژاردنەکانی فەڕەنسادا ئەو حزب و چەپی ڕادیکاڵەی کە پێیان دەوترێت فەڕەنسای نەدەڕاو، لە خولی یەکەمدا دەنگێکی تاڕادەیەك بەرز بەدەست ئەهێنن و بە جیاوازیەکی کەم لە سێیەم دەبن. بگومان ئاستەوەی تونديڕەویش چالاک بووە و بەرەو لوتکەی شاندی ترەمپ لە ئەمریکا یان پارتی لەپێن لە فەرەنسا بەرز

بووەتەوە، بەڵام ئەم نەرمی کەمەگاکانە لە کاتی قەیرانی ئابووریدا. ئەوەی بە ناباو دادەنرا یان حساب دەکرا، بە تایبەت لە سەردەمی دوای سۆڤیەتدا، سەرهەڵدانی چەپەکانە لەم دەخەدا.
هەموو ئەم هەوتانە نیشانەی هەگەمانەو و نامازیبوونی قوڵی خەڵکی ئەم وڵاتانەن لە دەخی ئێستا و بەناوبانگکردنی تەواوەتی بیرکە و بەنەکانی نەزمی نوێی دوای سۆڤیەت. هەموو ئەمانە ئەوە دەردەخەن کە هەوتی جیهان لە سی و یەک سانی دوای هووخانی یەکێتی سۆڤیەت گەڵاوە بە ئایدیا و ئامانجی چەپ، چ لە مەیدان و چ لەسەر شەقام و چ لەسەر ئاستی حیزب و کۆسایەتی ، بە تایبەت لە نێو نەوەی گەنجدا.. هەوادارانی زیاتر بدەرەوە.

خەلیل کەیوان: با دەخی نەودەوەتی چەپ و ڕاست بەجێبهێڵین و مامەڵە لەگەڵ دەخی ئێراندا بکەین. پەگەی چەپ و ڕاست لە ئێران چییە؟ زەربەی هەرە ڕاستەوەکان و میدیاکانیان ئەو باوەڕە لە کەمەگادا پەمپ دەکەن کە دەستوورەکی پاشایەتی باشترین شانسی هەیە بۆ ئەوەی ببێتە بەدیلێک بۆ کۆماری ئیسلامی. لەم دواییانەدا هێنگە ئاگاداربن کە ڕاپرسییەک کە لایەن دامەزراوەیەکی ڕاستەوەوە ئەنجامدراوە دەریدەخات کە سیستەمی دەستووری پاشایەتی زۆر لە پێش بەدیلەکانی دیکەوەیە، کە تێیدا بەدیلی سیاسیستی تەنیا لەسەدا دوو لایەنگری هەیە. بیرکەی تە چیە لەم بارەیەوە؟
حەمید تەقوایی: سەرەتا تا ئەو شوێنەی کە پەی دەوترێت ڕاپرسی، دەبە بەم کە ئەم لە ڕاستیدا بەشکە لە پەوپاگەندەی ڕاستەو و میدیاکان کە دەیانەوێت بەدیلی ڕاستەو لە ئێراندا بنیات بنێن و پێشی بخەن. لەم ڕاپرسییەدا هووەن نییە کە پرسیارەکە لە کە کراوە، خودی پرسیارەکان چەن دانراون، ئەنجامە ئاماریەکان یان حیسابایەکانی ئەم ڕاپرسییە چەن ئەنجامدراون و هتد. هیچ کام لەمانە نازانرێت. ڕاپرسییەکی ڕاستەقینە کاتێک هووەدات کە سەمانگ مەوداێت بدرێت بە کەمەگا بە ئەوەی هەگە بە هەموو پارتەکان بدات بە حزبی کەمەنیستی کرێکاری و حیزبە چەپەکانی تر تا ئازادانە قسە بکەن و قسەی خەیان هەبێت، دواتر بەدوای ڕای خەڵکدا بگەڕێن. ئەنجامی ڕاپرسییەکی لەو جۆرە ڕاستەقینە و جێی متمانە دەبێت.
ئەگەر تەنیا گرنگی بە میدیای ڕاستەو بدرێت، میدیای فارسی زمان، کە زۆربەیان دەیانەوێت پاشایەتییەکان بخەنگەڕێنەوە و بۆچوونێکی ببەن یان تەکەنیەکی لەمانە تا دوێنە و ئەمڕۆ، بە شێوەیەکی سروشتی دەگەیتە هەمان ئەنجام کە بانگەشەی بۆ دەکەن. بەڵام ئەم فەزایە ڕاستەقینە نییە. بە زانینی کەش و هەوای ڕاستەقینە، پێویستە مرۆڤ شۆک و ناڕەزایی دەربڕێت لە بزووتنەوەکانی ناو خودی ئێران، لە

